

# لە چاوەڕوانی سازان، یان دەرچوون لە قەیران؟



سەرۆ قادر
بۆ گوڵانی نووسیوە

هەرێمی کوردستان، پشتی لە هەموو هەڕەشەکان کردووە و سەرکردەکانی سەرقاڵی کێشەیەکن کە کۆتاییەکەی هیچە! داعش چەند کیلۆمەترێك لە شارە گەورەکانمان دوورە. وڵاتانی دەوروبەر دەستیان هێناوەتە ناو کێشەکان (ئەگەر خولقێنەری نەبن!). باری ئابووری هەروا خراپ دەبێت (سەرکردەی حزبەکان دوعا دەکەن خراپتر بێت). بیانووی ئەم قەیرانە چەسپاندنی دیموکراسییە لە وڵاتێکدا نە دەوڵەتی هەیە و نە سەروەری خۆیەتی تا نیزامێکی دیموکرات بۆ سیستەمی سیاسی دروست بکات. لە کوردستاندا دەستاودەستکردنی دەسەڵات ئێستا لە ئەولەوییەتدا نییە، چونکە هەڵمی هەناسەی دوژمن دەمانگاتێ. ئینجا سەرکردەی ئەو حزبانەی دەستاودەست دەخوازن، نەك هەر واقیعبین نین، بەڵکو بە کردەوە و بە باوەڕ، چەند قۆناغەڕێ لەو ئامانجە دوور و جیاوازن. پەرێزی ئەوانە تا ئێستاش شاهیدی باوەڕبوونیان بە دیموکراسی بۆ نادات. کەواتە کێشەکە لە سەر خواستێکی دیکەیە. ئەو خواستەیان دوورخستنەوە و ڕووخاندنی بارزانی -یە.

وڵاتی ئێمە وەك خاك، ساڵێکە لە دەستی کوردستانیاندایە، بەڵام سەربەخۆ و خاوەنی چارەنووسی خۆی نییە. لە هەر تێکچوونێکی پارسەنگی سوپایی و سیاسیدا، تەفروتونا دەبین. وڵاتانی داگیرکاری کوردستان لە دەوروبەرمان، دەیانەوێت لەم قۆناغە یەکلاییکەرەوەدا، هیچ نیزام و دەسەڵاتێکی دەستڕۆیشتوو لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت. بۆیە شیعاری "قەی چی ئەکات با سەرۆکمان نەبێت" بە حزبە دۆستەکانیان بەرز کردۆتەوە. بە پێچەوانەی ئەوانەوە، بارزانی و هاوپەیمانەکانی، دەزانن کورد لە کێبەرکێیەکی مێژووییدایە لەگەڵ زەمان و ڕووداوەکان. ئەگەر مافی سەربەخۆیی لەدەست بدەین، ئیدی بە درێژایی سەدەی بیست و یەك، بندەست دەمێنینەوە. کورد لە بەرامبەر ئەرکی مێژوویی خۆیدایە. لێرەدا پێویستە بارزانی پشتیوانی بکرێت تا لە قۆناغەکە



دەردەچین. ئەگینا مەبەست سەرۆکایەتی هەرێم نییە. من پێموایە ئەگەر ئەو پۆستە ئامانج بوایە، بارزانی ئەوە تێدەگات کە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی خۆی، دەبێ یەکێکی دیکە لە حزبەکەی خۆی کاندید بکات (دەشیکرد).

بەو تێگەیشتنە لە خواستی بارزانی، لە بەردەوامی کردنیدا لە سەرۆکایەتی وڵات، دەردەکەوێت مەترسییەك بە ناوی دیکتاتۆری وجودی نییە. دوای سەربەخۆیی، ئەوە دەسترەشی و سەلەفییەت و توندڕۆیی دینی و ئایدیۆلۆژیی عەبەسییەتە کە وەك هەڕەشە، لەوانەیە ببنە لەمپەر لە پێش مەدەنییەت و دیموکراسی. ئەویش ئەو کات بیری لێ دەکرێتەوە.

یەکڕیزیی نیشتمانی، لە پێشەوەی هەموو خواستێکی دیکەیە، چونکە هەڕەشەیەك لە سەرمانە کە ڕەش و سپی پێکەوە لەناو دەبات. فرسەتێکمان لە پێشە ئەگەر وریا نەبین، بە یەك جار لەدەست هەمووان دەچێت. حیکمەتی یەکڕیزبوونمان لەوەدایە. پێویستە حکومەتی کوردستان بەهێزتر بکرێت، داوای لێبکرێت تواناکانی خۆی کۆبکاتەوە، سامانی وڵات بپارێزێت تا گەلەکەمان لە بەڵای بەردەرگا، دوور بکەوێتەوە. لە گەندەڵی و دژایەتیکردنی دامودەزگای هاوچەرخدا، هەموو حزبەکان بەشدارن، کەسیان لەوی دیکە باشتر نییە. تەنیا دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویيان جیاوازە. بۆیە بەرزکردنەوەی ئەو شیعارە (گەندەڵی) وەك شیعاری سەرەکی، چاوی گەل بەستن وماڵی خۆ وێرانکردنە. جیهانی مەدەنی، بەرخۆدان و پاراستنی وڵاتیان لە کورد دەوێت، داوای دیموکراسی خاڵسی لێ ناکەن. هەڵبەت ئەم قسەیەم بۆ پەنادانی گەندەڵی و نەبوونی دامودەزگا نییە. وەك پەندە کوردییەکە دەڵێ: «ئەگەر گاڕانیان بە خڕی برد، ناتوانی لە گۆلکە سوورەکەت بپێچییەوە!»

بۆیە من پێموایە پێویستە سەرۆك بارزانی، بیر لە دەرچوونێکی بەهێز و خێرای وڵاتەکەمان لەم قەیرانە بکاتەوە. ڕاوێژیی یاساناسە شارەزاکانی کوردستان (ژمارەیان زۆر نییە) وەربگرێت و دۆخەکە یەکلایی بکاتەوە. ئەو یەکلایی کردنەوەیە لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی و پاراستنی گیان و خاکی هاونیشتمانیان بێت. ئەولەوییەت لەوەدایە نەك لە کات بە فیڕۆدان و وەخت کوشتن. پێویستە وڵات نەگاتە قۆناغێك کە ئیدی کەس دان بە کەسی تردا نەنێت. سەرۆك کارە سەرۆکایەتییە چاوەڕوان لێکراوەکەی بکات. میللەتان بۆ ڕزگاری سەرۆکیان پێویستە تا ئیرادەیان یەکبخات، نەك مەکۆی عەبەسییەتی کات بەفیڕۆدەر کە چارەنووس بەرباد دەدات. زۆرینە و کەمینە بۆتە یارییەکی ترسناك کە ئیرادەی دەرەکی و دژ، دەستەکانی ناوخۆ دەجووڵێنیت. لە ناوە و دەرەوەی پەرلەمان، دژی هاوپەیمانانی کوردستان، بەتایبەتی ئەمریکا، بریتانی و نەتەوە یەکگرتووەکان. قسە دەکرێت و تانەیان لێ دەدەن، کەچی نوێنەری ئێران دێننە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەیکەنە چاودێری یەکلایی کردنەوەی نەهێشتنی هیچ سەرۆکێك بۆ کوردستان! ئیدی یارییەکە قێزەوەن بووە.

بۆیە ئەگەر سەرکردەی حزبەکان، بە خێرایی لە بەرژەوەندی یەکڕیزی و چارەنووسی گەل و نیشتمان ڕەفتار نەکەن، سەرۆك با بۆ مێژووی خەباتی کورد و کاریزمای خۆی و ئامانجی سەربەخۆیی گەل بگەڕێتەوە، چونکە دیارە پێناوێکی دیکە بۆ ڕزگاری نابیندرێت.

# پەرلەمانێک لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی



د.چواس حەسەن*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پەرلەمانی کوردستان لە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی سەرەکی خۆیدا، کە بریتییە لە دەرفەت ڕەخساندن بۆ سازدانی گفتوگۆیەکی عەقڵانی و هێمن لە نێوان نوێنەرانی سەرجەم بیروبۆچوونە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا لە بارەی پرسە گشتی و هەستیارەکانی کۆمەڵگە، شکەستی بەسەرخۆی هێنا. چونکە گومانی بێلایەن نەبوونی لەسەرخۆی دروست کرد.

ئەوەی جێگەی ڕامان و سەرنج و سەرسوڕمانیشە، دوای ئەو نارەزاییە فراوانەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێکی فراوانی کوتلەکانی تری پەرلەمان و خەڵکێکی زۆری هەرێمی کوردستانیش لە هەمبەر گرێدانی ئەو کۆبوونەوەیە، کەچی سەرۆکی پەرلەمان و کوتلەکانی بەشداربووی کۆبوونەوەی ٢٣ ی حوزەیران (گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ)، سەرەڕای ئەو میانگیرییەی کە لەلایەن هەندێك حزب و کەسایەتییەوە (یەکگرتووی ئیسلامی و د.عەلی قەرەداغی) دەستی پێکرا بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، سوور بوون و بەردەوام بوون لەسەر هەمان نەهجی خۆیان و تەنانەت بە شێوەیەکی نایاسایی و بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی پەرلەماندا سەرۆکی پەرلەمان داوای کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی کرد. ئەمەش دەلالەت بوو لە سەر ئەوەی کە پەرلەمان متمانەیەکی زۆری لەدەست داوە. بگرە هۆکارێکیش بوو بۆ ئەوەی ئاستەنگ دروست بکات لە بەردەم هەوڵەکانی وەدیهێنانی سازان لە نێوان لایەنەکانی پرسەکەشدا لەدەرەوەی پەرلەمان. ئەوە بۆ یەکەم جاربوو کە پەرلەمان لەپێگەیەکدابێت کە ببێتە گرفت لەبەردەم سازانی نیشتمانیشدا.

ڕۆژی ١٩ی ئاب پەرلەمانی کوردستان خۆی لە گۆشەیەکی تەسکدا دەبینییەوە. سەرەڕای ئەوەی سەرجەم پارتە سیاسییەکان داوایان لە پەرلەمان کردبوو کە کۆبوونەوە نائاساییەکەی دوابخات بۆ ڕۆژی ٢٣ی ئاب. سەرەڕای ئەوەی سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی بەشدارییەکی کاریگەر و بڕیارێکی دروستیان لە پەرلەمان دەکرد بۆ چارەکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، کە نزیکەی دوو مانگە کراوەتە قەیرانێکی گەورە و هەڕەشە لە سەرجەم پرۆسەی سیاسی و داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکات، کەچی میدیاکان ڕووداو و هەواڵی پڕ بێ هیوایی و سەرلێشێواوی و دەست و پێ سپییەتی ئەو دەزگایەیان بۆ هاووڵاتیان دەگواستەوە، بەشێوەیەك لەو دۆخە هەستیارەی هەرێمی کوردستاندا هیچ ئەجێندایەکی بۆ چارەسەر پێ نەبوو، تا ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان و چەند کوتلەیەك دەیانویست بەهەر نرخێك بێت کۆبوونەوەکە گرێ بدەن، بێ ئەوەی بزانن بۆچی؟ چونکە ڕێککەوتنی پێنج حزبە سەرەکییەکە لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژدا، هیچ مانایەکی بۆ بەردەوامی کۆبوونەوەی پەرلەمان نەهێشتبوو.

ڕۆژی ١٩ ی ئاب پەرلەمانی کوردستان بە سووربوونی لەسەر گرێدانی کۆبوونەوە و پاشانیش تەواو نەبوونی نیسابی پێویست بۆ کۆبوونەوەکە و بڵاوەپێ کردنی (٥٣) ئەندامەکەی ناو هۆڵی پەرلەمان، بە تەواوی خۆی خستە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، یان ڕاستتر بڵێین لە پرۆسەی سیاسی هەرێمدا خۆی (ئاوت Out) کرد، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت. چونکە لە ماوەی نێوان ٢٣ ی حوزەیران و ١٩ ی ئاب لە بری ئەوەی پەرلەمان ببێتە سەکۆیەك بۆ چارەکردنی کێشەکانی هەرێم و ساباتێك سەرجەم بیروبۆچوونە جیاجیاکان لە سایەیدا کۆببنەوە تا بگەنە ئەنجامێك، بەڵام بەداخەوە پەرلەمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر دەبووە تەرەفێك لەکێشەکە و لەژێر هەژموون و کاریگەری هەندێك لە کوتلەکان، بڕیار و ڕەفتاری دژ بە کوتلەی زەرد و کوتلەی کۆتاکان و کوتلەکانی تری کە بەشداری کۆبوونەوەی ٢٣ ی حوزەیرانیان نەکردبوو، دەردەکرد.

ئەم هەڵوێستانەی پەرلەمان و دەرەنجامەکانی کە لێی کەوتنەوە، تا ماوەیەکی زۆری داهاتوو کاریگەرییان لەسەر سەرجەم پرۆسەی سیاسی دەبێت، بۆیە دەبنە سەرچاوەی وروژاندنی کۆمەڵێك پرسیاری وەك:

ئایا ئەم ڕۆڵەی پەرلەمان سروشتی بوو و پەرلەمان بە ئەرکی سروشتی خۆی هەڵدەستا؟ یان لەو ئەرکەی وەك پەرلەمانێك لە سیستەمی دیموکراسیدا لێی چاوەڕوان دەکرا، لایدا؟

بۆچی پەرلەمان وەك ئەوەی پێویست بوو ببێتە سەکۆیەك بۆ چارەکردنی پرسەکە، کەچی بووە تەرەفێکی کێشەکە و متمانەی بەشێکی زۆری کوتلە و حزبە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمەکەی دۆڕاند؟

ئایا پەرلەمانی کوردستان لە بەر ڕۆشنایی هەڵوێستەکانیدا لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، گەیشتۆتە ئەو بارەی کە پێویست بە پێداچوونەوە لە ئەدا و توانا و ئەرکەکانیدا بخشێندرێتەوە؟

ئایا دەکرێت لەمەودوا ئەو داوایە بە پەسند بزانین کە دەڵێت پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سەرجەم بڕیارەکانی هەرێمە؟

دەبێت لەمەودوا پەرلەمانی کوردستان چۆن ڕەفتار بکات تا کەموکورتییەکانی پڕبکاتەوە؟

ئەمانە کۆمەڵێك پرسیاری جدین کە پێویستە لەمەودوا ئەکادیمییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی دەستووری و سیاسی و تەنانەت حزبەکان و خودی پەرلەمانیش بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێن.

**(١)**

لە سەدەی نۆزدەدا، کە بە سەدەی سەرکەوتنی دیموکراسی دەژمێردرێت لە ئەوروپادا، هەردوو چەمکی دیموکراسی و پەرلەمانی جووت بوون. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆڵە مەزنەی کە پەرلەمان لە ململانێی چەسپاندنی دیموکراسیدا لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەهای سیستەمی پادشایەتیدا بینی.

پەرلەمان داهێنراوێکی دەستی فەیلەسوف، یان زانایەك نییە، بەڵکو دەرەنجامی ئەزموون و مێژوویەکی درێژی ئەوروپای ڕۆژئاوایە. پەرلەمان بە گەلێك قۆناغدا تێپەڕیوە تا ئەوەی توانی دەسەڵات لە دەست پادشایەتییە ڕەهاکانی ئەوروپا دەربهێنێت و ببێتە سومبلی بە دیموکراسی کردنی دەوڵەت و بە هۆیەوە پرەنسیپی سەرەکی سیستەمی دیموکراسی (گەل خاوەن سەروەرییە و سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە) جێبەجێ بکرێت.

لەوەشەوە پەرلەمان وەك دەزگایەکی نوێنەرایەتی گەل، شان بە شانی ئەرکی یاسادانان، دوو ئەرکی گرنگ و گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، کە بریتین لە:

١) نوێنەرایەتی کردنی سەرجەم کۆمەڵگە بە شێوازێکی دروست و ڕاستگۆیانە و دادپەروەرانە.

٢) ڕەخساندنی دەرفەت بۆ سەرجەم نوێنەرانی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لە ناو پەرلەماندا تا بەشدارییەکی تەواوی پرۆسەی سیاسی بکەن و دەرفەتی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بۆ هەموان بڕەخسێنێت بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن و لێك تێگەیشتن لە نێوان سەرجەم بۆچوون و بەرژەوەندییە جیاجیاکاندا لە پرۆسەی بڕیاردان لە سەر

**ئەو ڕووداوانە زەنگێك بوون، دەخوازێت چاو بخشێندرێتەوە بە شێوازی کارکردن و دەسەڵات و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا. بگرە دەخوازێت چاو بە یاسای هەڵبژاردنیشدا بخشێندرێتەوە بە مەبەستی گەرەنتی کردنی گەیشتنی کەسانی پسپۆڕ و شیاو بە کورسی پەرلەمان. چونکە گەر وابڕوات، ئەوا دەبێت چاوەڕوان بکەین کە پەرلەمان خۆی سەرچاوەی کێشەیە و گرفت دەنێتەوە، نەک دەزگایەک بێت کێشە چارەسەر بکات و لەم دۆخە هەستیارەی گەلەکەماندا بمانگەیەنێتە کەناری ئارامی و پێشکەوتن و ڕزگاری**

**جێی سەرنجە پەرلەمانی کوردستان لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا هیچ پرسێکی بە دوو لایەنەکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت) نەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو بەشەی دەسەڵات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پەیوەست بوون بەو بابەتەوە**

**سیستەمی دیموکراسی بەگشتی و سیستەمی پەرلەمانیش بەتایبەتی، هێندەی لەسەر بنەمای گفتوگۆ بونیاد نراوە، هێندە لەسەر بنەمای ڕکابەری بونیاد نەنراوە**

**ئەرک و ڕۆڵی پەرلەمان لە پرۆسەی سیاسیدا گەلێک هەستیار و گرنگە و پێویستە بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چ لەلایەن حزبەکانەوە و چ لەلایەن ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتییەکەیەوە، چونکە هەڵوێست و بڕیارەکانی کاریگەرییان لەسەر دۆخی وڵات هەیە لەسەر هەر دوو ئاستی نزیک و دوور**

داهاتووی کۆمەڵگە. بە واتای ئەرکێکی مەزنی پەرلەمان بریتییە لە بەدیهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێوان سەرجەم بۆچوون و بەرژەوەندییە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی سازدانی گفتوگۆ لە نێوان نوێنەرانی ئەو بۆچوون و بەرژەوەندییانە لەناو پەرلەماندا.

بەم هۆیەشەوە ئەوروپییەکان توانییان بە ڕێگەی پەرلەمانەکانیانەوە ئەوپەڕی تەکامولی نیشتمانی بەدی بێنن، تا ئەوەی کاتێك ویستیان سەرجەم کیشوەری ئەوروپا لە دامەزراوەیەکی سیاسیدا ڕێك بخەن (یەکێتی ئەوروپا) ئەوا بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتەکان، پەرلەمانێکیان دامەزراند کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانی وڵاتانی ئەندامەوە هەڵبژێردرێت (پەرلەمانی ئەوروپی)، ئەم پەرلەمانەش ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە بەدیهێنانی یەکێتی لە نێوان نزیکەی (٥٠٠ ملیۆن) هاووڵاتی ئەوروپی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا.

کەواتە پەرلەمان وەك دامەزراوەیەکی سیاسی وای لێ چاوەڕوان دەکرێت کە ببێتە پایەیەکی سەرەکیی دەوڵەت لە بەدیهێنانی یەکێتی نیشتمانی، لەمەشەوە ئەرك و ڕۆڵی پەرلەمان لە پرۆسەی سیاسیدا گەلێك هەستیار و گرنگە و پێویستە بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چ لەلایەن حزبەکانەوە و چ لەلایەن ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتییەکەیەوە، چونکە هەڵوێست و بڕیارەکانی کاریگەرییان لەسەر دۆخی وڵات هەیە لەسەر هەر دوو ئاستی نزیك و دوور.

**(٢)**

ڕۆژی ١٨ ی ئاب ڕۆژێکی زەحمەت بوو بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان. مێژوو وەها ئەو ڕۆژە تۆمار دەکات کە تیایدا پرۆسەی سیاسی چەند هەنگاوێك گەڕایەوە بۆ دواوە، چونکە کۆبوونەوەکانی نێوان سەرجەم حزبەکانی هەرێمی کوردستان، بە نێوانگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، مانا و دەلالەتی ئەوەیان لێ دەخوێندرایەوە کە پرۆسەی سیاسی و هەوڵەکانی سازانی نێوان حزبەکان، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، تووشی بنبەست بووبێت و گەلێك مەترسی و هەڕەشە چاوەڕوانی هەرێم بکەن.

ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو، لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە، لێك تێنەگیشتن و نەسازانی نێوان حزبەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، پێویستی بە نێوەندگیری دەرەکی بێت. جێی ئاماژەیە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و متمانە لە نێوان حزبەکاندا هاتبووەدی، بە شێوەیەك جۆرێك لە ڕێسا و دابی سازان سەریان هەڵدابوو، نەیاندەهێشت پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا تووشی قەیران بێت، بەڵکو جۆرێك لە یەکڕیزی کوردیشی لە بەردەم عێراق و ناوچەکە و جیهانیش دروست کردبوو، کە ببووە مایەی وەدەستهێنانی گەلێك دەستکەوتی نەتەوەییش.

ئەو لێك تێگەیشتنانەی نێوان حزبەکان، بەتایبەتی لەنێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی ئەو کاتەی هەرێم (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، هەمیشە لەلایەن پەرلەمانەوە بەرگێکی یاسایی بەبەردا دەکرا بۆ ئەوەی لەلایەن دامودەزگاکانی تری هەرێمەوە جێبەجێ بکرێن. بۆیە پەرلەمانی کوردستان ببووە پردێکی سەرەکی کە لێیەوە سازانی واقیعی نێوانی حزبەکانی دەگواستەوە بۆ چوارچێوەی یاسایی.

ڕۆژی ١٩ ی ئاب شکستێکی گەورە بوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، بگرە هۆکاری قووڵبوونەوەی قەیرانی پرسی سەرۆکی هەرێمیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەو پرسەدا، چونکە پەرلەمانی کوردستان کاتێك لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرێندرا، هەمیشە وەك دامەزراوەیەك لێی ڕوانراوە کە ڕۆڵ ببینێت لە دەربڕینی ویستی خەڵك و بەدیهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵگەدا.

تەنانەت لە سەردەمی ڕەشی شەڕی نەگریسی ناوخۆشدا، گفتوگۆکانی نێو پەرلەمانی کوردستان ئومێدبەخش بوون بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و تەنها پەرلەمان بوو کە تاکە هیوا بێت بۆ ئەوەی تروسکاییەك لەوسەری تۆنێلەکە بدۆزێتەوە. پەرلەمان هەمیشە ویستوویەتی لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکدا بێت، بۆیە یاساکانی تایبەت بوون بە دامەزراندنی دامودەزگا پێویستەکان بۆ حوکمڕانی و وەدیهێنانی گەشەی ئابووری و پتەوکردنی بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەهیچ شێوەیەك هەنگاوێکی ناواقیعییانەی نەناوە لە پرۆسەی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە ببێتە جێگەی نائومێدی، یان کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری بەرێت، یان ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێك بدات، بەڵکو هەمیشە جۆرێك لە ویقار و حیکمەت و هێمنی و لەسەرخۆیی زاڵ بووە بە سەر گفتوگۆ و دانیشتن و هەڵوێستەکانیدا.

ئەوەی لە ١٩ ی ئابدا دەرکەوت، تەواو پێچەوانەی مێژووی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەشێکی پەرلەمان تەواو نابەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵ ئاشتەوایی کۆمەڵگەدا دەکرد، ببووە مایەی سەرسوڕمان و بێهیوایی، تەنانەت بەشێکی زۆری ئەندام پەرلەمانەکانیش، چ جای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان. بە بڕیارێکی سەرۆکی پەرلەمان و لە ئەنجامی تەواونەبوونی نیسابدا، پەرلەمانی کوردستان لە ساتەوەختێکی وەها گرنگ و هەستیاری هەرێمەکەماندا بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاو ئاوت(Out)

بوو . بۆچی؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت چەند تەوەرێك بەم شێوەیە دیاری بکەین:

**● یەکەم: نەهێشتنی متمانەی نێوان حزبەکان**

لە ڕاســـتیدا ڕەگ و ڕیشەی ئەو شکستەی پەرلەمانی کوردســـتان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر لەو ڕۆژە. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە بە ناوی ئۆپۆزســـیۆن بوونەوە، لە بری ســـازدانی گفتوگـــۆی عەقڵانی لەناو هۆڵـــی پەرلەماندا، کوتلەیەك دەســـتیان کرد بە کوتانی مێزەکانی پەرلەمان و دەبە گرتنە سەرۆکایەتی پەرلەمان و وتاردانی بەردەوام بۆ کەم بایەخ کردنەوەی پەرلەمان.

ڕۆژی ٢٣ ی حوزەیران کە ســـەرۆکی پەرلەمان بڕیاری دا دەبێت کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پرســـی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجام بدرێت، بە بێ ڕەچاوکردنی بۆچوونی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی حزبێکی دێرینی خەباتـــی نەتەوایەتی کورد (کوتلەی زەرد) لە کاتێکدا ئەو پۆستە (سەرۆکی هەرێم) لە ئیستحقاقی ئەو حزبەش بوو و لەلایەن کەسایەتییەکی نەتەوەیی گەورەی وەك (بارزانی)ـەوە بە ســـەرکەوتوویی بەڕێوە براوە، ئەو ڕۆژە پەرلەمانی کوردســـتان هەنگاوی یەکەمی هەڵەی نا بەرەو شکســـتی خۆی و لە کۆتاییدا پەروایزبوونـــی لـــە ڕۆژی ١٩ ی ئـــاب. چونکـــە بەو هەنگاوەی پەرلەمانی کوردســـتان گورزێکی کوشندەی لەســـەرجەم ئەو ڕێســـا و تەقالیدە جوانانـــەی (بڕیاردان بە ســـازان)ی دا کە لە ماوەی نزیکەی ٢٠ ســـاڵدا، لە ڕۆژگاری مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی واشـــنتۆنەوە، لە نێـــوان حزبەکاندا لە هەرێمی کوردســـتاندا هاتبووەدی و دروســـت ببوو. ئەو سووربوونەی ســـەرۆکی پەرلەمان و بەشێك لە کوتلە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە وایکرد کە ڕێگر بێت لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تری پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە هەستیارە. بەمەش هەرێمی کوردستان جارێکی دی کەوتەوە بەردەم هەڕەشەی لێکتـــرازان و ســـەرهەڵدانەوەی دوو ئیدارەیی و تەنانەت هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆش.

لێرەدا پەرلەمانی کوردســـتان لە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ســـەرەکی خۆیدا، کە بریتییە لە دەرفەت ڕەخســـاندن بۆ ســـازدانی گفتوگۆیەکـــی عەقڵانی و هێمـــن لە نێوان نوێنەرانی سەرجەم بیروبۆچوونە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا لە بارەی پرســـە گشـــتی و هەســـتیارەکانی کۆمەڵگە، شکەســـتی بەســـەرخۆی هێنا. چونکە گومانی بێلایەن نەبوونی لەسەرخۆی دروست کرد.

ئەوەی جێگەی ڕامان و سەرنج و سەرسوڕمانیشە، دوای ئەو نارەزاییە فراوانەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و بەشێکی فراوانی کوتلەکانی تری پەرلەمان و خەڵکێکی زۆری هەرێمی کوردســـتانیش لە هەمبەر گرێدانی ئەو کۆبوونەوەیـــە، کەچی ســـەرۆکی پەرلەمان و کوتلەکانی بەشـــداربووی کۆبوونـــەوەی ٢٣ ی حوزەیران (گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ)، سەرەڕای ئەو میانگیرییەی کە لەلایەن هەندێك حزب و کەســـایەتییەوە (یەکگرتووی ئیسلامی و د.عەلی قەرەداغی) دەستی پێکرا بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، سوور بوون و بەردەوام بوون لەسەر هەمان نەهجی خۆیان و تەنانەت بە شـــێوەیەکی نایاسایی و بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی پەرلەماندا سەرۆکی پەرلەمان داوای کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی کرد. ئەمەش دەلالەت بوو لە ســـەر ئەوەی کە پەرلەمـــان متمانەیەکی زۆری لەدەست داوە. بگرە هۆکارێکیش بوو بۆ ئەوەی ئاستەنگ دروست بکات لە بەردەم هەوڵەکانی وەدیهێنانی سازان لە نێوان لایەنەکانی پرسەکەشـــدا لەدەرەوەی پەرلەمان. ئەوە بۆ یەکـــەم جاربوو کە پەرلەمان لەپێگەیەکدابێت کە ببێتە گرفت لەبەردەم سازانی نیشتمانیشدا.

ئـــەوەی جێگەی سەرنجیشـــە وەك ئـــەوەی پەرلەمانی کوردستان دەرگای گفتوگۆی لە نێوان کوتلەکانی خۆیدا لەناو هۆڵی پەرلەمان داخست، بەوەی متمانەی نەهێشت لە نێوانیاندا، لە هەمان کاتدا زۆرترین دەرکەوتنی ئەندامانی پەرلەمان لەو ماوەیەدا لەسەر شاشەی میدیاکان هەستی پێ دەکرا، گفتوگۆکانیش بە شێوازێکی توندوتیژ بوو، بە شێوەیەك کە میزاجی هاووڵاتیانی تێك دەدا و کاریگەری نەرێنی هەبوو لە سەر ڕەوشـــی کۆمەڵگە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی خستە مەترسییەوە.

**● دووەم: پەراوێـــز خســـتنی دەســـەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری**

سیستەمی دیموکراسی بەگشتی و سیستەمی پەرلەمانیش بەتایبەتی، هێندەی لەسەر بنەمای گفتوگۆ بونیاد نراوە، هێندە لەســـەر بنەمـــای ڕکابەری بونیاد نەنـــراوە. بۆیە سیســـتەمی دیموکراسی یەکپارچە گفتوگۆیە. گفتوگۆ لەنێوان هاووڵاتیان خۆیان، گفتوگۆ لە نێوان هاووڵاتی و دامودەزگا دەستوورییەکان، گفتوگۆ لە نێوان دامودەزگا دەستوورییەکان خۆشیان.

ئەم گفتوگۆیەیە کە دەبێتە سەرچاوەی گەیشتنی کۆمەڵ بە بڕیاری دروســـت، ئەم گفتوگۆیەیە کە بۆشایی نێوان کەمینە و زۆرینە بچووك دەکاتەوە لە ڕێگەی بڕواهێنانی کەمینە بە بۆچوونی زۆرینە، یان لە ڕێگەی تێگەیشتنی کەمینە لە هۆکارەکانی بۆچوونەکانی زۆرینە.

ســـەکۆی ســـەرەکی ئەم گفتوگۆیەش لە سیســـتەمی دیموکراســـیدا بریتییە لە پەرلەمـــان. پەرلەمان لەلایەك دەبێت زۆرترین گفتوگۆی ناوخۆیی ســـازبدات لەســـەر

**ئەو سووربوونەی سەرۆکی پەرلەمان و بەشێك لە کوتلە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە وایکرد کە ڕێگر بێت لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی تری پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە هەستیارە. بەمەش هەرێمی کوردستان جارێکی دی کەوتەوە بەردەم هەڕەشەی لێکترازان و سەرهەڵدانەوەی دوو ئیدارەیی و تەنانەت هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆش**

**ئەو لێک تێگەیشتنانەی نێوان حزبەکان، بەتایبەتی لەنێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی ئەو کاتەی هەرێم (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، هەمیشە لەلایەن پەرلەمانەوە بەرگێکی یاسایی بەبەردا دەکرا بۆ ئەوەی لەلایەن دامودەزگاکانی تری هەرێمەوە جێبەجێ بکرێن. بۆیە پەرلەمانی کوردستان ببووە پردێکی سەرەکی کە لێیەوە سازانی واقیعی نێوانی حزبەکانی دەگواستەوە بۆ چوارچێوەی یاسایی**



**ڕۆژی ١٨ ی ئاب ڕۆژێکی زەحمەت بوو بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان. مێژوو وەها ئەو ڕۆژە تۆمار دەکات کە تیایدا پرۆسەی سیاسی چەند هەنگاوێک گەڕایەوە بۆ دواوە، چونکە کۆبوونەوەکانی نێوان سەرجەم حزبەکانی هەرێمی کوردستان، بە نێوانگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان، مانا و دەلالەتی ئەوەیان لێ دەخوێندرایەوە کە پرۆسەی سیاسی و هەوڵەکانی سازانی نێوان حزبەکان، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، تووشی بنبەست بووبێت و گەلێک مەترسی و هەڕەشە چاوەڕوانی هەرێم بکەن**

پرسەکانی بەردەمی، لەلایەکی تریش دەبێت هاندەر بێت بۆ تێکەڵکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هاووڵاتیان لە گفتوگۆیەکی عەقڵانیدا.

بۆیە لە سەرجەم دیموکراسییە دێرین و سەقامگیرەکاندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی پێشنیارکردنی یاسای هەیە بۆ پەرلەمان، ئەمەش تەنها و تەنها بە مەبەستی نزیکخستنەوەی ئەم دوو دەزگایەیە لە یەکتری بە مەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی سیستەمی سیاسی.

جێی سەرنجە پەرلەمانی کوردستان لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمدا هیچ پرسێکی بە دوو لایەنەکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت) نەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو بەشەی دەسەڵات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پەیوەست بوون بەو بابەتەوە. ئەمەش بێگومان ساردی خستە متمانە و ئاشتەوایی و پێوەندی نێوان ئەم دەزگایانە لەگەڵ پەرلەماندا.

لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەوەی کات بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم نەبوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش قەیرانەکە قووڵتر دەبووەوە، لەو سەروبەندەدا بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە کوتلەکانی بەشداربووی کۆبوونەوەی ٢٣ ی حوزەیران، لە بری ئەوەی پێشنیار بۆ چۆنیەتی دەرچوون لەو تەنگژەیە بکەن، کەچی بابەتی بە میرات مانەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیان خستەڕوو، ئاماژەیان بەوە دەدا کە دەسەڵاتەکان بەپێی مادده ١٥ و ١٦ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ سەرۆکی پەرلەمان دەگوازرێنەوە.

لێرەدا جارێکی تر کەلێنی نێوان حزبەکان کە لە ٢٣ ی حوزەیران دروست ببوو، قووڵتر کرایەوە، بەوەی کوتلەی پارتی لە بەرامبەر کوتلەی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ بەتایبەتی، بۆچوونی وابوو کە ماددەی ١٥ و ١٦ بەسەر ئەم حاڵەتەدا جێبەجێ نابێت، بەڵکو سەرۆك بەردەوام دەبێت لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی تا هەڵبژاردن بۆ سەرۆك دەکرێتەوە، بۆ ئەمەش پشتی بە گەلێك بۆچوونی یاسایی و ئەزموونی دەستووری گەلانی جیهان دەبەست.

بەهەموو پێوەرێك ئەم بابەتە کێشەیەکی یاسایی بوو، نەك سیاسی، بۆیە لایەنی تایبەتمەند بە یەکلایی کردنەوەی بریتی بوو لە خودی پەرلەمانی کوردستان وەك دەسەڵاتی یاسادانەر کە دەتوانێت یاسای تەفسیریش بۆ ڕۆشنکردنەوەی یاساکانی دەربکات، یان دەسەڵاتی دادوەری کە تایبەتمەندە بە جێبەجێکردن و لێکدانەوە و لابردنی نارۆشنی یاساکان. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، بە هۆی دابەشبوونی پەرلەمانەوە لە ٢٣ ی حوزەیرانەوە، زەحمەت بوو پەرلەمان بتوانێت کۆبوونەوەیەك گرێ بدات بۆ ئەم بابەتە، بۆیە بۆشاییەکی لە ئەرکەکەیدا بەجێهێشت کە دەبوایە لەو دۆخە هەستیارەدا پڕبکرێتەوە، بۆیە دوادامەزراوە دەسەڵاتی دادوەری بوو کە ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە.

دەبوایە سەرۆکی پەرلەمان داوای ڕاوێژ، یان تەحکیمی دەسەڵاتی دادگای بکردایە، بۆ ئەم بابەتە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بەو دەستپێشخەرییەش هەڵنەستا. کاتێکیش سەرۆکایەتی هەرێم و جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەو هەنگاوەیان نا، سەرۆکی پەرلەمان لە بری بەپیرەوە چوونی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی شورا لەو بارەیەوە، کەچی بڕیاری ڕەتکردنەوەی دا، بەبێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت. بەڵکو بڕیاری دەرکرد کە دەبێت لە ڕۆژی ١٩ ی ئابدا کۆبوونەوە ببەسترێت. لە دیارنەبوونی ئەجێندای کۆبوونەوەکەشدا، تەنها و تەنها دەکرا ئەم داوایە بۆ سووربوون لە سەر هەمووارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لێکبدرێتەوە. بۆیە جارێکی دی بەم هەڵوێستە پەرلەمانی کوردستان لە سەرچاوەی چارەسەری کێشەکەوە، بوو بە لایەن و تەرەفێکی کێشەکە.

## ● سێیەم: هەڵگەڕانەوە لە حزبەکان

کاتێك پەرلەمان نەیتوانی هەنگاوێکی جددی بنێت بۆ چارەکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، بگرە کێشەکەی قووڵتریش کردەوە، بۆیە سەرۆکایەتی هەرێم داوای لە حزبەکان کرد کە ئەم پرسە چارەبکەن، ئەمەش بە



مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی پەرلەمان بوو لەو بابەتەدا. بۆیە سەرجەم حزبەکانی هەرێم و بە نێوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان کرد بە کۆبوونەوە تا لە بەرەبەیانی ١٩ ی ئابدا گەیشتنە جۆرێك لە تێگەیشتن و داوایان کرد کۆبوونەوە نائاساییەکە بۆ ٢٣ ی حوزەیران دوابخات.

ڕۆژی ١٩ ی ئاب پەرلەمانی کوردستان پتر بێ هیوایی و بێ بەرنامەیی پێوە دیار بوو. سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەی گەلێك ڕێگای لە بەردەمدا بوو بۆ دواخستنی کۆبوونەوەکەیان، لەگەڵ ئەوەی سەرجەم حزبەکانی ناو پەرلەمان داوایان کردبوو کۆبوونەوەکیان دوابخەن، لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی هەرێم دەیخواست ئەو کۆبوونەوەیە دوابخرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ دواخستنی کۆبوونەوەکە، بەڵکو بەهیوا بوو کە بتوانێت ژمارەی تەواوی نیسابی کۆبوونەوە گردبکاتەوە و بەردەوام بێت لە پرۆژە و بەرنامەکەی بۆ هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم. ئەگەر ئەمەشی بۆ بچووایەتە سەر، ئەوا بێگومان نەك هەر قەیرانەکەی چارەسەر نەدەکرد، بەڵکو دەرگای لەسەر سەرجەم هەوڵەکانی سازانی نێوان حزبەکانیش دادەخست و هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی داهاتوویەکی زۆر ڕەش و نادیار دەکردەوە. بەمەش پەرلەمانی کوردستان بە تەواوی خۆی لە پرۆسەی سیاسی، لەو پرسەدا (ئاوت Out) کرد. بەمەش بۆشاییەکی بەجێهێشت کە گەلێك کاریگەری دەبێت لەسەر متمانەی هاووڵاتیان و حزبەکان بە پەرلەمان لە داهاتوودا، چونکە پەرلەمان هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی قەیرانێکی زۆر قووڵ کردەوە، سەرەڕای قەیرانەکانی تری ئابووری و شەڕی داعش.

**(٣)**

ڕۆڵ و هەنگاوەکانی پەرلەمانی کوردستان لە پرسی سەرۆکایەی هەرێمدا لە ماوەی نێوان ٢٣ ی حوزەیران تا ١٩ ی ئاب پێمان دەڵێت:

ئەم دەزگایە خەریکە لە ڕێڕەوی خۆی لابدات و چیتر کارا و لێوەشاوە نییە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا. ئەو ڕووداوانە زەنگێك بوون، دەخوازێت چاو بخشێندرێتەوە بە شێوازی کارکردن و دەسەڵات و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا. بگرە دەخوازێت چاو بە یاسای هەڵبژاردنیشدا بخشێندرێتەوە بە مەبەستی گەرەنتی کردنی گەیشتنی کەسانی پسپۆڕ و شیاو بە کورسی پەرلەمان. چونکە گەر وابڕوات، ئەوا دەبێت چاوەڕوان بکەین کە پەرلەمان خۆی سەرچاوەی کێشەیە و گرفت دەنێتەوە، نەك دەزگایەك بێت کێشە چارەسەر بکات و لەم دۆخە هەستیارەی گەلەکەماندا بمانگەیەنێتە کەناری ئارامی و پێشکەوتن و ڕزگاری.

---

* مامۆستای زانکۆ

**بۆچی پەرلەمان وەک ئەوەی پێویست بوو ببێتە سەکۆیەک بۆ چارەکردنی پرسەکە، کەچی بووە تەرەفێکی کێشەکە و متمانەی بەشێکی زۆری کوتلە و حزبە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمەکەی دۆڕاند؟**



# بەسیاسیکردنی ئەخلاق و لە دەستدانی متمانە

## گۆڕینی پرەنسیپەکانی ئازادی .. بۆ ئاژاوە و پاشاگەردانی



«ئـــازادی مافێکی سروشـــتی و دەســـتکارینەکراوی هەر تاکێکە، هـــەر بۆیە ئەگەر لە تێڕوانین و گۆشـــەنیگایەکی سیاسیی دیاریکراوە ســـەیری ئازادی بکەین، ئەوا خودی ئازادی پێشـــێل دەکرێت. هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە پێشـــێلکردنی ئازادی، لە دوو شێوازی جیاوازدا بەرجەســـتە بووە، یەکەمیان: ئەخلاقی ئەریستۆتاڵیســـی لە دەوڵەتە شاری پۆڵســـدا، ڕێگەی دووەمیان بە سیاسیکردنی ئەخلاقە لە سیاسەتی هاوچەرخدا. لەگەڵ ئەوەی ئەریستۆتاڵیس ئەخلاقی سیاسی بە تەواوەتی دەکاتە هاوتای ئەخلاقی کەسی، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەیە ئەو مەعریفە ئەخلاقییەی کە پێویستە بۆ ئەوەی دەوڵەتە شـــاری پۆڵس دادپەروەری تێدا پیادەبکرێت، پشت دەبەستێت بەو مەعریفە ئەخلاقییەی ئایا چ میکانیزمێک دەبێتە هۆکاری خۆشگوزەرانی بۆ تاک، لەم چوارچێوەیەدا فەزیلەی ئەخلاقی دەبێتە پێوانە و ئامانج بۆ یاســـا سیاســـییەکان و ئەمەش سیاســـیی باش و هاووڵاتـــی باش یەکســـان دەکات. بەدیوێکی دیکەدا کاتێک تـــاک، یان هاووڵاتی باش دەگاتە ئاستی ئەخلاقێکی تەواو و فەرمان بۆ خۆی دەردەکات، ئەم فەرمانە بۆ دەوڵەتە شاری پۆڵس–یشـــە، ئەم تیۆرەی ئەرســـتۆ لەگەڵ ئەوەی بە تیۆرێکی تەواو و تەواو دانانرێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڵام خاڵی بەهێزی تێدایە، ئەو خاڵە بەهێزەش ئەوەیە کە بونیـــادی فەزیلەی ئەخلاقی و پەروەردەی ئەخلاقی پێویســـتی بە فۆرمێکی پراکتیکـــی هەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئـــەم فۆرمە پراکتیکییەش بەرەنجامی داب و نەریت و ئەخلاقی هاوبەشـــی کۆمەڵگەوە هەیە.، ئەمـــە دەبێتە دەروازە و هۆکار بۆ وەرچەرخان و هاندانی هاووڵاتی بۆ ئەوەی مانای ناســـنامە و بەهای خۆی وەک مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا هەســـت پێبکات. لە دوای ئەرستۆ چەمکی ئەخلاقی کریستیانییەت ئایین و ئەخلاقـــی پێکەوە گرێداوە، هەتا چەمکـــی پلۆرالیزمی بۆ ئەخلاق هاتۆتە ئاراوە، کە تیایدا خێری مرۆڤایەتی بەو شـــێوەیە دیاری دەکات، کە لە ســـەر سیســـتمی سیاسی پێویســـتە سەرەتا لەو خاڵەوە سەیری ئەخلاق بکات، چۆن گەرەنتی بۆ کەس و تاک و گروپەکان مسۆگەر دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاشتی و ئازادی پێکەوە بژین، بەڵام لە سیاسەتی هاوچەرخدا بە شێوەیەک دەستێوەردان لە ماف و ئازادی تاکەکان دەکرێت کە هیچ سنوورێکی نییە، ئەمەش واتە ئەخلاقی سیاسی جێگەی ئەخلاقی تاکەس دەگرێتەوە و تاک دەبێت لە ڕوانگەی ئەو پێناسەی کە سیاسەت بۆ ئەخلاقی دیاری دەکات، پابەند بێت، بۆیە ئەم حاڵەتە ئەو بۆشاییە ئەخلاقییە لە کۆمەڵگە دروست دەکات کە هەڵوێست و ئارەزووی سیاســـییەکان دروستی دەکات. کەواتە بە سیاســـیکردنی ئەخلاق وایکردووە کە هەســـت بە ئەخلاقی کەســـی لە کۆمەڵگە نەکرێت، لە چارەسەری ئەریستۆتاڵیسدا بۆ ئەم حاڵەتە قوربانی بە ئازادی دراوە لە پێناوی دروستبوونی متمانە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لە بە سیاسیکردنی ئەخلاقدا قوربانی بە متمانە دراوە بە حیســـاب لە پیناوی ئازادیدا، بەڵام ئەو ئازادییە بۆتە پاشـــاگەردانی و بۆشایی ئەخلاقی لە کۆمەڵگە دروستکردووە».



ئەنگیل رۆدریگز لونۆ

## ● گرنگیی متمانە
## لە پرۆسەی سیاسیی کۆمەڵگەدا

ئەریستۆ تاڵیس بەو جۆرە پێناسەی سیاسەت دەکات، بەوەی سیاسەت ململانێیە لە پێناوی خێر و بەرژەوەندی گشتی، هەر بۆیە لە کتێبی ئەخلاقی نیکۆماخسی (نیکۆماخس کوڕی ئەرستۆ تاڵیس -ـەو ئەو کتێبە پێشکەش بەو کراوە) لەگەڵ ئەوەی ئەخلاق وەك مەعریفەیەکی سەرتاپاگیر پێناسە کراوە، بەڵام پرۆ فیسۆر ساینت تۆماس لە دووبارە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەو پرسیارەی ورووژاندووە: «ئایا ئەخلاقی نیکۆماخسی لەلای ئەریستۆتاڵیس چییە؟» لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ساینت تۆماس دەڵێت: بەپێی ئەخلاقی نیکۆماخسی لە ئەخلاقدا هەموو شتێك سیاسەت نییە، هەموو شتێکیش ئەخلاقی کەسی، یان جێبەجێکردنی نییە، راشکاوانەتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەخلاق دەکرێتە سێ بەش کە بریتین لە:

١. ئەخلاقی کەسی
٢. ئەخلاقی خێزان
٣. ئەخلاقی سیاسی

سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی ئەم سێ شێوازەی ئەخلاق، جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە، هەتا لەوە کاتەشی کە ئەریستۆ تاڵیس ئەخلاقی سیاسی، هاوتای ئەخلاقی کەسی کردووە لە دەوڵەتە شاری پۆلس، هەریەك لەو سێ جۆرەی ئەخلاق، ئامانجی دیاریکراو و لۆژیکی تایبەتی خۆی هەبووە و لەسەر بنەمای مەعریفەیەکی مۆراڵی رێکخراوە. ئەم دەروازەیە کە دەبێتە سەرەتا بۆ جیاکردنەوەی ئەخلاقی سیاسی لە ئەخلاقی کەسی، لەسەر ئەو بنەمایە جیاکراونەتەوە بەوەی ئایا فۆرمی سیاسیی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی چۆنە؟ ئایا ئەم فۆرمە سیاسییە لە نێو کۆمەڵگە بوونی هەیە؟ ئایا بەرەنجامی هاوکاری نێوان پارتە سیاسییەکانە لە تێڕوانینی جیاوازیانەوە بۆ خێر و بەرژەوەندی کۆمەڵگە، یان ئەم فۆرمە سیاسییەی کۆمەڵگە، کۆتاییەکی تایبەتە بۆ سیاسەت؟ کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە ئەخلاقی سیاسی کە دەبێتە رەنگدانەوەی خێری هاوبەش بۆ کۆمەڵگەش، جیاوازە لەگەڵ ئەخلاقی کەسی، ئەمەش لە بەر ئەوەیە دوای ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە تێڕوانینی جیاوازیانەوە فۆرمی سیستمێکی سیاسی بۆ کۆمەڵگە رێکدەخەن، مۆڕاڵ، یان ئەخلاقی تاکەس دوو رەهەندی جیاواز لە خۆی دەگرێت، لەلایەك تاك سەرقاڵە بە کاری رۆژانەی خۆی، لە هەمانکاتدا پابەندبوونێکی ئەخلاقیشی هەیە بەو رەهەندانەی پێوەندی بە سیاسەتی کۆمەڵگە، یان سیستمی سیاسی دەوڵەتەوە هەیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا تاك لە ناو کۆمەڵگە ئامادەیە باج بدات، هەروەها داواکاریشە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی دادپەروەری بێتەئاراوە.

کەواتە ئەم حاڵەتە کە حزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی خێر و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە بیروبۆچوونە جیاوازەکانیان بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە، یان دامەزراندنی سیستمی سیاسی کۆمەڵگە دەخەنەگەڕ، ئەوەمان پیشاندەدا کە ئەخلاقی سیاسی بەرەنجامی بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵگەیە، لە بەرامبەردا کە هاووڵاتیش پابەند دەبێت بە باجدان و تێڕوانینەکانی لەگەڵ تاکەکانی دیکە دەبێتە خوازیاری دادپەروەری لە کۆمەڵگە وەك خاڵی هاوبەشی بەرژەوەندی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەوا ئەخلاقی تاکەسیش دەبێتە بەرەنجامی دادپەروەری وەك بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵگە. لەم حاڵەتەدا لەبەر ئەوەی بنەمای پێوەندی نێوان ئەخلاقی سیاسی و ئەخلاقی تاکەکسی بنەمایەکی مۆڕاڵییە، ئەوا دەشێت ئەخلاقی تاکەکسی ببێتە بکەر بۆ ئەخلاقی سیاسی و بەپێچەوانەشەوە، ئەمەش ئەو متمانەیە دروست دەکات، کە ئەریستۆ تاڵیس بۆ خۆشگوزەرانی دەوڵەتە شاری پۆلس داوای دەکات و دەگاتە ئەوەی کە بڵێت سیاسەتمەداری باش لەگەڵ هاووڵاتی باش هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەمەش لەو لۆژیکەوە هاتووە، ئەوەی هاووڵاتی باش بۆ دەوڵەتە شاری پۆلس خواستیانە، سیاسەتمەداری باشیش هەمان خواستی هەیە، لەم حاڵەتەدا ئاستی بەرزی متمانەی نێوان هاووڵاتیان و سیستمەکە دەگاتە ئەو ئاستەی، ئەو متمانەیە جێگەی چەمکی ئازادی بگرێتەوە. راشکاوانەتر ئەو کۆت و بەندەی لە سەر ئازادی رەها لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و ئەخلاق و داب و نەریتی کۆمەڵگە، ئازادی بە شێوەیەك لە شێوەکان لە چوارچێوەی یاساکانی سنووردار دەکات، دەبێتە بنەمایەکی لۆژیکی بۆ دروستبوونی متمانە لە نێوان تاکەکان، هەروەها لە نێوان تاکەکان و سیستمی سیاسی کۆمەڵگەدا. لەمەش زیاتر ئەم لۆژیکەی ئەرستۆ سیاسەتیش هاوتای خێر و بەرژەوەندی گشتی دەکات، لەبەر ئەوەی سیاسەت بە لۆژیکی ئەرستۆ یەك مانای هەیە، ئەویش ململانێیە لەسەر خێری گشتی، ئەوجا کە سیاسەت تەنها بریتی بێت لەسەر خێر و بەرژەوەندی گشتی، ئەوا بنەمای ئەو سیاسەتکردنە لەسەر ئەو ئەخلاقە سیاسییە کە بەرژەوەندی و داب و نەریتی هاوبەشی کۆمەڵگە دروستی کردووە، هاووڵاتیانیش کاتێك دەبینین لایەنە جیاوازەکان تەنها بۆ بەرژەوەندی گشتی سیاسەت دەکەن، ئەو متمانەیە لە کۆمەڵگە

**باری قورس لەم هاوکێشەیەدا کە دەکەوێتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دروستکردنەوەی متمانەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، ئەم لایەنە بە تەنها بە رێککەوتنی پێنج قۆڵی نایەتەدی، بەڵکو شێوازێک لە وەرچەرخان و گۆڕینی زمانی ئاخافتن و وتووێژی دەوێت کە خەڵکی کوردستان ئاواتی بۆ دەخوازێت**

**لە سیاسەتی هاوچەرخدا بە شێوەیەک دەستێوەردان لە ماف و ئازادی تاکەکان دەکرێت کە هیچ سنوورێکی نییە، ئەمەش واتە ئەخلاقی سیاسی جێگەی ئەخلاقی تاکەس دەگرێتەوە و تاک دەبێت لە روانگەی ئەو پێناسەیەی کە سیاسەت بۆ ئەخلاقی دیاری دەکات، پابەند بێت، بۆیە ئەم حاڵەتە ئەو بۆشاییە ئەخلاقییە لە کۆمەڵگە دروست دەکات کە هەڵوێست و ئارەزووی سیاسییەکان دروستی دەکات**

# گرنگیی ئەخلاق بۆ سیاسەت

**لە ئێستادا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر ئەخلاق لە سیاسەتدا پێویستە، ئامانجەکە هەوڵدان نییە بۆ گەیشتن بە میسالییەت، بەڵکو گەیشتنە بە پیادەکردنی سیاسەتێک کە دەرئەنجامی خوازراوی لێبکەوێتەوە. ئەخلاق بەهایەکی یەکلاکەرەوە بۆ سیاسەت زیاد دەکات، ئەویش بە دەستەبەرکردنی مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ سەرجەم کاراکتەرە سیاسییەکاندا.**

**ئەخلاق دەکەوێتە نێو جەرگەی بارگرژییەکی بنیادنەرانە لە نێوان بەها و بەرژەوەندییەکاندا، واتە بەها و بەرژەوەندییەکان لە نێو بەرنامەی کاردا جێگیر دەکات، نەک هەڵبستێت بە دوورخستنەوەی یەکێکیان لە سەر حیسابی ئەوی دیکەیان. ڕێککەوتنە درێژخایەنەکان ئەو کاتە دێنەدی کە بەها هاوبەشەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکرێنە بناغە.**

**لە ئێستای واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان و تەواوی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بە پارچەکانی دیکەشەوە، زەمینەیەک هەیە وەک رای گشتی کە دژی رق و کینە و لێکترازانی نێوماڵی کورد و کوردستانە، لە ناو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش -بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسییەوە- ئیرادەیەک هەیە کە دژی لێکترازان و بەرهەمهێنانی سیاسەتی رق و کینە و یەکتری ڕەتکردنەوەیە**

دروست دەبێت کە ئامانجی سیاسەتمەدار و هاووڵاتی لەناو بەرژەوەندی گشتی دەکاتە خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و ئاشتی لە کۆمەڵگەدا.

**● بە سیاسیکردنی ئەخلاق دەبێتە هۆکاری نەمانی متمانە لە کۆمەڵگەدا**

لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩ی ئابدا کە نیسابی یاسایی تەواو نەبوو بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکە گرێبدرێت، یەکێك لە پەرلەمانتارانی کۆمەڵی ئیسلامی بەو جۆرە فەتوای لەسەر ئەو چەند ئەندامەی یەکگرتووی ئیسلامی دا کە بەشداری کۆبوونەوەکە نەبوون، بەوەی گوناهبار بوون، لەبەر ئەوەی لەسەر بەڵێنی خۆیان پەشیمان بوونەوە کە هەموویان هاوکاری یەکتری بکەن بۆ تێپەڕاندنی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر سەرنجێکی ورد لە سەر ئەم فەتوایەی پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ بدەین، کە بۆچی بەشداریکردن، یان بەشداری نەکردنی پەرلەمانتارێك دەبەستێتەوە بە ئایینی ئیسلامەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بە سیاسیکردنی ئەخلاق و ئازادی پەرلەمانتار چی بەسەر دێت ئەگەر لە بۆچوونێکی سیاسیی و دیاریکراو سەیری ئەخلاق بکەین.خۆ ئەگەر لە روانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە سەیری چەمکی هاوکاری و شکاندنی بەڵێن بکەین، ئەوا وەك قورئان دەفەرموێت: (وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان واتقوا الله إن الله شديد العقاب)، دیارە خوای گەورە فەرمان بە موسڵمانان دەکات کە هاوکاری یەکتری بن بۆ چاکە و خواپەرستی، هاوکاری یەکتری مەکەن بۆ گوناه و دوژمنکاری، خوا بناسن، سزای خوا زۆر توندە.

ئەگەر لە روانگەیەکی ئەخلاقی و ئایینییەوە سەرنجی فەتواکەی پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ بدەین، کە چەند پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو گوناهبار دەکات بەوەی بەشداری ئەو دانیشتنە نەبوون، دەبینین لە روانگەی قورئانەوە ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵی ئیسلامی بێباکە لەوەی پەروەردگار لە سەر چ بنەمایەك فەرمانمان پێدەکات، هاوکاری یەکتری بین. ئایا ئەو هاوکارییەی نێوان کۆمەڵ و یەکگرتوو، کۆمەڵ و گۆڕان بۆ چاکە و خواپەرستییە، یان بۆ خراپە و دوژمنکاری

# ئایدیۆلۆژیەت نابێتە بنەما بۆ ئەخلاقی سیاسی

**ماکس ڤیبەر دەڵێت: ناتوانرێت بە تەنها بیروباوەڕ بکرێتە بناغەی ئەخلاقە سیاسییەکان، بەڵکو دەبێت دەرئەنجامی بڕیارەکانیش لەبەرچاو بگیرێن، کە مەبەستم بەرپرسیارێتییە. ئەو دوای دیراسەتکردنێکی چڕوپڕی سەرکردە سیاسییە کاریزماییەکان لە سەرجەم کۆمەڵگە و کەلتوورەکانی جیهاندا، بەو دەرئەنجامە گەیشت کە بیروباوەڕ و پاڵنەر بە تەنها بەس نین، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری هاوچەرخدا پێویستە سەرکردە سیاسییەکان نەک تەنها بەرپرسیارێتی بڕیارەکانیان لە بەرچاو بگرن، بەڵکو دەبێت بەرپرسیارێتی دەرئەنجامەکانیش لە ئەستۆ بگرن، تەنانەت ئەگەر ئەمە ناکۆک و ناتەبا، یاخود ببێتەهۆی لەباربردنی ئەو مەبەستەی لە سەرەتادا هەوڵی بەدیهێنانی درا. ڤیبەر ئەو ڕاستییەمان بیر دەخاتەوە کە لە سیاسەتدا، بەرپرسیارێتی پێوەندیەکی کەمی بە بیرو باوەڕەکانەوە هەیە و پتر پەیوەستە بە دەرئەنجامەکانەوە. کەواتە پێویستە ئەخلاق لە سیاسەتدا بیر و باوەڕ و بەرپرسیارێتی پێکەوە گرێ بداتەوە. بەرپرسیارێتی وەک زەقترین ڕواڵەتی ئەخلاق لە سیاسەتدا دەردەکەوێت.**

و دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردستانە؟ خۆ ئەگەر لە روانگەی ئەو پەرلەمانتارە و پەرلەمانتارەکانی دیکەی گۆڕان و یەکێتیشەوە سەیری بکەین، ئایا کێ بەڵێنی شکاندووە؟ بێگومان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دوای ١٩ کاتژمێر کۆبوونەوە لە بەرەبەیانی ١٩ی ئاب بڵاویان کردەوە کە کۆبوونەوەی پەرلەمان دوابخرێت، بەڵام پەرلەمانتارەکانی کۆمەڵ و بەشێك لە یەکگرتوو و یەکێتی و گۆڕان، پابەند نەبوون بەو بەڵێنە، واتە ئەوان بەڵێنی حزبەکانی خۆیان شکاند کە تەنها پێنج کاتژمێر پێش کۆبوونەوەکە بە یەکتریان دابوو! پرسیار لێرەدا ئەوەیە پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ کە فەتوای گوناهبارکردن دەدات، ئایا دەزانێت مانای گوناه و خراپە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چییە؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە پێویستی بە وەڵامی ئێمە نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵ زۆر باشتر لە ئێمە لە قورئان و ئیسلام شارەزایە و ئەگەر ئیسلام و قورئان نەکات بە ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیی حزبەکەی، پێویستی بە وەڵامدانەوەی ئێمە نابێت، هەروەها ئاماژەکردنیشمان بەم رووداوە بۆ ئەوە نەبوو پێی بڵێین کارێکی خراپت کردووە، یان باش، بەڵکو مەبەستمان لە دووبارە ئاماژە پێکردنەوەی ئەوە بوو، کە ئەم رووداوە هەم رووداوێکی واقیعی بوو، هەمیش پێوەندی بەو واقیعە سیاسییەی ئێستای کوردستانەوە هەیە کە بە شێوەیەك متمانەی لە نێوان حزبە سیاسییەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە سڕیوەتەوە کە بنەما و پرەنسیپەکانی ئازادی گۆڕیوە بۆ ئاژاوە و پاشاگەردانی، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی تاکەکانی کۆمەڵگە بێز لە وشەی ئەخلاقی سیاسی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بە شێوەیەك ئەخلاق بە سیاسی کراوە، گەیشتۆتە ئەوەی دۆست و دوژمن لە سەر حیسابی ئینتیمای سیاسی پۆلێن بکرێت، لەمەش خراپتر ئەم پۆلێنکردنە بە دوژمن تەنها لەبەر ئەوەی لە بۆچوونێکی سیاسیدا لەگەڵ ئەو یەك ناگرێتەوە، بە ئاشکرا لە سەر ئاستی ئیرهابی فیکری و ترس و تۆقاندن و هێرشکردنە سەر بارەگاکانیان روویدا.

ئەگەر لێرەدا شیکارێکی لەبەر یەك هەڵوەشان، بۆ دروشم و رەفتاری ئەو حزبە سیاسییانە بکەین، کە ئێستا

**کاتێک رق و کینە لە بری خۆشەویستی و پێکەوەژیان دەبێتە هەوێنی سیاسەت دروستکردن و سیاسەتکردن، ئیدی شتێک نامێنێتەوە ناوی متمانە بێت، شتێک نامێنێتەوە رێز لە هاوکاری و یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان بگرێت**

# سێ ڕەهەندی سیاسەت و ئەخلاقی سیاسی


**دەکرێت وەک پێکهاتەیەکی سێ ڕەهەندی لە سیاسەت بڕوانین.**
**ڕەهەندی ڕەمزی، کە پەیوەستە بەو وێنایەی بۆ دەسەڵات دەکرێت، هەروەها بە خەسڵەتی حوکمڕانەکان لە ڕووی تەمەن و ڕەگەزەوە، بە ناسنامەی نەتەوەیی و ئاڵا و سروودی نیشتیمانییەوە، هەروەها پەیوەستە بە شێوازی وێناکردنی ناکۆکی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانەوە، بە بیانی و کۆچبەرانەوە. کەلتووری سیاسیش بەشێکە لەم ڕەهەندە، بەڵام لەم ڕەهەندەدا کورت نابێتەوە.**
**ڕەهەندی دووەم، بریتییە لەو چوارچێوەیەی تێیدا پرۆسە سیاسییەکان ڕێکدەخرێن، پێکهاتووە لە چوارچێوەیەکی سەرەکی، یان دەستووری، کە پێکدێت لە یاسا و ڕێساکانی گەمەکە. هەموو ئەم توخمانە سیاسەت دادەڕێژن، بەڵام هەندێ جار تەنها ڕواڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەرن، یا ڕێوڕەسمێکی سیاسین و زۆر دوورن لەوەی پرۆسەیەکی کۆنکرێتی بن.**
**ڕەهەندی سێیەم، پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی کاروبارەکانەوە، هەروەها**

**ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندە حزبێکی خراپە و سەرۆکەکەی ئەوەندە دیکتاتۆرە، خێرە پێکەوە حکومەتتان پێکهێناوە و وەزیری پێشمەرگە کە کادرێکی پێشکەوتووی گۆڕانە یاوەری شاندی سەرۆکی هەرێمە بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان؟!**

لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بە ناو سیاسەت دەکەن، ڕەفتار و دروشمەکانیان بە جیا بێنینەوە دەنگ و گوێیان لێبگرین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە چ ڕوانگەیەکەوە سیاسەت دەکەن؟ بێگومان دروشمەکانیان سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکان ئەوەیە کە دەیانەوێت کۆمەڵگەی پڕچاکە و دادپەروەری (العدل و الاحسان) بێتە ئاراوە، ئەگەر لە حزبە چەپەکانی وەك یەکێتی و گۆڕان-یش پێمان دەڵێن (سۆشیالیستی و دیموکراتی ) لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەو حزبانەی بە خۆیان دەڵێن سۆشیال دیموکرات، بەدیهێنانی سۆشیالیزمە لە ڕێگەی دیموکراتی و پەرلەمانییەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بەو ڕەفتارە سیاسییەی لە پرۆسەی سیاسی بە ئاشکرا دەیبینین، ئایا کۆمەڵگەی عەدل و ئیحسان و سۆشیالیزم و دیموکراتی چۆن بوونی دەبێت، ئەگەر هەوڵەکان بۆ خۆسەپاندن و یەکتری سڕینەوە و دروستکردنی ژینگەیەکی پڕنیگەرانی و نائارام بێت لە کۆمەڵگەدا؟ ڕاشکاوانەتر ئاڕاستەکردنی فورمی سیاسی کۆمەڵگە بە شێوەیەك کە خەڵك نەك هەر متمانەی بە حزبە سیاسیەکان نەبێت، بەڵکو متمانەی بە سیستمە سیاسییەکە و تەنانەت متمانەشی بە وڵاتەکەشی نەمێنێت کە تیایدا بژی.

ئەم حاڵەتەی ئێستا گرنگە ڕاشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی بە سیاسیکردنی ئەخلاق و پۆلێنکردنی خیانەت و نیشتمانپەروەری لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسیی داخراوە بۆ ئەخلاقی هاونیشتمانی و نیشتمانپەروەری، بارودۆخێك بەرهەم دەهێنێت کە پێی دەگوترێت: ئەنۆمی، یان نەمانی ئەخلاقی سیاسی (Stiuations of anomi or normlessness)، ئەمە نەمانی ئەخلاق و مۆراڵی ئایینیش لە کۆمەڵگە دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی بنەمای فەزیلەی ئەخلاقی و لەگەڵیدا پەروەدەی ئەخلاقی کە پێویستە لە ناو کۆمەڵگە بوونی هەبێت، بەرهەمی داب و نەریت و بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگەیە، گرنگترین بەهای هاوبەشیش لە کوردستاندا ئەو بنەما ئەخلاقییە ئایینییەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کۆمەڵگەی ئێمە دروستی کردووە، بۆیە کاتێك حزبە ئیسلامییەکان ئەم بنەما ئەخلاقییە ئایینییە خۆڕسکەی کوردستان،




**به دانانی ئەولەوییاتــەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و بە دانوســتاندنەکان و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەت و بڕیارەکانەوە، بە دەستەبەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە، بە خستنەگەڕی سەرچاوەکان و بە مامەڵەکردن لەگەڵ کاراکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکانەوە.**

**به زۆری شکستی سیاســییەکانیش گرێ دەدرێتەوە بە بایەخدانی زیاد لە پێویست، یاخود بە کەمگرتن، یان فەرامۆشکردنی یەکێک لەم سێ ڕەهەندەوە. ئەخلاقی سیاسی ئــەوە دەخوازێت کە هەر ســێ ئەم ڕەهەنــدە لەبەرچاو بگیرێن و ڕەچــاو بکرێن، بە هەمان شــێوە پێویستە دان بە ســنووورداری ئەم ڕەهەندانەدا بنرێت و تێکەڵ نەکرێن. پشتگوێخســتنی هەر یەکێک لەم ســێ ڕەهەندە، یاخود بــە کەمگرتنی هەر یەکێکیان دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.**

- **سەرچاوە: ئەخلاق لە سیاسەتدا**
- **نووسینی: بینویت گیراردین**

به ئایدیۆلۆژیەتی سیاســی خۆیان بە سیاسی دەکەن، گەورەتریــن بۆشــایی ئەخلاقی کە لــە کۆمەڵگەی کوردستان دروســت دەبێت، شاردنەوەی بنەما ئەخلاقییە خۆڕســکەکەی ئایینــی ئیســلامە لــە کۆمەڵگەی کوردســتاندا، ئەمە دەبێتە ســەرەتایەك بــۆ داخوڕانی متمانەی تاکی کوردستانی لەگەڵ ئەو بنەما ئەخلاقییە خۆڕســکە ئیســلامییەی کە زیاتر لە هەزار ســاڵە لە کوردســتاندا بوونی هەیە.. لە کاتێکدا ئەمانۆئیل کانت کاتێــك هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو متمانە لە نێوان تاك و سیستمی سیاسی دروســت بکات، یەکێك لەو بنەما ئەخلاقییانەی پەنــای بۆ برد، بۆ ئەوەی ئەو متمانەی پێ دروســت بکاتــەوە، ئاینی کریســتیان بووە، بەڵام حزبێکی ئیسلامی وەك کۆمەڵی ئیسلامی بە بێ ئەوەی ئاژاوە و فیتنــەی کۆمەڵگە لەبەر چاو بگرێت، یان لە بەر خوا لێی بترسێت، زۆر بێباکانە ئەم بنەما ئەخلاقییە ئایینییە بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی بە سیاسی دەکات و زەمینەی ئاژاوە و ناســەقامگیری لە وڵاتێکدا خۆش دەکات کــە بە درێژایی ١١٠٠ کیلۆمەتر لە شــەڕێکی گەورەی تیرۆریستاندایە. ئەمە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان-یش ڕاستە. ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان کە دروشمەکەی بریتییە لە گۆڕان و گۆڕانکاری، جێگەی خۆیەتی لێی بپرســین: ئایا گۆڕان لە چییەوە بۆ چی؟ ئایا گۆڕان بەو مەبەســتەی ڕێز و ئەخلاقی سیاســی بگۆڕێت بۆ شــەڕەجنێو و یەکتری شکاندن لەســەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتــی؟ ئایــا گــۆڕان لە خۆشەویســتی و برایەتییــەوە بۆ ڕق و کینە و دوژمنایەتی؟ ئایا گۆڕان لە ســەقامگیری و تەناهییەوە بــۆ ئاژاوە و بێنیزامی؟ ئایا گۆڕان لە متمانــەوە بۆ بێمتمانەیی نێوان حزبەکان و هاوولاتیان و سیســتمی سیاسی کوردستان؟ لەوانەیە هەندێــك لە هەودارانی گۆڕان ئەمانــە بە پاکانە، یان لایەنگیری بۆ حزبێکی سیاســیی دیاریکراو بخوێننەوە، بۆیە لە وەڵامدا پێیان دەڵێین: ئەمە لایەنگیریکردن نییە بۆ لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەمە موناقەشــە کردنە لە سەر شێواز و میکانیزمی چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. ئەمــە ڕەتکردنەوەی ئەو فیکرە دۆگما شمولییەیە کە بێجگە لە ڕق و کینە بڕوای بە هیچ فۆرم

**دوای شکستە سەربازییەکەی ١٩٦٧ جەمال عەبدولناسر هاتە سەر تەلەفزیۆن و بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، هەرچی ڕوویداوە ئەو بەرپرسیارەتییەکەی هەڵدەگرێت، بەڵام لە دوای ١٩ی ئاب نەوشیروان مستەفا نەیتوانی بێتە سەر تەلەفزیۆن و بڵێت، ئەوەی ڕوویداوە هەموو ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی منە و من تەحەمولی هەموو ئاکامەکەی دەکەم و داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم**

# چەند نموونەیەک لە بارەی ئەخلاقی شەخسی و ئەخلاقی سیاسییەوە

**١. باجدان لە ڕوانگەی ئەخلاقی شەخسی و ئەخلاقی سیاسییەوە**

کاتێک پرسی ئەوە دەورووژێنین، ئایا پێویستە بەشێک، یان سەرجەم باجەکانی سەرشانمان بدەین، ئەوا ڕووبەڕووی کێشـــەی ئەخلاقی شەخســـی دەبینەوە، دەبێت بـــە بیرکردنەوە لە یاســـا مەدەنییە دادپەروەرەکان هەڵســـەنگاندنی بۆ بکەین. بەڵام کاتێک پرسی ئەوە لە ئارادا دەبێت، ئایا پێویســـتە دەوڵەت درێژە بەو سیســـتمی باجە بدات کە پیـــادە دەکرێت، یاخود پێویســـتە چاکســـازی گەورەی تێدا ئەنجام بدات، ئەوا دەکەوینە بەردەم ئەخلاقی سیاسی کە دەبێت بە گوێرەی پێداویستییەکانی چاکەی گشتی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. بۆ نموونە، ئەو کێشەیەی پەیوەستە بە ئەخلاقی سیاسییەوە، بریتییە لە هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی ڕێکخستنی قوتابخانەیەک، یان سیستمی چاودێری تەندروستی.

**٢. ئەخلاقی شەخسی و ڕەفتاری سەلبی**

دەوڵەت ناتوانێت لە ڕوانگەی ئەخلاقی شەخســـییەوە ڕەفتاری ســـەلبی پەسەند بکات. بۆ نموونە، ڕەنگە مشت و مڕی ئەوە بکرێت، کە ئەو یاسایەی درۆی بچووک، یان شەڕ و ئاژاوەی بچووکـــی نێوماڵ بە تاوان دانانێت، بە یاســـایەکی باش لە قەڵەم بدرێت. ئەم مشـــت و مڕە مانایەکی زۆری نابێت، لەبەر ئەوەی ڕێز لە جیاکردنەوەی بواری شەخسی و سیاسی ناگرێت. درۆی بچووک و ئاژاوەی بچووکی نێو ماڵ پەیوەســـت نین بە چاکەی سیاســـیی هاوبەشەوە، هەروەها ناکەونـــە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتەوە، بەو پێیە، یاســـای مەدەنی مامەڵە لەگـــەڵ ئەم ڕەفتارەدا ناکات، واتە ئەگەر بە ســـادەیی بدوێین، ئەوا دەوڵەت لە ئاســـتیاندا بێدەنگە. شتێکی سروشتیە کە ئەگەر یاسا بێدەنگ بێت لە ئاست ئەم کارانەدا، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم کارانە بە پێی یاســـا قەدەغە نەکراون، بەو پێیـــە گریمانەی ئەوە دەکرێت ڕێگەپێدراو بن. هەرچۆنێک بێت، ڕەنگە ڕەوا نەبێت کە دەوڵەت بە راشـــکاوی ڕێیان پێبدات، چونکە ئەمە و میکانیزمێکـــی چاکســـازی و گۆڕانکاری نییە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە و دەرهێنانی لەو چوارچێوە حزبییەی کە ئێستا گۆڕان باسی گۆڕانکاری پێدەکات، باشترە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ناردنە خوارەوەی قورئان بـــۆ کۆمەڵگەی جاهیلی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا. ئەگەر سەرنج بدەین پەروەردگار بەو هەموو گەورەییەی خۆیـــەوە کە ناچار بـــوو پێغەمبـــەر (د.خ) بنێرێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جاهیلی چاك بكات، سەرەتا هەموو شتێکی کۆمەڵگەی جاهیلی رەتنەکردۆتەوە، بەڵکو تەنها پێغەمبەر (د.خ)ی راسپاردووە کە لایەنە خراپەکانی ئەو کۆمەڵگەیە چاك بکات و تەنانەت لایەنە باشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وەك سوننەتی خوا و پێغەمبەر سەیر کراوە، وەك پێغەمبەر (د.خ)یش فەرموویەتی: «لتتبعن ســـنن من کان قبلکم»، ئەمە مانای ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) کە پەروەردگار ناردوویەتی بۆ چاککردنی جاهیلییەت، هەموو شتێکی رەدنەکردۆتەوە، بەڵام نەوشیروان مستەفا حزبێکی دروستکردووە بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی رەدبکاتەوە و بیسڕێتەوە، ئەندام و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە خەریکن لە بری کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی کە هەموو کورد و کوردســـتان شـــانازی پێوە دەکات، کەلتووری بێڕێزی و شەڕە جنێو دروســـت دەکـــەن و دەیانەوێت ئەم کەلتـــوورە جێگەی کەلتووری ڕێز و پێکەوەژیان بگرێتەوە، ئەم سیاسەتمەدارە و حزبەکـــەی بـــرەو بـــە زەمینەیـــەك دەدات، ئیرادەی شـــەڕ بەرهەم بهێنێت و ئیرادەی خێـــر لەم وڵاتە بوونی نەمێنێت! هەندێك نووســـەر و بەناو رۆشنبیر هان دەدات، ســـەرۆك و سیاسەتمەداری ئەم وڵاتە بە دیکتاتۆرەکانی هاوشـــێوەی بەشار ئەسەد و ســـەدام حوسێن و قەزافی بەراورد بکەن. شەخســـی نەوشیروان مستەفا بە ئاشکرا حزبەکەی بەرامبەری بە حزبی بەعس و فاشی بەراورد دەکات. پرســـیار لێرەدا ئەوەیە سیاسەتمەدارێك کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە سیاسەت دەکات، لە دوای ٧٠ ساڵ تەمەن

**نەوشیروان مستەفا حزبێکی دروستکردووە بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕان، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی رەدبکاتەوە و بیسڕێتەوە، ئەندام و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە خەریکن لە بری کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی کە هەموو کورد و کوردستان شانازی پێوە دەکات، کەلتووری بێڕێزی و شەڕە جنێو دروست دەکەن و دەیانەوێت ئەم کەلتوورە جێگەی کەلتووری ڕێز و پێکەوەژیان بگرێتەوە**

به واتای ئەوە دێت دەوڵەت سەرچاوەی بوونی بواری شەخسی و تایبەتییە (تۆتالیتاریەت)، ئەمــە لە كاتێكدا بوونی بواری شەخســی و تایبەتی بۆ هاووڵاتیان- كــە دەوڵەت ناتوانێت دەســتێوەردانیان تێدا بكات- مافێكی سروشتیە و دەوڵەت ناچارە دانیان پێدا بنێت و ڕێزیان لێبگرێت. لە هەر حاڵەتێكدا، ئەوە ڕوونە كە هەر كاتێك ڕەفتارێكی شەخسی پەیوەست بێت بە بواری گشــتییەوە -بۆ نموونە، كوشتن و توندوتیژییەكی مەترسیدار لە نێو خێزاندا - چیتر ئەم ڕەفتارانە، ڕەفتاری شەخسی و تایبەت نین.

٣. خۆشگوزەرانی و پێكەوەژیان

پێویستە ئەخلاقی سیاسی لەوە بپرسێتەوە كە چۆن و تا چ ڕاددەیەك پێویستە چاكەی گشتی هاوبەش گوزارشــت لە دوا ئامانجی « شەخســی» دەكات ( هەروەها لە چاكەی كۆمەڵایەتی بە مانا بەرفراوانەكەی). ئەمەش پەیوەســتە بەو تێگەیشــتنەی كە تاوەكو ئێمە بونەوەرێكی مرۆیی بین، ئەوا ڕووبەڕووی دو كێشە دەبینەوە، پێویستە بە باشی بژین و پێویستە پێكەوە بژین. بە باشــی ژیان گرنگترە، بەڵام پێكەوەژیان بنەڕەتیتــرە، لەبەر ئەوەی تەنها پێكەوە دەتوانین بژین و بە باشــی بژین، بەڵام بە باشــی ژیانیش ڕەهەندگەلێك لە خۆدەگرێت كە ســنووری پێكەوەژیان تێدەپەڕێنــن. بەو پێیە، ناتوانرێت بە شــێوەیەكی ئۆتۆماتیكی، یان ناچاری بەدەســت بهێندرێت - ئەگەرچی دەكرێت كارئاســانییان بۆ بكرێت - بۆ ڕێكخستنی ڕاست و دروستی ژیانی هاوبەش. بۆ چارەســەركردنی ئەو كێشانەی لە پێكەوەگرێدرانی ئەم دوو خواستە - بە باشی ژیان و پێكەوەژیان - دروست دەبن، پێویستە پێ بنێینە نێو ئەخلاقی سیاسییەوە، كە ئەمەش لە دەرەوەی مەودای ئەو بیركردنەوانەیە.

● سەرچاوە: ئەخلاقی كەسی و ئەخلاقی سیاسی

● نووسینی: ئەنگیل ڕۆدریگز لونۆ

حزبێك دروســت بكات بۆ ئەوەی ئیرادەی شەڕ بەرهەم بهێنێت و هەموو شتێكی ئەم گەل و وڵاتە بە سەقەت و خراپ بزانێت و هەوڵبدات بەو شێوە بیگۆڕێت كە خۆی ئامانجیەتی، ئایا بێجگە لە بەرهەمهێنانی ئیرادەی شەڕ و كاولكردنی ئەم وڵاتە چ ئاكامێكی دەبێت؟!

ئامانجی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەكەی بۆ لەبەر یەك هەڵوەشــانی ژێرخانی كەلتــووری و ئەخلاقی ئەم كۆمەڵگەیە.. بۆ ئەوەیە بەرامبەرەكەی ئیستفزاز بكات، بۆ ئەم ئیســتفزازكردنەش چەندین مۆدێل و شــێوازی جیاوازی ئیستفزازكردنی لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی و سیاســی و پەرلەمانی بەرهەم هێناوە و خەریكە دەیكاتە نۆرمێــك و دەیكاتە بەشــێك لە كەلتووری سیاســەتی حزبایەتی و سیاســەتی كۆمەڵایەتی لە كوردســتاندا! لە ئێســتادا ئاكامی ئەم مۆدێلە تازەی سیاســەت كە بەرهەمهێنەرەكــەی بزووتنەوەی گۆڕانە، بۆتە هۆكاری ئەوەی هەست بە بۆشایی ئەخلاقی سیاسی لە كۆمەڵگە بكرێت، كۆمەڵگەیەكی ئەنۆمی دروستكردووە كە هیچ كــەس متمانەی بــەوی دیكەی نییــە، هیچ حزبێك متمانەی بەوەی دیكە نییە.

● **دروستكردنەوەی زەمینەی متمانە لەسەر زەمینی بێ متمانەییدا**


ئەو زمانە ئیعلامی و سیاســییەی لە ماوەی ٢٣ی حوزەیران تــا ١٩ی ئاب بزووتنــەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان قسەی پێدەكرد، هەمان ئەو زمانە ئیعلامی و سیاســییە بوو كە میسر لە سەردەمی عەبدولناســر و پێــش شكســتەكەی ١٩٦٧ بەرامبەر ئیسرائیل قســەی پێدەكرد. جیاوازی نێوان عەبدولناسر و نەوشیروان مستەفا لەم بەراوردە ئەوەیە، دوای شكستە ســەربازییەكەی ١٩٦٧ جەمال عەبدولناســر هاتە سەر تەلەفزیۆن و بــە هەموو جیهانــی ڕاگەیاند، هەرچی ڕوویداوە ئەو بەرپرسیاریەتییەكەی هەڵدەگرێت، بەڵام لە دوای ١٩ی ئاب نەوشیروان مستەفا نەیتوانی بێتە سەر

**ئایا گۆڕان لە چییەوە بۆ چی؟ ئایا گۆڕان بەو مەبەستەی ڕێز و ئەخلاقی سیاسی بگۆڕێت بۆ شەڕەجنێو و یەكتری شكاندن لەسەر ئاستی سیاسی و كۆمەڵایەتی؟ ئایا گۆڕان لە خۆشەویستی و برایەتییەوە بۆ ڕق و كینە و دوژمنایەتی؟ ئایا گۆڕان لە سەقامگیری و تەناهییەوە بۆ ئاژاوە و بێنیزامی؟ ئایا گۆڕان لە متمانەوە بۆ بێمتمانەیی نێوان حزبەكان و هاووڵاتیان و سیستمی سیاسی كوردستان؟**




**کاتێک حزبە ئیسلامییەکان ئەم بنەما ئەخلاقییە ئایینییە خۆڕسکەی کوردستان، بە ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی خۆیان بە سیاسی دەکەن، گەورەترین بۆشایی ئەخلاقی کە لە کۆمەڵگەی کوردستان دروست دەبێت، شاردنەوەی بنەما ئەخلاقییە خۆڕسکەکەی ئایینی ئیسلامە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا**

تەلەفزیۆن و بڵێت، ئەوەی روویداوە هەموو ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی منە و من تەحەمولی هەموو ئاکامەکەی دەکەم و داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم. لەوانەیە لێرەدا ئەو پرسیارە جێگەی خۆی بێت، بۆ لەناو هەمووواندا پێویست بوو نەوشیروان مستەفا داوای لێبووردن بکات؟ وەڵامی ئەمە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی ئەو ژینگە سیاسییەی لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان دروست بووە، بەرهەمی مۆدێلە تازەکەی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕانە، لەم مۆدێلە تازەیەی سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان، پارتی دیموکراتی کوردستان «حزبێکی فاشی و خائین «ە و دەبێت وەك دوژمن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت! ئایا ئەمە بوختانی سیاسییە یان واقیعە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کادرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەیدەنەوە، کە چۆن بە زمانی رق و کینە و بوغز لە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان قسە دەکەن و دەیانەوێت شەرعییەتی سڕینەوە بە خۆیان بدەن، بەوەی ئەم حزبە شایەنی ئەوە نییە ئەسڵەن هەر بوونی هەبێت، لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان خۆی هاوپەیمانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکەوە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە!! پرسیاری گرنگ لێرەدا کە رووبەڕووی رێکخەر و تەواوی کادرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەبێتەوە، ئەوەیە کە: ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندە حزبێکی خراپە و سەرۆکەکەی ئەوەندە دیکتاتۆرە، خێرە پێکەوە حکومەتتان پێکهێناوە و وەزیری پێشمەرگە کە کادرێکی پێشکەوتووی گۆڕانە یاوەری شاندی سەرۆکی هەرێمە بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان؟! پرسیاری دیکە ئەوەیە: ئایا نەوشیروان مستەفا هەر بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان رق و کینەیەی هەیە؟ یان رق و کینە هەوێنی سیاسەتکردنە لە بیرکردنەوەی ئەم سیاسەتمەدارەدا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە میتۆدی سیاسەتکردنی ئەم سیاسەتمەدارە دەیداتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین بە درێژایی مێژووی سیاسیی ئەم سیاسەتمەدارە لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسی مامەڵەی کردبێت، رق و کینە بەشێك بووە لە هەوێنی بیرکردنەوەی، تەنانەت بەرامبەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان-یش کە خۆی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی. هەروەها بەرامبەر حزبی سۆشیالیستی کوردستان کە ئەم حزبە خۆی بەشێك بووە لە دامەزراندنی، هەروەها بەرامبەر حزبی شیوعی عێراقی، کە لە رووی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییەوە هەردوولا خۆیان بە مارکسی زانیوە.، بۆیە کاتێك رق و کینە لە بری خۆشەویستی و پێکەوەژیان دەبێتە هەوێنی سیاسەت دروستکردن و




سیاسەتکردن، ئیدی شتێك نامێنێتەوە ناوی متمانە بێت، شتێك نامێنێتەوە رێز لە هاوکاری و یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان بگرێت.

لە ئێستای واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان و تەواوی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بە پارچەکانی دیکەشەوە، زەمینەیەك هەیە وەك رای گشتی کە دژی رق و کینە و لێکترازانی نێوماڵی کورد و کوردستانە، لە ناو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش -بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسییەوە- ئیرادەیەك هەیە کە دژی لێکترازان و بەرهەمهێنانی سیاسەتی رق و کینە و یەکتری رەتکردنەوەیە و رۆژی ١٩ی ئابیش دەریخست، ئەگەر ئەم ئیرادەیە لە ٢٣ی حوزەیران بە رێژەیەکی زۆر کەمینە بووبێت، ئەوا لە دوای ١٩ی حوزەیرانەوە بۆتە زۆرینە و رۆژ لە دوای رۆژیش پشتگیری خەڵکی کوردستان بە نەتەوە و ئایینییەوە، بۆ ئەم ئیرادەیە روو لە زیادبوونە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم زۆرینەیەی دوای ١٩ی ئاب وەك زۆرینە سادەکەی ٢٣ی حوزەیران دژی لایەکەی دیکە بەکارنەهێندرێت، بەڵکو ئەم زۆرینەیە کە پشتگیری خەڵکی کوردستان رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوونە بۆی، گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی ئیرادەی خێر بخرێتە گەڕ و هەوڵبدرێت ببێتە بنەمای سازان و یەکڕیزی گەلی کوردستان، لەمەش زیاتر هەڵکشانی پشتگیری بۆ ئەو بەرەی ئێستا خۆی بە زۆرینە دەبینێتەوە، لەو روانگەیەوە ئەم بەرەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنی سەرەکییە لە ناویاندا، بڕوای بە تۆڵەسەندنەوە نییە، هەروەها بەرامبەرەکانی وەك دوژمن سەیر ناکات، ئەم دوو فاکتەرەش بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر گرنگن کە بتوانێت ئاراستەی هەوڵەکانی لە ئێستاوە بۆ ئایندە بەو ئاراستەیە بێت کە خەڵکی کوردستان ئومێدی بۆ دەخوازێت، ئەو ئومێدەش دروستبوونەوەی متمانەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، هەروەها دروستبوونەوەی متمانەیە لە نێوان خەڵکی کوردستان و تەواوی سیستمە سیاسییەکە، باری قورس لەم هاوکێشەیەدا کە دەکەوێتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دروستکردنەوەی متمانەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، ئەم لایەنە بە تەنها بە رێککەوتنی پێنج قۆڵی نایەتەدی، بەڵکو شێوازێك لە وەرچەرخان و گۆڕینی زمانی ئاخافتن و وتووێژی دەوێت کە خەڵکی کوردستان ئاواتی بۆ دەخوازێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی زمانی لێکتێگەیشتن و حیوار جێگەی زمانی جنێودان و شکاندنی بەرامبەر بگرێتەوە.، هەروەها بۆ ئەوەی رێز و خۆشەویستی و پێکەوەژیان جێگەی یەکتری قبوڵنەکردن و یەکتری سڕینەوە بگرێتەوە.

**پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ کە فەتوای گوناهبارکردن دەدات، ئایا دەزانێت مانای گوناه و خراپە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چییە؟**



### کریستۆفەر مۆریس ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ماریلاند بۆ گوڵان:

# زۆر جار دەبێت لایەنە سیاسییەکان بژاردەی قورس بگرنەبەر بەڵام پێویستە داب و نەریتەکانی دادپەروەری لەبەرچاو بگرن

پرۆفیسۆر کریستۆفەر مۆریس، مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی ماریلاند و هەر دوو بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری فەلسەفەدا لە زانکۆی تۆرینتۆ لە کەنەدا بەدەستهێناوە. هەروەها ئەندامی دەستەی راوێژکارییە لە سەنتەری توێژینەوەی پەیوەست بە ئەخلاق و سەروەریی یاسا لە زانکۆی پەنسلفانیا کە بایەخدانە مەعریفییەکانی پەیوەست بە فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسی، ئەخلاقی پراکتیکی، تیۆری یاسایی و تیۆری عەقلانییەتی پراکتیکی شرۆڤە دەکەن. گوڵان چەند پرسیارێکی لە بارەی پێوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت و دەرئەنجامە خراپەکانی بە سیاسیکردنی ئەخلاق لە کۆمەلگە و کردنی بەرژەوەندییە سیاسییە بەرتەسکەکان بە بنەمای کارکردن، ئاراستە کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەلامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** ئەرستۆ دەڵێت سیاسەت ململانێیە بۆ چاکەی گشتی، ئەمەش واتە سیاسەت هەمیشە بنەمایەکی ئەخلاقی هەیە، کەواتە چی ڕوودەدات ئەگەر ئەم بنەما ئەخلاقیە نەمێنێت؟**

- ئامانجی کاری سیاسی پێویستە چاکەی گشتی بێت، ئەمە بۆچوونێکی بەربڵاو و کاریگەرە و منیش قبووڵمە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو لایەنە سیاسییەکان دەبێت تەنیا لەلایەن چاکەی گشتییەوە بجووڵێندرێن و هان بدرێن، لەبەر ئەوەی هەندێك لەوانەیە لەلایەن هیوا و ئاواتی کەسی، هەروەها چاکەی گشتییەوە بجووڵێندرێن. هەروەها دەبێت کاری سیاسی بە دادپەروەرییەوە ببەسترێتەوە. واتە زۆر جار لایەنە سیاسییەکان دەبێت بژاردەی قورس بگرنەبەر، بەڵام بە گشتی پێویستە ڕێز لە کۆت و بەندە بنەڕەتییەکانی دادپەروەری بگرن، ئەمەش واتە پاراستنی ماڵ و سامان و ژیانی خەڵك و ڕێزگرتن لە ڕێکارە دادپەروەرییەکان، بۆنموونە زەمانەتی یاسایی دەستەبەر بکرێت لە سەروەختی حوکمدان بە سەر بێتاوانەکاندا.

*** کاتێك ململانێی سیاسی لە چاکەی گشتییەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێ لە نێو پارتە سیاسییەکاندا، تا چ ڕادەیەك کۆمەڵگە دەناڵێنێت بە دەست دۆگمای سیاسییەوە و تا چەندیش کۆمەڵگە دەبێتە پەرژینبەندێك بۆ ئایدیۆلۆژیای پارتە سیاسییەکان؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە و بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە، لەبەر ئەوەی زیاتر پشت دەبەستێت بە سیاق و بارودۆخە ناوخۆییەکە. هەندێك جار کێبڕکێ لە نێوان پارتە جیاوازەکاندا باشە، یان ئەنجامی باشی دەبێت، بەڵام هەندێ جاریش وا نییە. بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا جیاوازی بۆچوون هەیە لە سەر مانای چاکەی گشتی و چۆنیەتی بەدەستهێنانی. پارتە سیاسییە کێبڕکێکەرەکان نوێنەرایەتی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە دەکەن و ڕێگە دابین دەکەن بۆ مامەڵەکردن لە گەڵی و گەیشتن بە بنچینەیەکی هاوبەش. بە دڵنیاییەوە زۆرجار کێبڕکێ لە نێوان لایەنەکاندا پرسەکان خراپتر دەکات. بۆ نموونە پارتێکی سیاسیی لاواز هەوڵ دەدات قەیرانێك دروست بکات بۆ ئەوەی دەسەڵات و نفووزی خۆی زیاد بکات و کێبڕکێکەرەکانی بڕووخێنێت، یان لەناوی بەرێت.

*** لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا پارتە سیاسییەکان مەرجێکی پێویستن بۆ نوێنەرایەتیکردنی خواستەکانی خەڵك، بەڵام لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا گرووپ و کەسایەتییەکان پارتەکان دروست دەکەن بۆ ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردنی خەڵك، پێتوا نییە کە ئەم پارتانە کۆمەڵگەکانیان بە ئاقاریکی مەترسیداردا ئاڕاستە دەکەن؟**

- دووبارە ئەمەش زیاتر پشت بە سیاقەکە دەبەستێت. دیموکراسی جۆرە سیستەمێکی حکومەتییە کە زۆر پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنە فەرمییەکان و ئەو دەزگا تەشریعییانەی کە بڕیارەکان بە دەنگدان دەر دەکەن، هەروەها پشت دەبەستێت بە لابردنی بەرپرسان لەلایەن جەماوەر و میکانیزمەکانی تر. لە کۆمەڵگە نادیموکراتەکاندا میکانیزمی تر هەیە بۆ گەیشتن بە هاودەنگی، بەلانی کەمەوە لەناو گرووپە بەهێزەکاندا. هەموو وڵاتە دیموکراتییەکان لە بنەمادا لە کۆمەڵگەی نادیموکراتییەوە گەشەیان کردووە و بە شێوەیەکی گشتی هەڵساون بە بەکارهێنانی ئەو نەریتە یاساییانەی کە بوونیان هەبووە لە کۆمەڵگەکانیاندا. بۆیە دەکرێت دامودەزگای باشتر لە ململانێی سیاسییەوە سەرهەڵبدەن، واتە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو نەریتانەی لە ئارادان، کار بۆ بنیادنانی کۆدەنگی بکرێت.

*** ئەو پارتە سیاسییانەی لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندان، هەوڵ دەدەن کە کۆمەڵگەکانیان بە سیاسی بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە خواستە مەدەنییەکان دەگۆڕن بە خواستی سیاسی، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، تا چ ڕادەیەك بە سیاسی کردنی کۆمەڵگە دەرئەنجامی مەترسیدار بەرهەم دەهێنێت؟**

- لە پرسیارەکەتدا جیاوازیت کردووە لە نێوان خواستە سیاسی و مەدەنییەکان. لە ڕۆژئاوادا چەند نەریتێکی مۆدێرن هەن کە جەخت لەسەر سوودەکانی «کۆمەڵگەی مەدەنی» دەکەنەوە لە بەرانبەر هەژموونی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. بەم مانایەش کۆمەڵگەی مەدەنی بە زۆری لە هەموو دامەزراوە ناسیاسییەکان، یان نادەوڵەتییەکانی کۆمەڵگە پێکدێت. بۆ نموونە خێزان، کۆمەڵگە بازرگانییەکان، کۆمەڵە هەرەوەزییە کرێکارییەکان، ڕێکخراوە ئایینییەکان، بڕوانە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Civil_society.

بە زۆری دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەن کە دەمەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێکبشکێنن، بۆ نموونە یەکێتیی سۆڤیەت، عێراقی ژێردەستی سەددام حوسەین، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش. پێموایە ئەوە زۆر گرنگە کە «کۆمەڵگەی مەدەنی» تەندروست هەبێت و بپارێزرێت بۆ ئەوەی ڕێ لە ستەمکاری بگرێت. بۆیە ئەگەر لە پرسیارەکە باش تێگەیشتبم، ئەوە زۆر گرنگە کە زۆر لە «ئاواتە مەدەنییەکان» بپارێزرێن و بهێڵدرێنەوە. لە زۆربەی وڵاتاندا —وەك عێراق و کەنەدا و بەلجیکا و ئیسپانیا و بەریتانیا— کە گرووپی جیاوازی

**یەکێک لە نیگەرانییە گرنگەکان بۆ زۆر لە وڵاتە نادیموکراتییەکان و بۆ هەندێک وڵاتی دیموکراسیش گەندەڵییە، کە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی فەرامۆشکردنی چاکەی گشتی**

**دیموکراسی پێویستی بە بونیادە دەستوورییەکان هەیە کە کەمینەکان بپارێزێت. لە ڕاستیدا هەموو کەس لە دژی ئەوەیە خراپ بەکاربهێندرێت لەلایەن زۆرینەوە**

**هەموو وڵاتە دیموکراتییەکان لە بنەمادا لە کۆمەڵگەی نادیموکراتییەوە گەشەیان کردووە و بە شێوەیەکی گشتی هەنساون بە بەکارهێنانی ئەو نەریتە یاساییانەی کە بوونیان هەبووە لە کۆمەڵگەکانیاندا. بۆیە دەکرێت دامودەزگای باشتر لە ململانێی سیاسییەوە سەرهەڵبدەن، واتە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو نەریتانەی لە ئارادان، کار بۆ بنیادنانی کۆدەنگی بکرێت**

**زۆرجار کێبڕکێ لە نێوان لایەنەکاندا پرسەکان خراپتر دەکات. بۆ نموونە پارتێکی سیاسیی لاواز هەوڵ دەدات قەیرانێك دروست بکات بۆ ئەوەی دەسەڵات و نفووزی خۆی زیاد بکات و کێبڕکێکەرەکانی بڕووخێنێت، یان لەناوی بەرێت**

**دەبێت کاری سیاسی بە دادپەروەرییەوە ببەسترێتەوە. واتە زۆر جار لایەنە سیاسییەکان دەبێت بژاردەی قورس بگرنەبەر، بەڵام بە گشتی پێویستە ڕێز لە کۆت و بەندە بنەڕەتییەکانی دادپەروەری بگرن**

نەتەوەیی و ئایینی و زمانی هەیە، بە شێوەیەکی تایبەت گرنگە کە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری بکرێت و ڕێگەیان پێ بدرێت کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەت کار بکەن.

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا پارتە سیاسییەکان بەڕاستی بە بەها دیموکراتییەکانەوە پابەند نین، بەڵکو میکانیزمەکانی دیموکراتی بەکاردەهێنن، هەروەک پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان، کەواتە دەرئەنجامە خراپەکانی گۆڕینی پرۆسە دیموکراتییەکان بۆ بەردەبازێك لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە چین؟**

- پێش گرتنە دەستی دەسەڵات، ڕەجەب ئەردۆغان بە ڕاشکاوی وتی: «دیموکراسی وەك شەمەندەفەرێك وایە، هەر کە گەیشتیتە شوێنی مەبەست، دادەبەزیت». ئەم بۆچوونە لەسەر دیموکراسی وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لایەنێك و لە دواییشدا وازهێنان لێی، بە ڕوونی مەترسیدارە. بۆچوونێکی تر کە زۆر بڵاوە، ئەوەیە کە دیموکراسی لە بنەمادا لە حوکمی زۆرینە پێکدێت. ئەم بۆچوونەش هەر مەترسیدارە لە بەرئەوەی پارتێك، یان گرووپێك لەوانەیە هەژموونی سیاسی بەدەست بهێنێت و کەمینەکان بەکاربهێنێت و دەستکەوتەکانی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکە لە نێوان شوێنکەوتووەکانیدا دابەش بکات. دیموکراسی پێویستی بە بونیادە دەستوورییەکان هەیە کە کەمینەکان بپارێزێت. لە ڕاستیدا هەموو کەس لە دژی ئەوەیە خراپ بەکاربهێنرێت لەلایەن زۆرینەوە. «بڕگە یاساییەکانی ماف» کە چەسپاون، ئامانج لێی پاراستنی ئازادیی قسەکردن و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان و مافە مەدەنی و یاساییەکان و ئازادی ئایین و ماڵ و سامانە. ئەمڕۆ زۆرجار بە دیموکراسی سنووردار دەوترێت «دیموکراسی دەستووری»، هەرچەندە لە کۆندا وتراوە «حکومەتی کۆماری».

*** ئەگەر پارتە سیاسییەکان زۆر بایەخیان بە بەرژەوەندییە سیاسییە بەرتەسکەکانی خۆیان دا، ئەوا کۆمەڵگە بە دەست جەمسەرگیرییەکی توندەوە دەناڵێنێت و ئەم جەمسەرگیرییەش دەبێتە هۆی دابەشبوون و لێکجیابوونەوە و هەڵوەشان، چۆن بە باشی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا مامەڵە بکەین؟**

- زۆر فاکتەر دەتوانن لە جەمسەرگیریدا بەشدار بن. بۆ نموونە کۆمەڵگەی ئەمریکی ئێستا زۆر جەمسەرگیرترە، لەچاو سی یان چل ساڵ لەمەوپێش. زۆر هۆکاری جیاواز هەن بۆ جەمسەرگیری و بە شێوەیەکی نموونەیی پێویستە دامەزراوەکان لە دژی ئەمە بپارێزرێن. من زۆر شارەزاییم نییە لەم بوارەدا. بەڵام لێرەدا یەکێك لە نیگەرانییە گرنگەکان بۆ زۆر لە وڵاتە نادیموکراتییەکان و بۆ هەندێك وڵاتی دیموکراسیش گەندەڵییە، کە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی فەرامۆشکردنی چاکەی گشتی. یەکێك لە شێوە تایبەتییەکانی گەندەڵی کە زۆر وێرانکەرە ئەوەیە کە دەزگا سیاسییەکان بەکار بێت وەك ئامرازێك بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆت و دۆستانت. پیادەکردنی مەرجی پێدانی پارە (بەرتیل) بۆ خزمەتگوزارییەکان لە زۆر وڵاتانی جیهاندا باوە و زۆر وێرانکەریشە. ئەگەر دەزگا حکومییەکان وەك ئامرازێك بۆ خۆدەوڵەمەندکردن سەیر بکرێن، ئەوا حکومەت ناتوانێت خزمەت بەو ئامانجانە بکات کە پێویستمانە. بڕوانە ئەم وتارە لە:

https:// en.wikipedia.org/wiki/ Political _ corruption.

هەروەها سارا چەیز کتێبێکی نایابی لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە کە زۆربەی لە ئەنجامی ئیشکردنی لە ئەفغانستانەوە دەست کەوتووە، بۆ هەندێك لە وتارەکانی بڕوانە:

http://carnegieendowment.org/experts/?fa=712

بەتایبەتی بڕوانە ئەم چاوپێکەوتنە:

http://carnegieendowment.org/2015/07/15/global-kleptocracy/idi6

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا لە سەر نەریتی کۆمارییەکان (حکومەتی کۆماری) جەخت لەسەر دەسەڵاتە وێرانکارییەکانی گەندەڵی و گرنگی «حوکمی یاسا» دەکاتەوە. دواجار ئەمەش زۆر گرنگە، بەڵام بابەتێکی زۆر گەورەیە بڕوانە:
http://worldjusticeproject.org/what-rule-law.

*** پرۆسەی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە دروستکردنی سیاسەت و بڕیارە، ئەم دوو پرۆسەیەش بەرهەمی سیاسەتی گشتین، بەڵام ئەگەر سیاسەتی گشتی لە لایەن سیاسەتی تەسکی تایبەتەوە جێی گیرایەوە، ئەوا چی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا؟**

- بەشێکی وەڵامی ئەم پرسیارە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی پێشووتردایە. وەڵامەکانم زۆر ئەبستراکتن، ئەمیش بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە فەیلەسووفان ئەبستراکتانە بیردەکەنەوە و بەشێکی تریشی لەبەر ئەوەیە کە وەڵامە زۆر بەرجەستەکان تەنها دەتواندرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە وەڵام بدرێتەوە کە لە بارەی هەلومەرجە سیاسی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگەکانی خۆیان دەزانن. هەرگیز لە عێراق و هیچ ناوچەیەکی کوردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبووم، بۆیە من لە پێگەیەکی لاوازدام و ناتوانم ئامۆژگاری بدەم. ئەو بایەخانەی لەودیو پرسیارەکانتەوە هەن، زۆر گرنگن و کێشەکانیش زۆر قورسن بۆ چارەسەر.



**جواکیم کرۆتز** پسپۆڕ لە ئیدارەدانی تەنگژە و بونیادی ئاشتی بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی بارودۆخی توندتیژیی تەنگژە بگۆڕێت بۆ ئاشتی، دەبێت بە شێوەیەکی واقیعییانە ریشەی کێشەکە دیاری بکرێت

**جواکیم کرۆتز ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتورای لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیدا لە زانکۆی ئەپسالا لە سوید بەدەستهێناوە. لە بەشی توێژینەوەی ئاشتی و تەنگژە لە هەمان زانکۆ وانە دەڵێتەوە. هەروەها توێژەرە لە ئەنیستیوتی سویدی بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان. پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٢–٢٠١٣ بەڕێوبەر و لێکۆڵەری سەرەکی بووە لە پرۆژەی «کرانەوەی سیاسی لە میانمار: کاریگەرییەکانی لەسەر ناکۆکییە ئیتنییەکان»، هەروەها بەڕێوبەری پرۆژەی «ناکۆکی غەیرە دەوڵەتی و توندوتیژی تاکلایەنە» بووە. بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی تەنگژە و میکانیزمەکانی وەرچەرخانی تەنگژە بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر کرۆتز کرد و بەمشێوەیە راو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** شارەزایان ئیدارەی تەنگژە وەك دیاردەیەك دەبینین بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و لە ڕاستیشدا لایەنە سیاسییەکان دەتوانن بگەن بە سازان، بەڵام هەندێکجار لایەنگرانی ئەو پارتانە هەر ناکۆکی لە نێوانیاندا دەمێنێت. پێتانوایە چۆن دەتواندرێت وەرچەرخانی تەنگژە بکرێت بە ئاشتی تەواو؟**

- یەکەم لایەنی گرنگی ئەوەیە کە بۆچوونێکی واقیعی هەبێت لە سەر دژوارییەکانی وەرچەرخان لە کۆمەڵگەیەکی شەڕانییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاشتییانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە باش نییە ئامانجی بەرزت هەبێت، بەڵکو بەو واتایە دێت کە تێگەیشتنێك هەبێت لەوەی کە ئەمە بەڕاستی گرفتێکی قورسە، دەتوانین بڵێین زۆر قورسترە لەوەی لە ئاشتییەوە بچیت بۆ شەڕ، هەروەها جێی سەرسوڕمان نابێت کە بڵێین ئیستیفزاز و کێشە و مەترسی هەرەسهێنانی کاتیمان دەبێت. ئەوەی پێویستە هەبێت، کاتێك ئەو کێشانە روو دەدەن، سەبر و ئارامی و ویستی چوونە بە شوێن ئەو هۆکارانەی هەرەسەکەیان لە بارودۆخە نوێیەکدا درووست کردووە، نەك پیشاندانی ئەوەی کە بە هۆی تەنگژەکانی پێشووەوە بووە، یان بە لانیکەمەوە پێوەندی بەوانەوە هەیە. لەوانەیە هەندێکیان وابێت، بەڵام زۆربەی جار هۆکارەکانی گرژی لە قۆناغی پاش تەنگژەدا جیاوازە لەو هۆکارانەی سەریان کێشاوە بۆ توندوتیژییەکانی پێشووتر. بۆ ئەوەی بگەین بە خاڵی «ئاشتی» لە نێوان تاکەکاندا، پێویستمان بە بنیادنانی متمانەیە هەم لە نێوان تاکەکان و هەم لەناو دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکاندا. ئەمەش پرۆسەیەکی خاوە و قورستریش دەبێت پاش ناکۆکییە دوور و درێژەکان، یان بۆ ئەو تاکانەی ئەزموونی زۆر خراپیان هەبووە لە ناکۆکییەکانەوە، بەڵام ئەم بنیادنانی متمانەیە دەکرێت درووست بکرێت. بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ ئەم پرۆسەیە بکرێت، ئەوەش زۆر گرنگە کە دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکان لەگەڵ «لۆجیکی ناکۆکیدا» نەڕۆن، لەبەر ئەوەی هەڵەکانی پەرەپێدانی متمانە لە نێو تاکەکاندا زیاد دەکات.

*** لە پرۆسەی ئیدارەدانی تەنگژەدا، زۆرجار لایەنی سێیەم هەیە و ناکۆکییەکە بەهۆی لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزەوە چارەسەر دەکات، بەڵام وەرچەرخانی تەنگژە پێویستی بە دامەزراوە هەیە بۆ گۆڕینی کینە بۆ ئاشتی. بە بۆچوونی ئێوە تا چ ڕادەیەك بنیادنانی ئەو دامەزراوانە گرنگن بۆ وەرچەرخانی تەنگژە؟**

- بەداخەوە هیچ «گەرەنتییەك» نییە بەوەی چ جۆرە دامەزراوەیەك زامنی وەرچەرخانەکە دەکات، بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بەردەست ئەوە پیشان دەدەن کە دروستکردنی دەسەڵاتی هاوبەش، یان دامەزراوەی بڕیار دروستکەرە گشتگیرەکان ئەگەرەکانی ئاشتی زیاد دەکات. بەڵام پێموایە کە فاکتەری هەرە گرنگ دروستکردنی دامەزراوەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە چۆن ئیش دەکەن. ئەمەش بۆ نموونە واتە پۆلیس جیاکاری نەکات و بێلایەن بێت و هەموو مافەکانی هاونیشتمانییان دەستەبەر بکرێت و بە یەکسانی ڕێزی لێبگیرێت. ئەمەش گرنگە بۆ کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی ئەگەری ڕوودانیان دەکرێت و سەردەکێشن بۆ ئیستیفزاز و ناڕازی بوون. هەروەها وەك نیشاندەرێکیش کە گۆڕان درووست بووە لە قۆناغەکانی پێش تەنگژە و ساتەوەختی تەنگژە بۆ قۆناغی دوای تەنگژە. ئەمەش ڕەنگە بە واتە هەندێك دەرئەنجامی ناجەماوەری هەبێت، بۆ نموونە کارێکی تاوانکاری لە کۆمەڵگەی پاش تەنگژەدا پێویستە بە هەمان جددییەتی ماوەی پێش تەنگژەکە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاخۆ ئەنجامدەرەکەی «پاڵەوانە» یان «پیاوێکی خراپە».

*** لە کۆمەڵگەیەکدا کە ناتوانرێت گرووپە جیاوازە ئایینی و نەژادییەکان جیابکرێنەوە، بەڵام مێژوویەکی خوێناوییان هەیە لەگەڵ یەکدا، تا چ ڕادەیەك وەرچەرخانی تەنگژە، پێوەندی بە ئیدارەی تەنگژەوە**

**بونیادە سیاسییەکان و بیرۆکراسی دەوڵەت، بونیادەکانی کێبڕکێی نێو گرووپەکانی لانەبردووە، چونکە ئەوانەی کێبڕکێیان بۆ دەسەڵات دەکرد، نوێنەرایەتی ناوچە جیاوازەکانی وڵاتیان دەکرد**

**لە ساڵی ١٩٤٥ ـەوە هیچ یەکێک لە سیاسەتمەدارە فەرەنسی و ئەڵمانییەکان هیچیان بە دەست نەهێناوە لە پەرەدان بە ئاکارە شەڕەنگێزییەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە**

**هەیە بۆ دابینکردنی ئاشتی، نەك چارەسەرێكی كاتی؟**

- بە بۆچوونی من ئیدارەی تەنگژە پرۆسەیەكە مەبەست لێی كەمكردنەوە، یان وەستانی توندوتیژییە و دۆزینەوەی ڕێگەیەكی گونجاوە بۆ كۆتایهێنان بە توندوتیژی ڕێكخراو لە نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەكاندا. ئیدارەی تەنگژە تمووحی ئەوەی نییە، یاخود توانای ئەوەی نییە كە دەستەبەری چارەسەرێكی دەستبەجێ بكات بۆ ترس و بێ متمانەیی نێو گرووپەكان. كاتێك ئەم گرژییانە هەر دەمێننەوە، ئەوا هەمیشە مەترسی سەرهەڵدانی توندوتیژی نوێ لە ئارادا دەبێت. بەڵام ناتواندرێت بێ متمانەیی نێو گرووپەكان لە سەدا سەد كەم بكرێتەوە، ئەمەش پێویست نییە بە وردی قسەی لەسەر بكەین، بەڵام بە كورتی پێویستە ئامانجەكە سەرەتا ئەوە بێت كە هەر كاتێك جووڵێنەران ویستیان زۆرینەی دوو گرووپە نەژادییەكە سازبدرێن و ڕێكبخرێن بۆ ناو توندوتیژی، ڕێگرییان لێ بكرێت، دەكرێت ئەمەش لەبەر ئەوە بێت كە بۆچوونێكی باشیان هەیە لەسەر گرووپەكەی تر، هەروەها ڕەنگە گوێیان پێنەدەن، یاخود بە گوماناوە لەو كەسانە دەڕوانن كە هانی هەڵگیرساندنی توندوتیژی دەدەن. ئەگەر كات تێپەڕی و توندوتیژییەكی بەرفراوان ڕووی نەدا، ئەوا ڕەنگە زیاتر و زیاتر پێوەندییەكان بەرەو باشی بچن، بەڵام لە قۆناغەكانی سەرەتادا ئاسانترە جەخت لەسەر لاوازكردنی جووڵێنەران بكرێتەوە.

*** زۆر جار ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان بەتایبەتی پارێزەرانی ئاشتی هاتوونەتە ناو تەنگژەكانەوە، بەڵام هەموو چارەسەرەكانیان لا نەبووە. بۆ نموونە لە كێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، یان ناكۆكی نێوان پاكستان و هیندستان لە سەر كشمیر، دوای تەنگژەكە خوێناویتر لە جارانی پێشوو سەریانهەڵداوەتەوە. كەواتە هۆكارەكانی نەچەسپاندنی ئاشتی لەو ناكۆكییانەدا چین؟ هەروەها بۆچی لە فەرەنسا و ئەڵمانیا سەركەوتوو بووە؟**

- هەرچەندە شارەزای كەیسی ئیسرائیل فەلەستین و هیندستان و پاكستان نیم، بەڵام پێموایە زۆر جار دەستپێكردنەوەی توندوتیژییەكان بۆ ئیعتیباراتە سیاسییەكانی ناو لایەنە بەشەڕهاتووەكان دەگەڕێتەوە بۆ كارلێكی نێوانیان. ئەمەش واتە لە قۆناغە جیاوازەكاندا سیاسەتی ناوخۆیی ئیسرائیل و فەلەستین و هیندستان و پاكستان ئەو كاراكتەرانەیان دروست كردووە كە كەڵكی خراپیان لە ناكۆكییەكە وەرگرتووە بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بگەن، یان لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. ئەگەر ئەم كەیسانە بە مێژووی فەرەنسا و ئەڵمانیا بەراورد بكەین كە لە پرسیاری دواتردا كردووتە، دەبینین ئەوا ئەو ئیعتیباراتە ناوخۆییە سیاسییانە لە زۆربەی جەنگەكانی نێوان ئەو دەوڵەتانەدا هەبوون كە بە درێژایی سەدەكان ڕووی داوە. لە ساڵی ١٩٤٥ ـەوە هیچ یەكێك لە سیاسەتمەدارە فەرەنسی و ئەڵمانییەكان هیچیان بە دەست نەهێناوە لە پەرەدان بە ئاكارە شەڕەنگێزییەكان، بەڵكو بەپێچەوانەوە بووە. سەرەڕای ئەوەش، كارلێكە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان بە درێژایی سنوور كە هاووڵاتی فەرەنسی و ئەڵمانی تێیدا بەشدارن (وەك قوتابیان و گەشتیاران و.. تاد) ئەوە دەگەیەنێت كە زیاتر و زیاتر بۆتە كارێكی قورس و مایەی سەركەوتنی زۆر كەم دەبێت بۆ هەر كەسێك كە تەنانەت باسی هاونیشتمانییانی ئەو دوو وڵاتە بە جیاواز بكات.

*** ئەگەر ئیدارەدانی ناكۆكی شكستی هێنا لە چارەسەری ناكۆكیدا، مەترسییەكانی داڕمان لە نێو دەوڵەتاندا وەك ئەوەی لە یوگوسلاڤیای پێشوو ڕوویدا چین؟**

- ئەمەش بەشێكی وەڵامەكەیە. پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت كە زۆر لە یوگۆسلاڤییەكان پێوەندی خێزانی و هاتوچۆ و هاوڕێیەتییان لەناو گرووپە نەژادییە جیاوازەكاندا هەبووە و ڕەوشتی شەڕەنگێزییان ڕەتكردبووەوە و زۆریان وڵاتیان بەجێهێشت، یان هەوڵیان دەدا كە لە ناكۆكییەكەوە نەگلێن، كە ئەمەش بۆخۆی پێمان دەڵێت بۆچی بارودۆخی پاش ناكۆكییەكە لە وڵاتەكانی دواتردا تاڕادەیەك ئارامە، سەرەڕای بەرزی ئاستی توندوتیژی و شەڕەنگێزی لە جەنگدا. بە ڕادەیەك كە دەوڵەتی یوگۆسلاڤی لە سەردەمی (تیتۆ)دا شكستی هێنا لە وەرچەرخانی تەنگژە ناوخۆییەكانی گرووپەكاندا، پێموایە ئەمە بە تەواوی ڕاستە، بە شێوەیەكی تایبەتی لەبەر ئەوەی هەوڵی دەدا كە چارەسەرەكە لە سەرەوە بكات بە دامركانەوەی گرووپەكان لە جیاتی ئەوەی مافی یەكسانیان بداتێ. ئەوەی من تێی گەیشتووم، بونیادە سیاسییەكان و بیرۆكراسی دەوڵەت، بونیادەكانی كێبڕكێی نێو گرووپەكانی لانەبردووە، چونكە ئەوانەی كێبڕكێیان بۆ دەسەڵات دەكرد، نوێنەرایەتی ناوچە جیاوازەكانی وڵاتیان دەكرد. ئەو وانانەی لە یوگۆسلاڤیاوە فێردەبین ئەوەیە كە تەنانەت كاتێك پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێو گرووپەكان بە لانیكەمەوە بەشێكی سەركەوتووانە بگۆڕدرێت، ئەوا تەنانەت لە دیكتاتۆریەتیشدا كێبەركێ سیاسییەكانی نێو گرووپەكان هێشتا هەر دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ.

**پێویستە ئامانجەكە سەرەتا ئەوە بێت كە هەر كاتێك جووڵێنەران ویستیان زۆرینەی دوو گرووپە نەژادییەكە سازبدرێن و ڕێكبخرێن بۆ ناو توندوتیژی، ڕێگرییان لێ بكرێت**

**ئیدارەی تەنگژە پرۆسەیەكە مەبەست لێی كەمكردنەوە، یان وەستانی توندوتیژییە و دۆزینەوەی ڕێگەیەكی گونجاوە بۆ كۆتایهێنان بە توندوتیژی ڕێكخراو لە نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەكاندا**

**بۆ ئەوەی بگەین بە خاڵی «ئاشتی» لە نێوان تاكەكاندا، پێویستمان بە بنیادنانی متمانەیە هەم لە نێوان تاكەكان و هەم لەناو دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەكاندا**



پڕۆفیسۆر ئارۆڵ کرۆسیتان لە زانکۆی هایلدبێرگ بۆ گوڵان:

# حزبی نادیموکراتی لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا گەمەی سفر و سەد دەکات

پڕۆفیسۆر ئارۆڵ کرۆسیتان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هایلدبێرگ لە ئەڵمانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە پێکهاتەی سیستمە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و باشووری ئاسیا. بۆ قسەکردن لەسەر تەنگژەی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی تازە پێگەیشتوو و قۆناخی راگواستن دا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** گەورەترین کێشەی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، پرسی نوێنەرایەتیکردنە، بەڵام حزبەکان ناتوانن وەك پێویست نوێنەرایەتی بکەن، ئەمەش جۆرێك لە ناڕەزایی دروستکردووە بەرامبەر ئەدای حزبەکان لە پرۆسەی دیموکراتیدا. ئایا کاتێك حزبەکان لە نوێنەرایەتیکردن شکست دەهێنن، تا چەند مەترسی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی دروست دەکات؟**

- دەکرێت بە دوو شێوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بە تێڕوانینی من ناکرێت بە شێوەیەکی گشتی بڵێین پارتە سیاسییەکان و سیستمی پارتایەتی شکستیان هێناوە لە ئەداکردنی ئەرکە جیاوازەکانی خۆیاندا، چونکە لە دیموکراتییەتی نوێنەرایەتیدا بڕیارە پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سیاسییەکان و بۆچوونە سیاسییەکان بکەن، واتە هەڵبستن بە بەرجەستەکردنی بۆچوون و بەرژەوەندییە سیاسییەکان لە زۆرینەی سیاسی و بڕیاری سیاسیدا، هەروەها بڕیارە- پارتە سیاسیەکان- ئەو سیاسەتانە دابڕێژن کە پەیوەستن بە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە. لە دیموکراسییە دێرینەکان و دیموکراسییە نوێیەکانیشدا ئەرکی پارتە سیاسییەکانە کە زۆرینە گەڵاڵە بکەن و حکومەت پێکبهێنن. ئەوەی پێدەچێت زەحمەتتر بێت لە ئێستادا بە بەراورد بە ڕابردوو، بریتییە لە گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی ڕوون و قەناعەت پێهێنەر، ئەمەش پەیوەستە بەو پرسەی کە لە دیموکراسییە نوێنەرایەتییەکاندا پارتە سیاسییەکان لە بارودۆخێکدا کار دەکەن کە بارودۆخی نەتەوەییە. لە دیموکراسییەتە نوێنەرایەتییەکاندا سیستمە سیاسییەکە لە سایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هەڵدەسووڕێت. لەو بارودۆخە سیاسییانەدا کە ڕەهەندی بە جیهانیبوون و بە نێودەوڵەتی بوونیان تێدا بەرجەستە بووە، ئابووری بە جیهانی بوو، هەروەها ناڕەزایەتییە سیاسی و ئابوورییەکان بە چەشنێك کاریگەر دەبن، زەحمەت دەبێت بۆ پارتە سیاسییەکان بتوانن سیاسەتێکی ڕوون بەرهەم بهێنن کە چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی سیاسی ڕاستەقینەی لەخۆ گرتبێت. لە دیموکراسییە نوێیەکاندا، مەسەلەکان جیاوازن، پارتە سیاسییەکان و سیستمی سیاسی بە دەست کێشەیەکەوە دەناڵێنن کە پێی دەوترێت «functional deficit»، واتە ئەدایەکی باشیان نییە لە نوێنەرایەتیکردنی بۆچوون و بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ناتوانن سیاسەتێکی ڕوون بەرهەم بهێنن. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە پارتە سیاسییەکان لە دیموکراسییە نوێیەکاندا زادە و هەڵقوڵاوی پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژ نین، بەڵکو لە زۆرێك لە دیموکراسییە نوێیەکاندا پارتە سیاسییەکان دیاردەی نوێن. لە ڕۆژگاری ئێستاشدا پێدەچێت پارتە سیاسییەکان کەمتر گرنگ بن لە دیموکراسییە نوێیەکاندا بە بەراورد بە گرنگی پارتە سیاسییەکان لە مێژووی ڕابردووی دیموکراسییە دێرینەکاندا، ئەویش لە پێوەندی بە بۆچوونە سیاسییەکانەوە، لە ئێستادا بۆچوون و بەرژەوەندییە سیاسییەکان بە زۆری لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە نوێنەرایەتی ناکرێن، بەڵکو لەلایەن ڕاگەیاندن و سەرکردە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن.

*** حزبی سیاسی بەرهەمی پێداویستی کۆمەڵگەی دیموکراتییە، بەڵام لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان و وڵاتانی دوای کۆڵۆنیاڵی، حزبی سیاسی بوونی هەیە، بەڵام حزبەکان بەرهەمی مقاوەمەتن و هەر ئەم حزبانەش جڵەوی بونیادی دیموکراسی دەگرنەدەست، ئایا پرۆسەی وەرچەرخانی حزب لە حزبی شۆڕشگێڕەوە بۆ حزبی دیموکراتی تا چەند بۆ پرۆسەی دیموکراسی گرنگە؟**

- ئەمە بەندە بە مۆدێلی کۆتایی هێنان بە کۆڵۆنیاڵیزمەوە، ڕاستە لە هەندێ وڵاتی کۆلۆنیاڵیکراودا لە ڕێی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە توانرا سەربەخۆیی و سەروەری بەدەست بهێندرێت، بەڵام لە هەندێ وڵاتدا توانرا بە گرتنەبەری ڕێگەی گفتوگۆ، بگەنە سەربەخۆیی و کۆتایی بە کۆڵۆنیاڵیزم بهێنن. لە هەندێ وڵاتیشدا هێزە کۆڵۆنیاڵییەکان خۆیان بڕیاریاندا بکشێنەوە، بۆ نموونە لە ساڵانی شەستەکاندا بەریتانی و فەڕەنسییەکان بڕیاری کشانەوەیان لە هەندێ وڵاتی ئەفریقی دا، لەبەر ئەوەی چیتر نەیاندەتوانی حوکمڕانی ئەو وڵاتانە بکەن. کێشەکە لە پارتە شۆڕشگێڕییەکاندایە، لەبەر ئەوەی پارتە شۆڕشگێڕییەکان سیاسەت وەك خەباتێکی سیاسی دەبینن، لە دیدگا و تێڕوانینی پارتە شۆڕشگێڕییەکانەوە سیاسەت بریتییە لە «zero-sum game»، هەروەها پارتە شۆڕشگێڕییەکان پەرە بەو ئایدیۆلۆژییانە دەدەن کە یەکناگرنەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیکردندا، وەك لێبووردەیی و بینینی سیاسەت وەك گەمەیەك، ئەمە کێشەی پارتە شۆڕشگێڕییەکانە. پارتە شۆڕشگێڕییەکان پەنا بۆ بەرپاکردن و هەڵگیرساندنی شۆڕش دەبەن، بەڵام مەرج نییە ئەمە لە کۆتاییدا سەربکێشێت بۆ دیموکراسی، بەڵکو بە زۆری فۆرمێکی دیکەی خۆسەپێنی لێ بەرهەم دێت، لە زۆرێك لە وڵاتانی دوای کۆڵۆنیاڵی و دوای شۆڕشدا ئەمە ڕوویدا، وەك ئەوەی لە وڵاتانی ئەفریقیا و بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی کرا. لەبەر ئەوە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو وڵاتانەی دوای کۆمۆنیستی کە لە ڕێی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە سەربەخۆییان بەدەست هێنا، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی لە

**لە دیموکراسییەتە نوێنەرایەتییەکاندا سیستمە سیاسییەکە لە سایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هەڵدەسووڕێت. لەو بارودۆخە سیاسییانەدا کە ڕەهەندی بە جیهانیبوون و بە نێودەوڵەتی بوونیان تێدا بەرجەستە بووە**

**پارتە سیاسییەکان لە دیموکراسییە نوێیەکاندا زادە و هەڵقوڵاوی پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژ نین، بەڵکو لە زۆرێك لە دیموکراسییە نوێیەکاندا پارتە سیاسییەکان دیاردەی نوێن**

**لە ئێستادا بۆچوون و بەرژەوەندییە سیاسییەکان بە زۆری لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە نوێنەرایەتی ناکرێن، بەڵکو لەلایەن ڕاگەیاندن و سەرکردە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن**

**پارتە ئیسلامییەکان، یان ئایینییەکان دەیانەوێت بە دیموکراسی دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، بەڵام کاتێک لە دەسەڵاتدا دەبن، دەیانەوێت سیستمە دیموکراسییەکە هەڵبوەشێننەوە**

**لە عێراقدا ڕووبەڕووی چەندین کێشە و تەحەددی بۆتەوە. بەڵام مەرج نییە من بوونی حزبی ئیسلامی، یان ئایینی بە کێشەی سەرەکی لە بەردەم بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی دیموکراسی دابنێم لە عێراقدا**

**دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە دابەشبوونی قووڵیان تێدایە، وەک عێراق و وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، دەبێت نوخبەکان بە نوخبەی سیاسی و ئایینی و سەربازی و ئابووری و تایفەگەری و ئیتنییەکانەوە، بگەنە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی**

ڕێی ناتوندوتیژییەوە، یاخود بە شـێوازی ناشۆڕشگێڕی بە ئاواتی سـەربەخۆیی و سـەروەری گەیشتن. ئەمە جیاوازییە گرنگەکەیە، بە مانـا کۆن و تەقلیدییەکەی شۆڕش سەرناکێشێت بۆ دیموکراسی، بەڵکو سەردەکێشێت بۆ فۆرمێکی دیکەی نەتەوەیی خۆسەپێن.

*** لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا حزب ناسنامەیەکی ئایینی هەیە، ڕاشـکاوانەتر دەیەوێت بگاتە دەسـەڵات و شـەریعەتی ئیسـلامی پیادە بکات، ئایـا تا چەند حزبی ئایینی میکانیزمی دیموکراسـی بۆ لە ناوبردنی دیموکراسی بەکار دەهێنێت؟**

- دەکرێت ئەوە مایەی کێشـە بێت و لە ڕاستیدا ئەوە تەحەددییەکە ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتەوە، بەڵام ئەگەر لە پەرەسەندنی سیاسەت بڕوانین لە باکووری ئەفریقیـا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا- هەروەها لە ڕۆڵی پارتە ئایینییەکانی دیکە لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا-، ئەو پرسـیارە بکەین کە ئایا چەند پارتی ئیسـلامی لە ڕێی دیموکراسییەوە دەسـەڵاتیان گرتۆتە دەست؟ لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئیخوان موسـلمین لە میسر و بەرەی ڕزگاری «جبهة الانقاذ» لە جەزائیر بدەین، بە دڵنیاییەوە ئیسلامییەکانی تونس لە ساڵی ٢٠١٢، هەروەها ئاك پارتی لە تورکیا، ڕەنگە لە شوێنی دیکەش ڕوویدا بێت، کەواتە چوار حاڵەت و چوار کەیست هەیە. ئەمەش واتای ئەوەیە چەند حاڵەتێکی کەم هەیە کە پارتە ئیسـلامییەکان، یان ئایینییەکان، یان ئیسلامیستەکان توانیبێتیان سەرکەوتوو بن لە هەڵبژاردنەکاندا و جڵەوی دەسـەڵات بگرنە دەست و حکومـەت پێکبهێنن. لێـرەدا دەتوانین بڵێین —بەلای کەمەوە لە تونس- ئیسـلامییەکان پتـر بەرەو میانڕەوی هەنگاویـان ناوە، کاتێك لە دەسـەڵاتدا بوون، ئەمەش بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە. لە میسـردا کودەتا کرا بەسەر حکومەتدا، بەڵام ئێمە نازانین ئایا حکومەتەکەی ئیخوان موسـلمین چ جۆرە سیاسـەتێکی دەگرتەبەر و ئایا چ جۆرە سیاسەتێکی پەرە پێدەدا، ئەگەر هاتوو لە دەسەڵاتدا بمابانـەوە. زەحمەتە ئەمە بزانین و زەحمەتە ئەمەمان پێ یەکلا بکرێتەوە. بۆچوونێك هەیە پێیوایە کە لە ڕوانگەی سیاسـییەوە ئەو پارتانە لە ناکۆکی و دژیەکیدان، لەبەر ئەوەی پارتە ئیسلامییەکان، یان ئایینییەکان دەیانەوێت بە دیموکراسی دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، بەڵام کاتێك لە دەسـەڵاتدا دەبن، دەیانەوێت سیستمە دیموکراسییەکە هەڵبوەشـێننەوە، چونکە دەیانەوێت بـۆ هەتا هەتایە لە دەسـەڵاتدا بمێننەوە. کەواتە بیرۆکەکـە ئەوەیە یەکجار هەڵبـژاردن بکرێـت «one man، one vote، one time». بیرۆکەیەکی دیکە هەیە ئەوەیە کە پارتە ئیسلامییەکان-ئایینییەکان- پتر میانڕەو دەبن کاتێك دەگەنە دەسـەڵات.

لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی عەمەلی کەم هەن لەبارەی ئەوەی کام یەك لەم دوو ئایدیایە ڕاستن، بەڵام من ئەوەندە ڕەشبین، یان بە گومان نابم لە ئاسـت پارتە ئیسـلامییەکان، یان ئایینییەکان، یان ئیسلامیسـتەکان لە باکووری ئەفریقیا، یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە ئەگەر لە ئاك پارتی بڕوانیـن — لە تورکیا- ئەوا هەندێ هـەوڵ لە ئارادایە بۆ کەمکردنەوە و سـنووردارکردنی مەودای دیموکراسی، بەڵام ئایـا ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئـاك پارتی پارتێکی ئایینی یان ئیسـلامییە؟ یاخود پێوەنـدی هەیە بەوەی خودی ئەردۆغان پەرۆشـی دەسـەڵاتە؟ لە پەرەسەندنی دیموکراسـی لە تورکیا بڕوانە لە پێوەنـدی بە ئازادییە مەدەنییەکان و مافە سیاسـییەکانەوە، هەروەها ئەگەر لە پرسـی کەمینەی کورد لە تورکیا بڕوانیت، ئەوا تاوەکو هەفتەی پێشـوو بارودۆخەکە بەرەو باشـتر چووبوو، بە بەراورد بە حوکمڕانیی خۆسەپێنی سەربازی لە هەشتاکان و نەوەدەکانـدا. لەبەر ئەوە من ئەوەنـدە بە گومان نیم، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە عێراق وڵاتێکی تایبەتە.

*** بەڵام تەنانەت لە عێراقیشـدا مەترسی ئەوە هەیە بەرەو خۆسەپێنی بچێت؟**

- مـن هـاوڕام لەگەڵتانـدا و ڕەنگە ئێـوە خۆتان بارودۆخی خۆتان باشـتر بزانن. دیموکراسی لە عێراقدا ڕووبەڕووی چەندین کێشـە و تەحـەددی بۆتەوە. بەڵام مەرج نییە من بوونی حزبی ئیسـلامی، یان ئایینی بە کێشەی سەرەکی لە بەردەم بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی دیموکراسی دابنێم لە عێراقدا، بەڵکو پتر گرێی دەدەمەوە بە پێوەندییـە تایفەگەری و ئیتنییەکانـی نێو گرووپە جیاوازەکانەوە، لە نێوان شـیعە و سوننە و لە نێوان کورد و عەرەبـدا. لە عێراقدا چەندیـن گرووپی جیاواز هەن. هەروەها لە پێوەندی بە دامەزراوەکانەوە ئەوا دەسەڵاتێکی جێبەجێـکاری بەهێز و پەرلەمانێکی لاواز هەیە. کەواتە چەندین کێشە هەن لەم وڵاتەدا.

*** ئاشـکرایە لە سەردەمی شۆڕشـی تەکنەلۆژیادا تێکدانی سەقامگیری کۆمەڵگە ئاسانە، بەڵام گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە ئاسان نییە، حزبە سیاسییەکان ئامرازێکی باشن بۆ ناسەقامگیریی، ئایا چۆن دەتواندرێت حزبەکان بکرێنە ئامرازێك بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە؟**

- بە ڕاسـتی ئەوە پرسیارێکی باشە، ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیبایە ئەوا نەدەبوومە مامۆستای زانستە سیاسـییەکان و لە زانکۆ وانە بڵێمـەوە، بەڵکو دەبوومە ڕاوێـژکاری زۆرێك لە وڵاتان و مووچەیەکی بەرزیشـم وەردەگرت. ڕەنگـە وەڵامێکی قەناعەت پێهێنەریش لە ئارادا نەبێت بۆ پرسـیارەکەی ئێوە. ڕەنگە کەم تا زۆر لە

دیموکراسییە سەقامگیرەکانیشدا ئەم وەڵامە لە ئارادا نەبێت، نەك لەو دیموکراسیەتەی پێش چەند ساڵێك لە عێراقدا بوونی هەبوو، واتە دیموکراسییەتێك کە ئاسایش و ئارامی و خزمەتگوزارییەکان دابین بکات بۆ هاووڵاتییەکانی، لە هەمان کاتدا ئەو دەرفەتەش بۆ هاووڵاتیان بڕەخسێنێت کە بەشداری لە کاروبارە گشتییەکاندا بکەن. دیموکراسی پێویستی بە ڕێککەوتنی نوخبەکان هەیە، مەبەستم لە ڕێککەوتنی نوخبەکان ئەوەیە، کە دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە دابەشبوونی قووڵیان تێدایە، وەك عێراق و وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، دەبێت نوخبەکان بە نوخبەی سیاسی و ئایینی و سەربازی و ئابووری و تایفەگەری و ئیتنییەکانەوە، بگەنە ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی. واتە لە دیموکراسییە سەقامگیرەکان و لەو دیموکراسییەکانەشدا کە وڵاتەکە دابەشبوونی قووڵی تێدایە، پێویستە ڕێککەوتنی نێوان نوخبەکان بێتە ئاراوە. واتە نوخبەکان ڕێککەون لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکی و جیاوازییەکانیان. پارتە سیاسییەکانیش دەتوانن درێژە بە ڕێککەوتنی نوخبەکان بدەن، بەڵام ئەوەی بەڕاستی گرنگە ڕێککەوتنی نوخبەکانە. لە وڵاتانی وەك عێراق و ئەو وڵاتانەی بە دەست دابەشبوونی قووڵەوە دەناڵێنن، ڕێککەوتنی نوخبەکان لە پارتە سیاسییەکان گرنگترە، چونکە پارتە سیاسییەکان دەتوانن بەردەوامی بدەن بەو ڕێککەوتنانە و بەرەو دامەزراوەیی کردنیان بەرن. بەڵام ئەوە نوخبەکانن، نوخبەی سیاسی و سەربازی و ئایینی و کۆمەڵایەتی بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی ناکۆکی و جیاوازیەکانیان هەیە. بە تێگەیشتنی من لە عێراقدا ڕێککەوتن نەکرا، لەبەر ئەوەی نوخبە جیاوازەکان باوەڕیان وابوو دەتوانن زاڵ بن بەسەر پرۆسە سیاسیەکەدا و پێیانوابوو دەتوانن بەرژەوەندییەکان لە بەرامبەر گرووپە ئایینی و ئیتنی، یاخود کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەدەست بێنن.

*** لە قۆناخی بونیادی دیموکراسی و پرۆسەی بونیادی نەتەوە، ڕۆڵی سەرکردە گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکردایەتی قۆناخە هەستیارەکە بکات و بونیادی دامەزراوەیەکی بەهێز بنێت، ئایا تا چەند ڕۆڵی سەرکردە لە قۆناخی بونیادی نەتەوە و بونیادی دیموکراتی گرنگە؟**

- هەمیشە سەرکردە سیاسییەکان گرنگن، ئێوە دەڵێن سەرکردە و من دەڵێم نوخبە، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە لە کۆتاییدا سیاسەت پەیوەستە بە بڕیاری سیاسییەوە و بڕیاری سیاسیش لەلایەن سەرکردە یان نوخبەکانەوە دەردەکرێن. پارتە سیاسییەکان گرنگن، بەڵام تاوەکو پارتە سیاسییەکان لاواز بن، ئەوا سەرکردە تاکەکەسیەکان گرنگی زیاتر و سەنگ و قورسایی زیاتریان دەبێت.

*** کاتێك حزبە سیاسییەکان لە ئاست چاوەڕوانیدا نابن و هاووڵاتیان دووچاری بێ متمانەیی دەبن لە ئاست حزبەکاندا، ئایا ئاکامی ئەو بێ متمانەییە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی و پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن چی دەبێت؟**

- لە دەستدانی متمانەی هاووڵاتی بۆی هەیە ببێتە هۆی لە دەستدانی پشتیوانی بۆ دیموکراسی و بۆی هەیە ببێتە هۆی داماڵینی شەرعییەت لە سیستمەکە، هەروەها ئەگەری ئەوەی هەیە، زیان بە قۆناغی ئاڵ و گۆڕ لە دیکتاتۆرییەتەوە بەرەو دیموکراسی بدات، کەواتە دەکرێت دەرئەنجامی زۆر سلبی لێبکەوێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پشتیوانی و متمانە و باوەڕبوون بە دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراسی.

*** هەندێ لە چاودێران باسی باڵانسی دیموکراسی دەکەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی، ئەمەش گرێدەدەنەوە بە حزبی سیاسی بەهێزەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر حزبی دیموکراسی بەهێز بوونی نەبوو، تا چەند زەمینە دروست دەبێت بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و نەمانی سەروەری یاسا لە کۆمەڵگەدا؟**

- پارتی سیاسیی لاواز دەرفەت دەخوڵقێنێت بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی بزووتنەوە پۆپۆلیستیەکان، واتە لاوازیی پارتە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی بۆشاییەك دروست بێت کە پەیوەست بێت بە نوێنەرایەتیکردنەوە، ئەو کاتەش بزووتنەوە پۆپۆلیستیەکان پڕی دەکەنەوە، کەواتە پێوەندییەك هەیە لە نێوان پارتی سیاسیی لاواز و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی پۆپۆلیستی.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من دەگەڕێمەوە بۆ پرسیاری یەکەمتان، پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی، بەڵام زۆرێك لە دیموکراسییەکان بە پارتی سیاسی لاواز دەست پێدەکەن و لەگەڵیشیدا هەڵدەکەن، کەواتە بوونی پارتی سیاسی کە نوێنەرایەتی بکات و بوونی پارتی سیاسی کە سیاسەتێکی ڕوونی هەبێت، گرنگە بۆ دیموکراسی. زۆرێك لە دیموکراسییە نوێیەکان بە پارتی سیاسی لاواز دەست پێدەکەن، کەواتە بوونی پارتی سیاسیی لاواز بە مانای ئەوە نایەت دیموکراسی گەشە ناکات. ئەگەر میسالییانە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا کاتێك پارتێکی سیاسی شکست دەهێنێت لە ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە، ئەوا پارتێکی دیکە —کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەکات- شکست بە پارتەکانی دیکە دەهێنێت،بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوونەدات، ئەوا هەر زوو خەڵکی متمانە بە حکومەتەکەیان لە دەست دەدەن و پێیانوا دەبێت کە حکومەت شەرعییەتی لە دەست داوە.

**لە کۆتاییدا سیاسەت پەیوەستە بە بڕیاری سیاسییەوە و بڕیاری سیاسیش لەلایەن سەرکردە یان نوخبەکانەوە دەردەکرێن**

**لە دەستدانی متمانەی هاووڵاتی بۆی هەیە ببێتە هۆی لە دەستدانی پشتیوانی بۆ دیموکراسی و بۆی هەیە ببێتە هۆی داماڵینی شەرعییەت لە سیستمەکە**

**بوونی پارتی سیاسی کە نوێنەرایەتی بکات و بوونی پارتی سیاسی کە سیاسەتێکی ڕوونی هەبێت، گرنگە بۆ دیموکراسی. زۆرێک لە دیموکراسییە نوێیەکان بە پارتی سیاسی لاواز دەست پێدەکەن**

# چی دەبێ ئەگەر عەبادی شکست بهێنێت؟



**عەبدولحوسێن شەعبان**
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ کاتێ کە عێراق داگیرکرا، ئەم وڵاتە رووبەڕووی پێنج کێشە و تەحەددی بۆتەوە کە بەردەوام بۆتە مەترسی بۆسەر جەستەی ئەم قەوارەیە و هەڕەشەشە بۆ دابەشبوون و لێکترازان و پەرتەوازەیی، لە پێشەوەی ئەو تەحەددیانە پشکایەتیی تایفەگەری و ئیتنی و گەندەڵی دارایی و ئیداری و تیرۆرو پەڕگیری و لاوازیی هاووڵاتیبوونە، بە تایبەتیش گەڕانەوە بۆ قەوارەکانی بەر لە دەوڵەت، دواتریش لەدەستدانی توانای بیناکردنەوەی دەوڵەت، نەخاسمە هەڵوەشاندنەوەی سوپاو دەزگا ئەمنییەکان.

ئەم پێنج تەحەددیانە هەموو حکومەتەکانی پێشووش رووبەڕوویان بوونەوە، جا چ لە میانی داگیرکاریی ئەمریکا بۆ عێراق یان دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، ئەمڕۆش حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستا رووبەڕوویان دەبێتەوە، بە تایبەتیش ئەو شەپۆلە نارەزاییە میللییەی بە هۆی هەرەسهێنانی بارودۆخی ئەمنی هاتۆتە ئاراوە، دوای داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن (رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی) لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، دواتر فراوانبوونی داگیرکردنەکەی تا خاکێکی دیکەی پارێزگاکانی گرتەوە، بە شێوەیەك کە نزیکەی دوولەسەرسێی خاکی عێراق ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی ئەو رێکخراوەدایە.

پچڕانی تەزووی کارەبا لەو شەپۆلە گەرمە سووتێنەرەدا کە پلەکانی گەرما گەیشتە سەرووی ٥٠ی پلەی سەدی، هۆکارێك بوو بۆ تەقینەوەی بارودۆخەکە و بەرزبوونەوەی دەنگەکان کە داوای چاکسازی و لێپرسینەوەیان دەکرد لە گەندەڵکاران و دانانی سنوورێك بۆ دیاردەی گەندەڵی، ئەوەبوو هەموو چین و توێژ و هێزەکان بە گشت ئاراستەکانەوە لەدەوری ناونیشانی کارەبادا گردبوونەوە، ئەمە وێڕای کەمیی ئاوی خواردنەوەو خزمەتگوزاریی تەندروستی و شارەوانی و پەروەردە و بەردەوامبوونی گەندەڵکاران لە پێگەو شوێنەکانی خۆیان و هەموو ئەو دەستکەوتانەشیان هەر ماوە کە لەژێر پەردەی پرۆسەی سیاسی و پشکایەتیدا بەدیانهێناوە.

دوای چەند رۆژێك لەسەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان کە لە بەسرە دەستی پێکردو دواتر پارێزگاکانی دیکەی گرتەوە لەوانەش بەغدای پایتەخت، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران ناچار بوو چەند رێکارو رێوشوێنێك لە ئەنجومەنی وەزیراندا بگرێتەبەر و دواتر بیخاتە بەردەم پەرلەمان. کە بە پاکێجی چاکسازییەکان ناوزەدکرا، ئەم هەنگاوانە دووەم تەحەددیی عبادی بوو لە میانی تەنیا ساڵێکدا، ئەوە بوو لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤ وا پێویستی دەکرد حکومەت پێکبهێنێت، یان شکستی خۆی رابگەیەنێت، بەتایبەتیش دوای دوورخستنەوەی نوری مالیکی کە جاری سێیەم نەبێتەوە بە سەرۆك وەزیران، هەر چەندە ٩٣ کورسی بەدەستهێنا.

هیچ بەرپرسێك نەیتوانیوە بە ئاشکرا بەرهەڵستیی عەبادی بکات لە پلانە چاکسازەکەیدا، بۆیە هەموو راوبۆچوونێك بە پێچەوانەی ئەمە بە دژایەتیکردنی چاکسازی لەقەڵەم دەدرێت، ئەمەش مانای وایە کە وەستانە دژی شەپۆلی تووڕەیی میللی کە داوای چاکسازی دەکات، بە تایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە خزمەتگوزارییەکانی ئاوو کارەبا و نەهێشتنی گەندەڵی و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەم و گەندەڵکاران.

٢٩٧ پەرلەمانتارلە کۆی ٣٢٨ دەنگیان بە پشتگیری کردن لە پلانی چاکسازییەکان دا بە بێ هیچ دوودڵییەك، سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند کە لە بڵاوکردنەوەی ناوی پەرلەمانتارە نەهاتووەکانی ئەم دانیشتنە بەردەوام دەبێت کە تێیدا هەموو ئامادەبووان دەنگیان بۆ پاکێجی چاکسازییەکان دا (جگە لە یەك پەرلەمانتار).

(یەکسەر چاکسازی) دەستەواژەیەك بوو کە بەردەوام عەبادی دەیگوتەوە، ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئایا جێبەجێ دەکرێت؟ ئەو لایەنە کێیە کە تەگەرە دەخاتە بەردەم چاکسازی و گەندەلکاران دەشارێتەوە؟ ئەم تەحەددییە تازانە رووبەڕووی حکومەت و خودی خۆی دەبێتەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر دەرچوونی لەم تاقیکردنەوە قورسەدا ئەگەر بتوانێت لە بەرپرسیارێتییەکەی بەردەوام بێت، بەڵام وا دیارە کە ئەو دەرك بەو ئاستەنگ و زەحمەتییە دەکات کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەو پێشتریش بە زمانی خۆی وتبووی دەیانەوێ بیکوژن و بە تەحەددییەوەو بە شێوە زاری عێراقی گوتبووی (خلي يغتالوني) واتا با بمکوژن !!

ئەم شتە دووبارە بووەوە تەنانەت دوای دەنگدانی پەرلەمان بە

کۆی دەنگ لەسەر هەردوو کارنامەی چاکسازیی حکومەت و پەرلەمان، ئەوە بوو عەبادی پیرۆزبایی لە هەموو عێراقییەکان کرد و پەیمانی دا کە لە نەهێشتنی گەندەڵی و گەندەڵکاران بەردەوام بێت، هەتا ئەگەر بە کۆتایی ژیانیشی تەواوبێت، ئەو (یەکسەر چاکسازی)یە مانای ئەوەیە ماوەیەکی درێژ نییە بۆ جێبەجێکردنی پلانی چاکسازی، عەبادی داوای لە دەستەی دەستپاکی کردووە کە ڕێگە نەدات تۆمەتبارانی گەندەڵی وڵات بەجێ بێڵن، هەروەها داوای کرد بیاندەنە دادگا.

عەبادی کە بە نەشتەرگەریی قەیسەریی ناوخۆو دەرەکی (نێودەوڵەتی و ئیقلیمی) گەیشتە دەسەڵات، بە شێوەیەکی کەم وێنە پشتیوانی لێکرا، بەڵام شتەکان سەریان نەگرت و گەلی عێراق تەنیا نیازپاکییان دەست کەوت یان دەستنیشان کردنی هەندێ دیاردەی گەندەڵی و پەیماندان بە دژایەتیکردنی گەندەڵکاران، بۆیە وا ساڵی یەکەم خەریکە تەواودەبێت، بەڵام هیچ شتێکی جیددی لەسەر ئەرزی واقیع نەهاتۆتەدی.

ئەمە دووەم دەرفەت و تەحەددی مەترسیدارە لەبەردەم عەبادیدا کە نیمچە ڕێگەپێدانی گەلی بەدەستهێناوە، بە تایبەتیش دوای دەنگدانی پەرلەمان بە لێدان بە دەستێکی پۆڵایین، هەروەك خۆی دەڵێت، بۆ لەناوبردنی گەندەڵی و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەم و گەندەڵکاران.

خۆپیشاندانەکانی ئێستا کە بەردەوامن لەگەڵ ئەوانی پێشتر جیاوازن، ناکرێ بە پیلان لەقەڵەم بدرێت، هەر وەك چۆن جاران مالیکی بە بزاڤی نارەزایی دادەنا، هاوکات ناتوانرێت ئەو داخوازیانە پشتگوێ بخرێن کە زۆر پێویستن و لەلایەن کۆمەڵە پیاوێکی ئاینییەوە لە نەجەف پشتگیرییان لێدەکرێت کە خودی ئەوانە پاڵپشتی حکومەتە شیعە یەك لەدوای یەکەکانن.

خۆپیشاندانەکانی ئێستا نارەزایین بەرامبەر چینی سیاسەتمەدار بە تێکرای هەموویان لەوەتەی داگیرکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و تاکو ئێستا، ئایا عەبادی دەتوانێت ڕێساکانی گەمەی سیاسیی ئێستا بگۆڕێت کە لەسەر بنەمای پشکایەتی دامەزراون و بیانگۆڕێت بە پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکرات لە خاوەن توانا و کارامەیی عێراقی؟ یان سستی و دواخستن و دانانی لەمپەر لەبەردەم ئەم گۆڕانکارییە لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە پیادەدەکرێت و بەم شێوەیەش ناوەڕۆکی ئەو هەنگاوانە دوای ماوەیەکی دیکە دەسڕێتەوە؟

ڕەنگە مەترسیترین شت کە ڕووبەڕووی عەبادی ببێتەوە ئەوەیە کە ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا مایەوە بێ ئەوەی چاك ببێت، ئەوا ئاییندەی سیاسیی ئەو، دووچاری لەناوچوون دەبێتەوە، ئەویش چاك دەزانێ کە پرۆسەکە زۆر ئاڵۆزە و مینێکی زۆری لەپێشە، چونکە زەرەرمەندان بەهەموو توانایەکیان کاردەکەن بۆ تێکدانی ئەم هەنگاوە، بەقسەی عەبادی: (کاروانەکە بەڕێ کەوتووەوە و زۆریش ئاسان نییە) و گەندەڵکاران و خاوەن بەرژەوەندی و دەستکەوتەکان لە پێناو ڕێگەگرتن لە چاکسازی شەڕمان لەگەڵدا دەکەن.

عەبادی لە وتەیەکیدا لەبەردەم لاوان بە بۆنەی ڕۆژی لاوان دووپاتی کردەوە کە بەرگری لە ناحەق و گەندەڵکار ناکەم، بەڵام هەر بە دواوەیەوە دەبم، زیاتر گوتی: گەندەڵکار ئەگەر لە حزبی خۆشم بێت من دژی دەوەستم، ئەگەر چاکەخواز لە حزبی دوژمنیشم بێت من لەگەڵیدا دەبم، ئەمەش مانای وایە لیستی دوژمنان و نەیاران گەورەیەو سەرانێکی زۆر لەنێو ئەو لیستەدان، جا چ لە حزبی دەعوەی فەرمانڕەوا بن کە عەبادی سەر بە ئەوە، یان لە هێزی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی بن.

کەواتە ئایا پلانی چاکسازی کە عەبادی ڕایگەیاندووە سەرکێشییەکی حیساب بۆنەکراوە؟ ئایا دەتوانێ ڕایپەڕێنێ؟ باشە ئەگەر شکستی هێنا چی دەبێ ئایا عێراق بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن پەیوەستن بە ناخی ژیانی ڕۆژانەو پێویستی هاووڵاتیانەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی بۆنی گەندەڵی سەری کرد و زۆربەی گەورە بەرپرسانی دەوڵەت تێوەگلاون، بە شێوەیەك کە عێراق بەپێی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لەوەتەی ١٣ ساڵە لە باڵاترین لووتکەی دەوڵەتانی گەندەڵ پۆلێن دەکرێت.

عەبادی پێنج تەوەری لە پلانە چاکسازییەکەی دەست نیشانکردووە کە نارەزاییە میللییەکان داوایان کردبوو، تەوەری یەکەم: چاکسازیی ئیداری، بە تایبەتیش هەڵوەشاندنەوەی پۆستەکانی جێگرانی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و کەمکردنەوەی سەرتاسەری و خێرای ژمارەی پاسەوانەکان و دوورخستنەوەی پۆستە باڵاکان لە پشکایەتی و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان.

بەڵام تەوەری چاکسازیی دارایی ئەوە تایبەت بوو بە چاکسازیی خەرجیەکان و داهاتەکانی دەوڵەت، تەوەری چاکسازیی ئابووریش بریتییە لە پێکهێنانی شانەیەکی قەیران بۆ چالاککردنی بابەتی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت. کەرتی خزمەتگوزاریش لە گرنگترین ئەو کەرتانەیە کە چاکسازی دەیگرێتەوە، بە تایبەتیش چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا، بەڵام تەوەری تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی، ئەوەیان لە هەموویان هەستەوەرترە و هەڵمەتی ( ئەمەت لە کوێ بوو؟ ) دەیگرێتەوە، هەروەها بەتینکردنی ڕۆڵی چاودێری و کارکردن بۆ دۆزینەوەی گەندەڵکاران و کردنەوەی دۆسیێی پێشوو و ئێستای گەندەڵی.

ئایا عەبادی دەتوانێ لە حزبی دەعوە یان لە حکومەتی پشکایەتیدا بمێنێتەوە ئەگەر هاتوو لە بۆچوونە چاکسازییەکەی بەردەوام بوو؟ یان حزبی دەعوەو سیستمی پشکایەتی ڕەتی دەکەنەوە؟ ئەمەش مانای وایە دەستپێشخەرییە چاکسازییەکەی شکست دێنێت و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم!!

**دوای چەند ڕۆژێک لەسەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان کە لە بەسرە دەستی پێکردو دواتر پارێزگاکانی دیکەی گرتەوە لەوانەش بەغدای پایتەخت، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران ناچار بوو چەند ڕێکارو ڕێوشوێنێک لە ئەنجومەنی وەزیراندا بگرێتەبەر**

**ڕەنگە مەترسیترین شت کە ڕووبەڕووی عەبادی ببێتەوە ئەوەیە کە ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا مایەوە بێ ئەوەی چاک ببێت، ئەوا ئاییندەی سیاسیی ئەو، دووچاری لەناوچوون دەبێتەوە، ئەویش چاک دەزانێ کە پرۆسەکە زۆر ئاڵۆزە و مینێکی زۆری لەپێشە**

**عەبادی دووپاتی کردۆتەوە کە بەرگری لە ناحەق و گەندەڵکار ناکات، بەڵام هەر بە دواوەیەوە دەبێت، دەشڵێت: گەندەڵکار ئەگەر لە حزبی خۆشم بێت، من دژی دەوەستم، ئەگەر چاکەخواز لە حزبی دوژمنیشم بێت من لەگەڵیدا دەبم**





**فالح عەبدولجەبار نووسەرو کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسیی عێراقی بۆ گوڵان:**

# شکستی حوکمڕانی و کاڵفامیی بەڕێوەبردنی سیاسی هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن

لەسەر نەخشەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەریکە کێشەو پرسەکان بە شێوەیەک ئاڵۆزدەبن کە خودی حوکمڕانەکانی وڵاتانی ناوچەکە ئاییندەی گەلەکانیان رووبەڕووی دژواریی و ناڕوونییەکی تەمومژاوی کردۆتەوە، لە کۆتاییدا خۆیان و گەلەکانیش باجەکەی دەدەنەوە، نووسەرو کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسیی عیراقی فالح عەبدولجەبار لە بەدواداچوونی ئەم بابەتە هەستیارو چارەنووسسازانە و چەند پرسێکی دیکەی پێوەندیداردا، بیروبۆچوونی تایبەتیی خۆی هەیە، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**دامەزراندنی حزبێکی ئیسلامی سیاسی بە ناوی( پارتی داد و گەشەپێدان) کە جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی پەیداکردو لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر جار براوەی یەکەم بووە، کە ئەم ئیسلامییە سیاسییە لە تورکیا بە حزبی بیزنس ناودەبرێت، چونکە بزنسمانەکان پشتیوانیی لێ دەکەن**

**عەلی عەبدوللا ساڵحە کە دیکتاتۆر بوو و پارەیەکی زۆری بەتاڵان بردو چەندین لیوای سەربازی خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە کە زیاتر لە عەشیرەت و خزمەکانین، ململانێیەکە لە نێوان دیکتاتۆرێکە کە خەڵکە سڤیلەکە نایانەوێ**

*** دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی لە هەلومەرج و لە رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتە ئاراوە، هاوکێشەکان بە چەند ئاقارێکدا گوزەر دەکەن، پێتانوایە ئەم ئاڕاستە جیاوازانەی سیاسەت لەچیدا خۆیان دەبیننەوە؟**

- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی فراوانە، نەك تەنیا عێراق و سوریا دەگرێتەوە، بەڵکو هەر لە عێراقەوە تا دەگاتە وڵاتانی کەنداو و شوێنی دیکە، کە رەوشی هەموو ئەو شوێنانە کاریگەرییان بەسەر بارودۆخی ناوچەکەوە بە گشتی هەیە، بۆیە دەبینین چەندین دەوڵەت بەهۆی شکستی سیاسەتی حوکمڕانەکانیان لەم ناوچەیە هەرەسیان هێناوە، هەندێ جاریش دەوڵەت هەرەس دێنێ، بەڵام هەندێ جار کە دەوڵەت شکست دێنێ بەتەواوی ناڕووخێ هەندێ جاریش دەڕووخێ، بۆیە دەبینین دەوڵەتانی وەك سوریا و یەمەن و لیبیاو عێراق شکستیان هێناوەو رووخاون، ئەو دەوڵەتانەی کە شکستیان هێناوە بریتین لەوانەی کە هەموو شتێکیان قۆرخ کردووە، سیاسەت و رۆشنبیری و ئابووری و تۆڕەکانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و زانست و رێکخراوو سەندیکاکان، لەبەر ئەو قۆرخکردنە لە بەڕێوەبردنی فرەیی کۆمەڵگا شکستیان هێناوە، لەبەرئەوە بزاڤی عەلمانییەت پەرەدەسێنێت و لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەم جۆرە بزاڤە بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە پاشەکشەی کردوەو ئیسلامی سیاسی شوێنی گرتۆتەوە، بۆیە دیارە لەبەر ئەم هۆکارەیە قەیران دێتە ئاراوە، بۆ نموونە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی داعش، جگە لەمەش دەبینین کە هەندێ گەل و نەتەوەی جیاجیا پشتگوێ دەخرێن و لە بواری سیاسەت و مافەکان پەراوێز دەخرێن لەوانەش گەلی کورد کە لە سوریاو تورکیاو عێراق بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو دابەشبوونەش زۆرجار شتی دیکەش دەگرێتەوە لەوانە جیاوازیی نێوان چین و توێژی سڤیل و بێ دەسەڵات و لە نێوان چینی فەرمانڕەوا، لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونی ناوچەیی وەکو باکوورو باشوور لە یەمەن، هەروەها لە لیبیا دابەشبوونی نێوان تەڕابلوس و بنغازی و لە سودانیش لە نێوان باکوورو باشوور، دابەشبوونی خێڵەکی وەك ئەوەی لە لیبیا هەیە، هەروەها دابەشبوونی تایفەگەری وەك ئەوەی لە عێراقدا هەستی پێدەکرێت، جگە لەمانەش دابەشبوونی نەتەوەیی وەك ئەوەی لە عێراق و سوریاو تورکیادا بەدێ دەکرێت، تەنانەت لەو وڵاتەی کە دیموکراسی پەیڕەو دەکات دیسان قۆرخکردنی میللەتی گەورە بۆ بچووك لە ئارادایە، هەتا ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێت هەر مافی گەلە بچووکەکە پێشێل دەکرێت، بۆیە ئەگەر دیموکراسییەت نەبوو ئەوا دەوڵەت شکست دێنێت، هەتا هەشبێت هێشتا ئەمە بەس نییە، بۆیە نموونەی ئەو تاك دەوڵەتییە ئەزموونێکی شکستخواردووە، کە ئێمە لە بەریتانیا یان فەرەنسا وەرمانگرتبێت.

*** دوای چاوەڕوانییەکی زۆر سەرەنجام تورکیا بە کردەیی هاتە ناو هاوپەیمانی دژی داعش ئایا چۆن سەیری ئەم هاتنەناوەی تورکیا دەکەیت، ئایا درەنگ نەبوو؟**

- تورکیا ماوەیەکی زۆرە لەلایەن سوپاوە حوکمڕانی دەکرێت، لەبەر ئەوەی دامەزرێنەری تورکیا سوپای عوسمانی بووە، بۆیە وا دەزانێ کە هەر ئەو دەتوانێت حوکمڕانیی بکات، کەواتە دامەزراوەی سوپا لە ئێستاشدا هەر ئەو کار بەڕێوە دەبات، یان هەر خۆی سەرپەرشتی نەتەوە دەکات، بەڵام لەگەڵ پەرەپێدانی چینە پیشەسازییە تازەکاندا سامان و دەسەڵات زیادی کرد، واتا دامەزراندنی حزبێکی ئیسلامی سیاسی بە ناوی( پارتی داد وگەشەپێدان) کە جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی پەیداکردو لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر جار براوەی یەکەم بووە، کە ئەم ئیسلامییە سیاسییە لە تورکیا بە حزبی بیزنس ناودەبرێت، چونکە بزنسمانەکان پشتیوانیی لێ دەکەن، هەروەها توانی جۆرێك لە دیموکراسی بچەسپێنێت کە رێز لە لایەنەکانی دیکە دەگرێت، بۆیە دەبینین پارتی دادو گەشەپێدان کرایەوە بەڕووی چەپ و کورددا، لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا کوردیش دەنگی هەر بەم حزبە دەدا، کە دروشمی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەڵگرتبوو، بەڵام هەر ئەوەندە کە بەهێز بوو ئیدی وازی لەم میتۆدە هێنا، بەڵام لە دوا هەڵبژاردندا ئەم حزبە زۆرینەی بەدەست نەهێنا، بۆیە بۆ داپۆشینی ئەم شکستەی شەڕی دەرەکی دەستپێکرد، بۆیە ئەو تاقم و گرووپە سیاسییە قەومچییانە کە لەناوخۆ شکست دێنن هەمیشە شەڕو تەشقەڵە دەبەنە دەرەوە، دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە حزبی دادو گەشەپێدان داعش بە مەترسی نازانێ ئەوەندەی کە کورد بە مەترسی دادەنێت، کاتێکیش دەڵێت کە دژی داعشە دەیەوێت بۆ ئەمریکا بچەسپێنێ کە ئەوان دوژمنی تیرۆریستن، کاتێك دەڵێ گوایە دژی تیرۆریستە مەبەستی داعش نییە بەڵکو مەبەستی پارتی کرێکارانی کوردستانە، ئەم حزبە لە باتی ئەوەی رووبکاتە کاری سیاسی و ئاشتی رووی کردۆتە شەڕو پێکدادان، من پێموایە کاری ئاشتی لە کاری سەربازی چاکترە، ئایا لە بەرەدا یەك دوو سەرباز بکوژیت چیت دەست کەوت! بۆیە دەبینین لەم هەڵبژاردنەی دواییدا کورد کورسییەکی باشیان بەدەست هێنا، ئەم سیاسەتەی تورکیا دوو رووی هەیە: یەکێکیان گەڕانەوەی تورکیا بۆ پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤینی، دووەمی تێوەردانی پەکەکە لە شەڕو پێکدادان لەگەڵ سوپای تورکیا، من بڕوام بەوەیە کە گەلی کورد لە تورکیا تەواوی مافەکانی بۆ دابین بکرێت لە پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو کارکردنێك تەواوە، چونکە شێوازی سیاسی و رۆشنبیری و سەربازی و کۆمەڵایەتیش هەن کە خزمەت بە رەوشەکە دەکەن، لەبەر ئەوە من پێموایە شکسترین شێواز بریتییە لە کاری سەربازی، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە نموونەی یەکدەوڵەتی سەنتراڵی سەرکەوتوو نییە، چونکە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و رۆشنبیری لەبەرچاو ناگرێت لە چوارچێوەی حکومەتە ستەمکارەکاندا دەمێنێتەوە، بەڵام لە چوارچێوەی حکومەتە دیموکراسییەکان هەر ئەمە بەس نییە، دەبێت بڕوای بە مافی مرۆڤ و بنیادنان و گۆڕانکاری هەبێت.

*** هەندێ بۆچوون هەن کە گوایە ئێران و سعودیە هۆکارن لە نانەوەی پشێوی و دابەشبوون و تایفەگەری لە ناوچەکەدا بۆنموونە سعودیە دەستی لە یەمەن وەردا لەژێر ناوی هاوپەیمانیی**

**عەرەبی بە بیانووی لێدانی حوسییەکان کە شیعەن، هەروەها ئێران لە عێراق بۆ لێدانی سوننەو پشتیوانیکردنی شیعە، چۆن ئەمە دەخوێنیتەوە؟**

- دابەشبوونی شیعەو سوننە زۆر کۆنەو بۆ ١٥ سەدە دەگەڕێتەوەو شتێکی نوێ نییە، هەوڵەکانی بە سیاسەتکردنی ئەمەش واتا کردنی بە بزاڤێکی سیاسیی تایفەگەری تەمەنی سی ساڵە بەتایبەتیش لە عێراق و لوبنان و ئێران و تا رادەیەکیش لە بەحرەین، هەروەها ١٥ ساڵیشە هەوڵی ئەوە دەدرێت کە لە یەمەن پیادە بکرێت، هۆکاری ئەمە چییە کە مرۆڤ وا بزانێت بە سیاسەتکردنی ئەم لایەنە و گۆڕینی بۆ حزبێکی تایفەگەریی سیاسیی، دەبێ لەسەر ئەمە بوەستین، کاتێك نەتەوە یان ئایینزایەك دەچەوسێنرێتەوە وهەموو مافێکیان لێ زەوت دەکرێت و ناهێڵرێت گوزارشت لەو ستەمکردنە بکرێت بە شێوەیەکی عەلمانی ئەو کات پەنا دەبرێت بۆ پێکهێنانی حزبێکی ئیسلامی، بۆیە ئەو دابەشبوون و ململانێیەی لە عێراق و سوریا هەیە زیاتر تایفییە بگرە لە یەمەن جیاوازە لە نێوان باکوورو باشوورە، چونکە حوسی شیعەی زێدی زیاتر لە ٤٠٪ی دانیشتوانی باکوور پێکدێنن، بەڵام کە هەردوو لای یەمەن یەکیان گرت رێژەکەیان کەمتر بۆوە، حوسییەکانیش ٥٪ی شیعەی زەیدی پێکدێنن، کێشەکە عەلی عەبدوڵڵا ساڵحە کە دیکتاتۆر بوو و پارەیەکی زۆری بەتاڵان بردو چەندین لیوای سەربازی خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە کە زیاتر لە عەشیرەت و خزمەکانین، ململانێیەکە لە نێوان دیکتاتۆرێکە کە خەڵکە سڤیلەکە نایانەوێ، هەروەها خەڵکی باشووریش هەست دەکەن کە بەشێکن لە باشوور، گوێم لە هەواڵێکی رادیۆی لەندەن بوو کە گوایە حوسییەکان ئامادەن چەك دابنێن، ئەگەر ئەمە روویدا کەواتە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە گۆڕانکارییەکی نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام بە شێوازی مرۆیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تەنیا لایەنە خێڵەکییەکە دەمێنێتەوە کە ئەویش دەکرێ چارەسەر بکرێ، کە ململانێیەکی تایفەگەرییە کە خۆی لە خۆیدا بە سیاسەتکردنی ناسنامەی ئایینزاییە، کە ئامانجەکانی لە فراوانکردنی سنووری دەسەڵات و رێکخستن و بەهێزکردنی سوپایە دژی لایەنی دیکە، بەڵام ئەم تایفەگەرییە تەمەنی کورتە، بۆ نموونە لە عێراق دەبینین، ئەوەی ئێستا روودەدا سەرجەم ئەو پارێزگایانەی کە خۆپیشاندان ساز دەکەن جگە لە بەغداو بەسرە کە تێکەڵن، ئەوانی دیکە هەموویان شیعەن، کەواتە ئەوانە لەو دەوڵەتە یاخی دەبن و رەخنەی لێدەگرن کە خودی شیعە بەڕێوەی دەبات، ئەمەش مانای وایە کە تایفەگەرییەکە لاوازبووە و بەرژەوەندیی خەڵکەکە لەم لایەنە گرنگترە، تەنانەت زۆربەی خۆپیشاندەران تەمەنیان لە ٢٧ ساڵی کەمترە بۆ نموونە هەندێکیان تەمەنیان ١٢ یان ١٣ ساڵە کە سەردەمی سەدامیان بەبیر نایەت و بەعسی نەبوونە، ئەمە مانای ئەوەیە کە گەلەکۆمەك و هەماهەنگیی تایفەگەری هەرەسی هێناوە، بەڵام هێشتا هەندێك هێزی تایفەگەریی هەر ماوە، بەڵام بەو شێوەیە ناتوانێت یەکلاکەرەوە بێت لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا، بە کورتی نەك هەر ئێران و سعودیە بەرپرسی ئەمەن و دەستیان تێدایە، بەڵکو حزب و بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش رۆڵیان لەمەدا هەیە.

*** ئایا پێتوایە کە ئیسڕائیل دەستی لەمەدا هەیە، بە تایبەتیش لەو بەهارە عەرەبییەی کە لەم دواییەدا رووی دا؟**

- ئیسڕائیلییەکان لەوەدا دڵخۆش و ئاسوودەن کە داعش پەرەی سەندووەو رەوشی سوریاو وڵاتانی دەوروبەریشی هەرەسی هێناوە، بەمەش هیچ هێزو وڵاتێك ناتوانێت دژایەتییان بکات، هەروەها سەرکەوتنی ئیخوان موسلمینیش لە میسر ترسی پێ گەیاندن لەوەی کە گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی میسر روویدات، ئەمریکاش هەر بەم شێوەیە لەم ئەنجامە نیگەران بوو، بۆچوونێك لە ئیسڕائیل هەیە کە پێی وایە ناتانیاهۆ بە رەگەزپەرستیی خۆی وایکردووە کە خەڵکەکە هەست بەوە بکەن کە هەر ئەو هۆکارە لە رێگەگرتن و چارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین و دواتر پەرەسەندنی بزاڤە ئیسلامییە توندڕۆکان لەوانەش داعش، بەڵام ئەگەر بڵێن ئیسڕائیل چەك بە داعش دەدات، ئەمە پێموایە راست نییە، هەر چەندە من رقم لێیەتی، بەڵام ئەمە وانییە، ئەوان سوودمەندن لەو هەرەسهێنانەی رەوشی وڵاتان و ئەو ململانێیانەی کە لەنێو خودی ئەو دەوڵەتانە هەن و سوود لە گێلیی و نەفامیی سیاسەتی دەوڵەتان دەبینن، بەمە زۆر ئاسوودەن.

*** بۆچی دەوڵەتانی عەرەبی هاوکاریی عێراق ناکەن دژ بە داعش، کەچی ئەمریکا دەست لەم دۆسیێیە وەردەدات و بە چەك و شێوازی دیکە یارمەتیی عێراق دەدات، ئایا عێراق بۆتە گۆڕەپانێکی تایبەتی ئەمریکا؟**

- من پێموایە هۆکارەکە خودی عێراقە، چونکە لەیەکەم رۆژەوە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەوە قایل نەبوو کە وڵاتانی عەرەبی دەست لەم رەوشە وەربدەن، چونکە بە بۆچوونی ئەو، ئەوانە دەوڵەتی سوننەن، هەروەها هەستەوەری و کێشەی بیروباوەڕی تایفیی هەیە، بەتایەتیش لەگەڵ دانیشتووانی موسڵ و تکریت و ئەنبار و کەرکوك و دیالەو شوێنەکانی دیکەدا، کەچی دەرگای بۆ ئێران کردەوە، بەتایبەتیش کە دەبینین قاسم سولێمانی کە فەرماندەی فەیلەقی قودسە دێتە عێراق و سەرکردایەتی هێرشەکان دەکات و بۆتە وتەبێژی بەرگریی حکومەتی عێراق، چەکی تازە بۆ حەشدی شەعبی دێنێت و ئەو هێزە تەنیا بۆ میلیشیا شیعەکان قۆرخ دەکات، تا ئەو میلیشیا شیعانە هێزو توانای سیاسیی خۆیان بۆ بگەڕێتەوە کە بە داخەوە هاوپەیمانن لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پێشوو، بۆیە هەندێك هێزی ناو ئەو حەشدە هەم بۆ لێدانی داعش بەکاردێت، هەمیش رەنگە بیانەوێت کودەتا بەسەر حەیدەر عەبادیدا بکەن و تەنانەت دەیانەویست پەلاماری زۆنی سەوز بدەن، من ناڵێم هەموویان، بەڵام بەشێکی ئەو حەشدە، بەڵکو هەندێکیان کە موقتەدا سەدر بە(میلیشیای چەقاوەسوو) ناوی بردن، بۆیە دەوڵەتانی عەرەبی دەیانەویست یارمەتی عێراق بدەن، بەڵام حکومەتی عێراق نەیویست ئەم شتە رووبدات، لەبەر ئەوە هەر ئەمریکا بە تەنیا لە گۆڕەپانەکە نییە، بەڵکو هەر وەك دەزانن ئێران و خودی قاسم سولێمانی رۆڵی سەرەکی لەم هاوکێشەیەدا دەبینن.

**ئیسرائیلییەکان لەوەدا دڵخۆش و ئاسوودەن کە داعش پەرەی سەندووەو رەوشی سوریاو وڵاتانی دەوروبەریشی هەرەسی هێناوە، بەمەش هیچ هێزو وڵاتێک ناتوانێت دژایەتییان بکات، هەروەها سەرکەوتنی ئیخوان موسلمینیش لە میسر ترسی پێ گەیاندن لەوەی کە گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی میسر روویدات**





شێخ موحسین موفتی بۆ گوڵان:

# نە پرسی نەتەوەی کورد لە ئایدیۆلۆژیەتی یەک لایەندا جێی دەبێتەوە، نە ئایینی ئیسلامیش لە ئایدیۆلۆژیەتی لایەنێکی ئیسلامیدا بچووک دەکرێتەوە

**بارودۆخی هەستیار و ئاڵۆزی کوردستان ، هەموو تاکێکی ئەم کوردستانەی خستۆتە بەردەم ئەو ئەرکەی بەوەی پێویستە بەرپرسیارانە رەفتار بکات و هەوڵەکانی بۆ خزمەتی یەکریزیی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکان بێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە، لەم چوارچێوەیەدا هەمووکات مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام خاوەنی کەسایەتی و رای تایبەتی خۆیان بوون و هەموو کات بۆ ئاشتەوایی و یەکریزیی رۆڵی خۆیان گێراوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شێخ موحسین موفتی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هەولێر کرد و بەرێزی لەبری وەڵامەکان بەم وتارە را و سەرنجی خۆی لەسەر ئەم پرسە دەربڕیووە.**

**ئەم قۆناخە قۆناخێکی سەختە و پشوو درێژی و گیانی ماندوونەناس و دڵسۆزی تەواوی دەوێت، هەربۆیە چارەسەری ئەو گرفتانە پێویستی بە خۆراگری و دڵسۆزی و لێبڕانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت رۆڵێکی ئەرێنی ببین و بارودۆخەکە هێور بکەنەوە**

### ● ئایین رێنماییە بۆ پێشەوایان و تەواوی خەڵکەکە

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان .. پێش هەموو شت لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەم کە پێغەمبەر ( د.خ) دەفەرمووێت : ((الدین النصیحة، قلنا: لمن یا رسول الله؟ قال: لله ولکتابه ولرسوله ولائمة المسلمین وعامتهم)). ئەمەش واتە ئایین بریتییە لە ئامۆژگاریی خودا و پێغەمبەر( د.خ) بۆ پێشەوایانی موسڵمان و تێکرای خەڵکەکە، ئەمە فێرمان دەکات سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بڵێین، بەراستی ئەمڕۆ رۆژگارێکی سەخت و بارودۆخێکی پڕ لە هەستیاری رووبەرووی گەل و نەتەوەکەمان بۆتەوە، هەموو کەسێك بەرپرسیارە لەم دۆخەدا ئەرکی خۆی راپەڕێنێت، ئەمڕۆ رۆژی خۆ فریودان و خۆگێلکردن و چاونوقاندن نییە، هەروەها رۆژی بیانوو هێنانەوەش نییە لەبەر ئەوەی گرفتەکان رووبەڕووی ئەو نابێتەوە ، ئیتر خۆی کەنار بگرێت و خۆی بە بەرپرسیار نەزانێت.

سەبارەت بەرپرسیاریەتی، ئاشکرایە زانا و داناو هۆشمەندی وڵاتەکەمانە ئەرکی زیاتریان لەسەر شانە، دەبێت ئەوە روون بکەنەوە کە چارەسەری کێشەکان بەتەنها بە رووپەکی پرسە گرنگەکان ناکرێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز باشووری کوردستان رووبەڕووی ئەو هەموو گرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوورییە سەختە نەبۆتەوە، وەك ئەمڕۆ پێیدا تێدەپەڕێت، ئەم قۆناخە قۆناخێکی سەختە و پشوو درێژی و گیانی ماندوونەناس و دڵسۆزی تەواوی دەوێت، هەربۆیە چارەسەری ئەو گرفتانە پێویستی بە خۆراگری و دڵسۆزی و لێبڕانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت رۆڵێکی ئەرێنی ببین و بارودۆخەکە هێور بکەنەوە، ئەمەش لە روانگەی سەرنجدان و جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

● مرۆڤی هەستیار و شارەزا هەمموو کات چاوی لە چاودێریی هەمیشەیی پەروەردگارە ، وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموویێت: ((ان ربك لبالمرصاد))، بەتایبەتی کەسانێك وەك گەیەنەر و داعیەی ئایین بانگێشە بۆ خۆی دەکات، دەبێت کاری ئەوان بۆ خوا بێت و، نابێت هەڵوێست و قسەکانیان لە هۆیەکانی راگەیاندنەوە خزمەتی دووبەرەکی و گیانی ئاڵۆزی و پیلانی دەرەکی و دڵڕەشی مرۆڤە چاوچنۆکەکان بکات، لەبەرئەوەی ئەوانە هەمیشە لە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی سەنگەری خۆڕاگری کە ئەمڕۆ کوردستان بەو سەنگەرە خۆڕاگرییەوە لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە و شانازی پێوە دەکەین. هەروەها نابێت سەرکردە و کەسانی یەکەم و بەدەسەڵاتی نێو لایەنە سیاسییەکان، هەوڵ و رەفتار و وتەیان بۆ لایەنبازی و دەسکەوتی تایبەتی و خۆسەپاندن و ئاژاوەگێڕی بێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمڕۆ فیتنە و گوشاری سیاسی و ئابڵۆقەی دەوڵەتە نەیارە هەرێمییەکان و قەیرانی دارایی و گەندەڵی دەرگای بە هەر تاکێکی ئەم گەلە بەش مەینەتە گرتووە، بۆیە لێرەدا گرنگە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین : ئایا ئەگەر ئەم بارودۆخەمان لێ تێك بچێت، لە هەمووکمان تێکناچێت؟ بۆیە دەبێت سیاسەتمەدارە گەورەکان قسە خراپەکانی ناو ناخ و هەناویان نەگەیەنن بەلایەنگر و بنکەی جەماوەری حزبەکانیان بۆ ئەوەی ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر نەکەن.

● لەم قۆناخەدا دەبێت ئەو رق و کینەیە واز لێبهێنن و شەری خۆسەپاندن و دەسەڵات نەکەن، هەتا ئەگەر حزبیشیان لە دەسەڵاتە، ئەوا بۆ چوونە نێو دەسەڵات، دەبێت رێوشوێنی سیاسیی و ئارامی خۆی بۆ بگرنە بەر، دەبێت سەرکردەی حزبەکان و سیاسەتمەدارانی کوردستان ئەو راستییە بزانن، کە میللەتی رەسەن، سەرکردەی رەسەنی خۆی دەدۆزێتەوە و لێی دووڕناکەوێتەوە، بەڵام هەرگیز بە زەبرو زەنگ و پیلانگێڕان، سەرکردەی ناوازەو هەڵکەوتوو نەدروست دەبێت نە پایەداریش دەبێت.

**دەبێت سەرکردەی حزبەکان و سیاسەتمەدارانی کوردستان ئەو راستییە بزانن، کە میللەتی رەسەن، سەرکردەی رەسەنی خۆی دەدۆزێتەوە و لێی دووڕناکەوێتەوە، بەڵام هەرگیز بە زەبرو زەنگ و پیلانگێڕان، سەرکردەی ناوازەو هەڵکەوتوو نەدروست دەبێت نە پایەداریش دەبێت**

● دەبێت راگەیاندن و نووسەر و رۆشنبیران، دروشمی بەرگری لە هەق و راستی بەرز بکەنەوە و رۆڵی گرنگی راستگۆیی فەرامۆش نەکەن، ئەوەی ئەمڕۆ جێگەی داخ و تێرامانە، چاوی هیچ کەسێك چاکەی لایەنەکەی تر نابینێت، هەمووی رەخنەگرە بەڵام ئامادە نییە تەنها لە نیەت باشیشدا خۆی چاك بکات.هەموو لە کونی دەرزییەوە هەڵە و خیانەت و گەندەڵی بەرامبەرەکەی دەبینێت ، بەڵام ئەگەر خۆی لەناو چاڵی خیانەت و دۆزەخی خۆفرۆشیدا ببینێتەوە، خۆی لێ بێدەنگ دەکات و نەباسی دەکات و نەخۆیشی رووبەڕووی رەخنە دەکاتەوە، بۆیە وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموویت: (خێرتان تیا نابێت، ئەگەر کەسێك

چاکەی کرد نەڵێت چاکەی کردووە، ئەگەر خراپەشی کردووە نەڵێت خراپەی کردووە.)ئەمەش واتە چۆنە وەك خۆی مافی خۆی پێبدەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی بە ئاستی ئەم فەرموودەیە رەفتار ناکەین، ئێستا بارودۆخەکە ئاڵۆز بووە.

**● ململانێی لایەنە سیاسیەکان بۆ دەسەڵاتە، بۆ چاکسازی نییە**

کێبڕکێی ئەمڕۆی زۆربەی لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بۆ ئەوە نییە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت چاکسازی ریشەیی بکەن، یان بۆ ئەوەیە کە خۆیان بەشداری لە دەسەڵات بکەن، خۆ ئەگەر ئەوانە بەتەواوی ئاگاداری داهات و دەسکەوتەکان بوون و قازانج و شەراکەتی تەواو بوون، ئیتر ئەوەیان لە بیردەچێتەوە، بۆچی دژ بەیەك قسەیان کردووە، یان کە خۆیان بە هێزی ئۆپۆزسیۆن نمایش دەکرد، بەڵێن و گفتی گەورەیان بە هەوادارەکانیان داوە، بەڵام کە هاتنە دەسەڵات هەموویان لەبیر خۆیان بردەوە. بەراستی زۆر حەیفە سیاسەتمەدار لەسەر توانای خۆی و پارتەکەی کاتێك ئۆپۆزسیونە بەڵێنی زۆر گەورە و چاکسازی بدات بەوەی ئەگەر چووە ناو دەسەڵات ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات، بەڵام کە چووە دەسەڵات دەستەو ئەژنۆ بەدیار بەڵێنەکانییەوە دابنیشێت، نەزانێت چۆن خۆی لە بەڵێنەکانی دوێنێی دەرباز بکات.

**● نەبوونی متمانە لە نێوان لایەنەکاندا نەیارانی کوردی دڵخۆشکردووە**

گەورەترین کێشە کە ئەمڕۆ بەفیتی نەیاران، رووبەڕووی گەلەکەمان بۆتەوە، ئەو کێشەیە کە دەیانەوێت بێ متمانەیی لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا دروست بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەس ئەوەندە دەسەڵاتی نەبێت کە ئیتر ئەو نەیارانە خۆیان لەبەرامبەریدا بەکەم بێتە بەرچاو. ئەگەر کورد راست بکات خاوەنی پرۆژەیەکی رزگاریخوازی راستەقینە بێت، دەبێ بۆ پێی ناخۆش بێت سەرۆك کۆماری عێراق کوردێك بێت و دەسەڵاتیشی هەبێت؟ دەبێت بۆ رێگری ئەوە بێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەبێت وا داوای سەرۆکێکی تەشریفاتی دەکات، ئایا بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، سەرۆکی تەشریفاتی دەتوانێت رۆڵێکی چاکسازی و یەکلایی کەرەوە بگێرێت؟ لێرەدا راشکاوانە دەڵێم ، ئەگەر سەرۆك هەیبەت و سامێکی نەبێت ، چی پێدەکرێت؟، چۆن دەتوانێت بڕیاری چارەنووسساز بدات؟ چۆن دەتوانیت لە رۆژی تەنگانەدا ئەوەندە بوێر بێت کە مەیدانی نەبەردی و رووبەڕووبوونەوە بەجێ نەهێڵێت؟ چۆن دەتوانت لەبەرامبەر دەوڵەتانی دەوروبەرو دوورو نزیکدا خاوەنی هەڵوێستێکی بوێرانە بێت؟ پێگە و پۆستی سەرۆکی وڵات تەنها دەرکردنی یاسایەك نییە و کە بە یاسایەك نابێتە سەرۆك، بەڵکو پێویستی بە ئەزموون و نەگۆڕان و نەدۆڕان و نە کڕان هەیە، پێویستی بە توواناو هێز و دەسەڵات هەیە، پێویستی بە بوێری و بەجەرگی و گیانفیدایی هەیە، سەرۆکی راستەقینە مێژوو دروست دەکات و مێژوو پیشانی دەدات و تەنگژە و رۆژە سەختەکان لە بێژەنگی دەدات و تاقیکردنەوەکانی مێژوو و بڕوانامەی پێدەبەخشێت. بۆ هەڵبژاردنی ئەم کەسایەتییەش، پێویستە دەستەیەك هەبێت راوێژیان پێبکرێت و بگەنە رایەکی پەسەند و شیاو، کە زیاتر بەدوای راستی و بەرژەوەندی تێکرای خەڵکەکەدا گەڕابن ، بۆیە قورئان دەفەرموێت: (وشاورهم في الأمر) بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستمان بە کەسێکی خاوەن بڕیار هەیە کە بڕیاری ئەو یەکلایی کەرەوە بێت. راستە ئێمە دەزگای یاسادانانمان هەیە، سەرۆکی ئەو دەزگایە راوبۆچوونەکان تاوتۆ دەکات و لەپاشان دەیانخاتە دەنگدانەوە، ئەو رایەی زۆربەی دەنگی هێنا ئەوە دەبێتە بڕیاری پەرلەمان، بەڵام وەك لە قورئاندا هاتووە و دەفەرمووێت: (فاذا عزمت فتوكل على الله). واتە کە راوێژت پێ کردن و ڕاکانیان کەوتە بەرچاوت و متمانەت لەسەر ڕایەکی دروست و شیاو پەیدا کرد، ئەو کاتە تۆش خاوەنی عەزیمەت و ئیرادەیەکی بەهێز ببەو بڕیاری یەکلایکەرەوە(پشت بەخودا بدە)، بڕیاریش کە لە پەرلەمان دەردەچێت، سەرۆکی پەرلەمان خاوەنی دەنگی یەکلاکەرەوە نییە، دەبێت پرۆژە بڕیار ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەویش بەپێی یاسا واژووی لەسەر بکات یان ئەوەتا دەسەڵاتی هەیەو رەددی دەداتەوە. باشە ئایا لە ڕووی ئەقڵەوە دەگونجێت کەسێك بتوانیت بڕیاری پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، پەرلەمانیش بتوانێت بانگی بکات و متمانەی لێ وەربگرێتەوە؛ ئایا ئەمە جۆرێك لە ناکۆکی و دڕلێکدی دروست ناکات! لە ڕووی راستی و لۆژیکیشەوە؛ پێویستە سەرچاوەی وەرگرتنی متمانەی سەرۆك جیاوازو تایبەتمەند بێت، تەنیا ئەو سەرچاوەیە بتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات و جارێکی تر متمانەی پێ نەداتەوە.

**● ئەرکی نووسەران و رۆشنبیران ئەوەیە بارودۆخەکە هێور بکەنەوە**

ئەمڕۆ تەواوی دەنگ و خاوەن هەڵوێست و خاوەن قەڵەم و وتارەکان دەبێت ئاڕاستەی بیرو هزرو دەربڕینیان بۆ هێورکردنەوە بەرن؛ نەك بەنزین بە ئاگردا بکەن و کای کۆن بە با بکەن. پێویستە ڕازی نەبن دەستێوەردانی دەرەکی ناو ماڵی کورد بەرەو دوو ئیدارەیی و دوو لەتکردن ببات، دەبێت ئیرادەو عەزیمەتی خۆڕاگری لەناو میللەتەکەماندا کەم نەکەنەوە، دەبێت سیاسەتمەداری کورد بۆ تەنها لایەن و حزبێك کار نەکات، میللەتی کورد زۆر لەوە گەورەترە کە لەناو بیرو ئایدیۆلۆژیای لایەنێکدا جێگای ببێتەوە،

**بۆ رێگری ئەوە بێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەبێت وا داوای سەرۆکێکی تەشریفاتی دەکات، ئایا بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، سەرۆکی تەشریفاتی دەتوانێت رۆڵێکی چاکسازی و یەکلایی کەرەوە بگێرێت؟ لێرەدا راشکاوانە دەڵێم، ئەگەر سەرۆک هەیبەت و سامێکی نەبێت، چی پێدەکرێت؟ چۆن دەتوانێت بڕیاری چارەنووسساز بدات؟**

**پێویستە ڕازی نەبن دەستێوەردانی دەرەکی ناو ماڵی کورد بەرەو دوو ئیدارەیی و دوو لەتکردن ببات، دەبێت ئیرادەو عەزیمەتی خۆڕاگری لەناو میللەتەکەماندا کەم نەکەنەوە، دەبێت سیاسەتمەداری کورد بۆ تەنها لایەن و حزبێك کار نەکات، میللەتی کورد زۆر لەوە گەورەترە کە لەناو بیرو ئایدیۆلۆژیای لایەنێکدا جێگای ببێتەوە**

هەروەکو چۆن ئیسلامیش زۆر لەوە گەورەترە لەناو هزرو بەرنامەو پرۆگرامی لایەنێکی شوێنکەوتووی ئیسلامدا جێگای ببێتەوە.

● **دیموکراتیەت و پرۆسەی هەڵبژاردن**

ئەوەی کە بە ناوی دیموکراتییەوە کار دەکات؛ کە دێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن، پرسە دیموکراتییەکان لێك جیادەکاتەوە، هەرچی بەدڵ بوو بانگەشەی بۆ دەکات و ئەوەی بەدڵیشی نەبوو هەندێك جار لەدژیشی رادەوەستێت. لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەڵبژاردنی پێشەواو سەرکردەی وڵات لەرێگەی دەستەبژێر و کەسایەتی شارەزا و زاناو بەئەزموونەکانەوە دەبێت، کە پێیان دەگوترێت ( ئەهلی حەل و عەقد) بەڵام لەسەر ئەوەش لاری نییە کە تێکرای خەڵکەکە دەنگ بۆ کەسێك یان چەند کەسێك بدات بدەن و هەڵی بژێرن.

بەڵام هەرگیز ئەوە راست نییە ئەندامی لایەنێکی سیاسی بەهەزار ئەملاو ئەولا و گەڕان و سووڕان و داواکردن و لەروودامان و دەنگ بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکەی، هەندێ جار بە هۆکاری حەڵاڵ و دەیان جاریش بە هۆکاری حەرام و گفت و بەڵێنی زۆر، خۆی بپاڵێوێت تا دەنگێکی زیاتر بهێنێت، جاری واهەیە کەسێکی شیاو هێندەی دەنگ نەهێناوە رووی بێت باسی بکات، کەسانێکیش هەن، کەس هەر ناویشی نەبیستووە، یان رۆڵێکی کاریگەریان نەبووە لە کۆمەڵگەدا کەچی لەسنووری خۆیان زیاتر دەنگ دەهێنن، تێکرای ئەندامانی حزبەکەشی وەك یەك بیرناکەنەوە، واتە لەیەك ئاستی رۆشنبیری و خواپەرستی و دڵسۆزیدا نین بۆ ئایین و وڵات و نیشتمان، بەڵکو هەندێ جار ئەوەندە دەبنە رکەبەری یەکتری کە خۆیان هەرگیز دانی خێر بەیەکتر دانانێن، یان نەبوونە جێگای متمانەی خەڵکی، ئیتر چۆن دروستە ئەوانە بکرێنە مەجلیسی حەل و عەقد و گرێ کوێرەکانیان پێ بکرێتەوە. لەم قسانە مەبەستم لە کەمکردنەوەی کەسایەتیی هیچ ئەندام پەرلەمانێك نییە، بەڵکو مەبەستم جیاوازی پێوەرەکان و هۆکاری هاتنە پێشەوەیانە، کە لێکدانەوەو دەنگدانیان مۆرکی لایەنبازی و بەرژەوەندی تایبەتی و ئیقلیمی پێوەیە، بەدڵنیاییەوە وەك تاك تاك کەسانی زۆر بەدەگمەن و هاوهەڵوێستیان تیادەبێت، بەڵام لەناو بارودۆخێکی ئاوا ئاڵۆز و هەستیاردا دەبنە کۆیلەی فراکسیۆن و لایەن و پرۆپاگەندەی خەڵکی، بۆیە ئەگەر سەیری کۆبوونەوەکەی رۆژی ١٩ی ئابی رابردوو بکەین ، ئەگەر دڵی ئەو ١١١ پەرلەمانتارە بخوێنینەوە، کە ویستیان کۆبوونەوە سازبدەن ، بەڵام ٥٨ ئەندام بایکۆتیان کرد و ٥٣ ئەندام ئامادەبوون، هەرگیز ناگونجی کەسانێ لەملا یان ئەولا بە دڵ یان بە بیرو مەزندە لەگەڵ لایەنەکەی تر نەبووبێت، بەڵام چونکە هەیمەنەی لایەنبازی زاڵ دەبێت بەسەریاندا ، دەبنە رکەبەری یەکتری، وایان لێدێت ئەگەر بەزەقیش بۆی دەربکەوێت دۆست و هاورازەکانی خۆی خەریکی خراپە و فیتنە نانەوەن ئەو هەر بەرگریان لێدەکات و بەشان و باڵیدا هەڵدەدات، بەڵام ئەگەر بەرامبەرەکەشی چاکەش بکات ئەو هەر دانی خێری پێدا نانێت، مەبەستی منیش ئەمەیە کە ئەم جۆرە کەسانە لەگەڵ رێزم بۆ ئێستا و رابردوویان، لەروانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە ناکرێت بکرێنە حەکەم و دادوەر و کەسانی یەکەم، یان ناشێن بۆ ئەوەی لەسەر متمانەی ئەو جۆرە خەڵکە کەسی سەرەکی بۆ سەرکردەی وڵات دابنرێت یان متمانەی لێبسەنرێتەوە، چونکە دنیاکەش بووەتە سیاسەت و مونافەسەی حیزبایەتی، سەیر کە لە هەموو ئەم بواری هەڵبژاردن و راکۆکردنەوەدا هاوپەیمانێتی حزبە ئیسلامییەکانیش بەهەمان شێوە مۆرکی دنیاویستی و رکابەرایەتی و خۆدەرخستنی پێوەیە، جاری وا هەیە لەگەڵ ئەوپەڕی چەپدا دەستی لەناو دەستە ئەوەشی کە زیاتر لێی نزیکە لەوانەیە سەنگەری قسەو رووبەڕووبوونەوە لەیەك بگرن.

● **تورکیا و هەڵبژاردن و لێکترازان**

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا، لەنێوان پارتی داد و گەشە پێدان و گروپی فەتحوڵا گولەن دوژمنایەتییەکە زیاتر رەنگی دایەوەو بوو بەهۆی لێکترازانی هێزی دەسەڵاتدار، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکترازانەی لەنێوان ئەردۆگان وفەتحوڵا گولەن روویدا، ئاکامی ئەم لێکترازانە وەك لە هەفتەی رابردوو بینیمان، ئەوەبوو پارتی داد و گەشەپێدان رازی بوون دەنگەکانیان بچێت بۆ تاقمی ئەتاتورك و نەژادپەرستەکان، کە دەیان ساڵە رکابەری راستەقینەی ئیسلام و میللەتە ئازادیخوازەکانن، بەڵام ئامادە نەبوون لەگەڵ نزیکەکانی خۆیاندا یەك بگرن، ئەردۆگانیش لە سەرەتاوە کە دژ بە وان جووڵایەوە کەچی دوای هەڵبژاردن تاقمی جەهەپەو رکابەرە سەرسەختەکانیش پێی رازی نەبوون حکومەتیان لەگەڵ دروست بکەن، کەواتە دەبێت هەندێك بنەمای سەرەکی بکەینە پێوەرو سەرۆکی وڵاتی پێ هەڵبژێرن:

١. دەبێت دەنگ بەو کەسانە بدرێت کە زیاتر مەرجەکانی سەرۆکیان تێدایە،ئەمیش مۆرکی هیچ تاکێك نییەو لەسەر هیچ کەسێکیش تاپۆ نییە، بەڵام نابێت بۆ کەسێکی خراپ یان بێ ئەزموون دەنگی خۆت بەفیڕۆ بدەیت.

٢. دەبێت ئەو کەسە راستگۆ بێت و خیانەتی لەکورد نەکردبێت و نەیکات، ئەگینا هەرگیز دروست نییە تۆ رای خۆت بە یەکێك بدەیت دژی ئیسلام بێت یان بەرنامەی سەپێنراویی نەیارانی ئیسلام پیادە بکات.

**دەبێت دەنگ بەو کەسانە بدرێت کە زیاتر مەرجەکانی سەرۆکیان تێدایە،ئەمیش مۆرکی هیچ تاکێك نییەو لەسەر هیچ کەسێکیش تاپۆ نییە، بەڵام نابێت بۆ کەسێکی خراپ یان بێ ئەزموون دەنگی خۆت بەفیڕۆ بدەیت**

**سەیرم لێ دێت دیموکراتیخوازەکان لە هەموو کارو فرمانێکدا باسی گەڕانەوە بۆ رای میللەت و جەماوەر دەکەن، بەڵام لەم پرسە گرنگەدا باسی تەقدیسی دەزگایەکی تایبەت دەکەن، ئەی نازانن جاری وا هەیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و رای زلهێزەکان لەماوەی چەند رۆژێکدا دەتوانن رای خۆیان بەسەر حزبەکانی خاوەن ئەندام پەرلەمانەکاندا بسەپێنن و ئیرادەکەیان پووچەڵ بکەنەوە**



٣. دەبێت لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە خاوەن کەسایەتییەکی وا بێت کە سەری وڵاتەکەت بەرز بکاتەوەو بتوانێت خاوەن بڕیار بێت، ئەگەر نا کەسێکی لاوازە لە ڕووی ئایینی یا کەسایەتی و نەتەوەییەوە. بە دوو پەیماننامەی دەرەکی و ئیقلیمی ڕەنگە خێرات و سامانی وڵاتەکە هەمووی بفرۆشێت و میللەتەکەشمان گورگان خواردوو بکات.

٤. دەبێت لەئاستی ڕەوشتبەرزی و دیبلۆماتکاریدا لێهاتوو و پێشکەوتوو بێت.

٥. دەبێت پشت بەخودای گەورە ببەستێت، چونکە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانە، هەروەها نوێنەری لە ٩٥٪ی موسڵمانانی گەلەکەیەتی، نابێت ئەم لایەنە فەرامۆش بکات بەڵکو ئەوەندەی دڵسۆزو گوێڕایەڵ و پەروەردەکراوی هەبێت تا یارمەتی بدەن و هۆکاری سەرخستن و پشتگیری کردن بن.

کەواتە سەیرم لێ دێت دیموکراتیخوازەکان لە هەموو کارو فرمانێکدا باسی گەڕانەوە بۆ ڕای میللەت و جەماوەر دەکەن، بەڵام لەم پرسە گرنگەدا باسی تەقدیسی دەزگایەکی تایبەت دەکەن، ئەی نازانن جاری وا هەیە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ڕای زلهێزەکان لەماوەی چەند ڕۆژێکدا دەتوانن ڕای خۆیان بەسەر حزبەکانی خاوەن ئەندام پەرلەمانەکاندا بسەپێنن و ئیرادەکەیان پووچەڵ بکەنەوە، بەڵام بەو ئاسانییە ناتوانن ڕای خۆیان فەرز بکەن بەسەر تێکڕای دەنگدەرانی گەلێك داو فریویان بدەن.. بۆیە لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە ئەگەر(ئەهلی حەل و عەقد)مان دەست نەکەوت، دەبێ پەنا بۆ ڕای تێکڕای میللەت بەرین، ئەمەش بۆ هەموو پرسە چارەنووسسازەکان. بۆ دەستوری وڵات، بۆ گۆڕینی سیستمی حکومڕانی، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات، ئەو کاتە چاکە کە بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە و ئەگەر خراپیشیان هەڵبژارد ئۆباڵەکەی بە ئەستۆی هەموو گەل دەبێت، یان زۆربەیان.

لە دوماهیدا دواکارم خودا یار و هاوکارمان بێت گەلی کوردستانیش لەم تەنگژە سیاسی و قەیرانە تایبەتییە ڕزگاری بێت، ماوەی چەندین مانگە ئەم هەموو قسە و پڕۆپاگەندەیە و جنێودان و یەکتری ناشیرین کردنە هیچ بەرهەمێکی نەبووە، جگە لە یەکترازان و دووبەرەکی ، ناچاربووین جارێکی دیکە ئەو گرێیەی بەدەستی خۆمان دەکرایەوە بەدەمی خەڵك بیکەینەوە. ئومێد دەکەم سەرکردەی لایەنە سەرەکییەکانی وڵات دڵسۆزانە بەگشتی لە ئاستی بەرپرسیاریدا بن، هەنگاوەکان بەرەو خزمەتگوزاری میللەت بنێن، چاوەکان لەسەر کەموکورتییەکان دابنێن، قەڵەمەکان دژ بەگەندەڵکاران بن، لەهەر تاقم و لایەك بن، هەستەکان بەرەو دڵسۆزی و یەکڕیزی و سەقامگیربوونی ئاشتی بێت، هەوڵ و توانا و لێبڕان و هەموو ڕێگەکانیش بۆیەك ئاڕاستەی سەرەکی بێت بۆ بەهێزکردنی پێشمەرگە و زیاتر خزمەتکردنیان و چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی و پتەو کردنی ژێرخانی ئابووری و بەپەلە هەوڵدان بۆ ریفراندۆمێکی سەرتاسەری بۆ سەربەخۆیی کوردستان.